

# کێشەکانی عێراق پێش ئەوەی ئەمنی بن سیاسین

## بەبێ بوونی ئەمەریکا زەحمەتە لەسەر کێشە سیاسییەکان رێک بکەون


سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٦١)
٢٠٠٩/١٢/٢١



دەستووری عێراق
ئەو نەخشەی
ڕێگایەیە کە
میکانیزمی
چارەسەرکردنی
کێشەکانی
دیاریکردووە

عەرەبی عێراق
لەو کاتەی
لەبەرژەوەندی
بێت، پەنا بۆ
دەستوور دەبات
و کورد بەوە
تاوانبار دەکات
دەسەڵاتەکانی
خۆی نازانێت
چەندە، لەو
کاتەشی کە
جێبەجێکردنی
دەستوور لە
بەرژەوەندییان
نییە دەکەونە
پاکانەی ئەوەی
دەبێت دەستوور
هەموار بکرێت

ئاڵۆزی و ئاستەنگەکانی بەردەم کێشە سیاسییەکانی عێراق بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە میکانیزمێك یان نەخشەیەکی ڕێگا نییە بۆ ئەوەی عێراقییەکان لەسەری بگەنە ڕێکەوتنێك، یان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، بەپێچەوانەوە دەستووری عێراق ئەو نەخشەی ڕێگایەیە کە میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیاریکردووە، بەڵام پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق وەك بە هەڵەداچوونی ئەو فرۆکەوانەیە کە نەخشەی ڕۆیشتنی لەبەردەمدایە سەیری ناکات و بەمەزاجی خۆی فرۆکەکە ئاراستە دەکات، ئەمەش وادەکات کە هەم خۆی بخاتە مەترسییەوە و هەم سەرنشینانی فرۆکەکەش، ئێستا لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراقیش کە لەسەر کێشە سیاسییەکانی عێراق بەگشتی و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان وتووێژ دەکەن، سەیری ئەوە ناکەن بزانن دەستووری عێراق چۆن ڕێگەی دیاریکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و چۆن لانی کەمی مافی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقییەکانی پاراستووە، پشتگوێ خستنی ئەم دەستوورە و وتووێژکردن لەسەر هەندێك مەسەلە کە ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی دەستوورەکە جێبەجێ دەکات، بەهەمان شێوەی فرۆکەوانەکە کە نەخشەی ڕێگەی خۆی پشتگوێ دەخات، هەم ئایندەی پرۆسەی سیاسیی عێراقی خستۆتە مەترسییەوە هەمیش دیموکراتی و یەکپارچەیی عێراق. ئەمە ئەو خاڵە ترسناکەیە کە عەرەبی عێراق لەو کاتەی لەبەرژەوەندی بێت، پەنا بۆ دەستوور دەبات و کورد بەوە تاوانبار دەکات دەسەڵاتەکانی خۆی نازانێت چەندە، لەو کاتەشی کە جێبەجێکردنی دەستوور لە بەرژەوەندیانە نییە، دەکەونە پاکانەی ئەوەی دەبێت دەستوور هەموار بکرێت، بۆ هەموار کردنی دەستووریش باسی ئەو خاڵانە ناکەن کە پێویستە بۆ خودی عەرەبی شیعە یان عەرەبی سونە خراپە و پێویستە هەموار بکرێت و دەپەڕنەوە دێنە سەر ئەوەی چۆن دەستوور بەشێوەیەك هەموار بکەن کە ئەو مافانەی گەلی کوردستان کە لە دەستوورەکەدا چەسپیون کەمی بکەنەوە، ئەمە ئەو حاڵەتی خۆ بێ ئاگاکردنن و خۆدزینەوەیەیە کە کورد بە درێژایی مێژوو لێی ترساوە هەموو کات قوربانی لە پێناوی ئەوەدا داوە کە کێشەکان تێکەڵاو نەکرێن و خۆیان لە چارەسەری ڕاستەقینە نەدزنەوە، هەربۆنموونە هەموو بیانووی ناحەزانی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەوە بووە، کورد بۆیە بە تایبەتی داوای گەڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان دەکات لەبەر ئەوەی کەرکوك سەرچاوەی نەوتی لێیە و کە ئەم سەرچاوەیەش کەوتە بەردەستی کورد، ئەوا کورد بەو ئاراستەیە سوودی لێوەردەگرێت دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنێت، ئەمە لەگەڵ وەك بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لەچەندین بۆنەی جیاوازدا ڕایگەیاندووە، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئومێد و خۆزگەی هەر کوردێکە و دەستبەرداری ئەو ئومێد وخۆزگەیەی خۆمان نابین، بەڵام بۆ ئەوەی ناحەزان ئەو بیانووشیان نەمێنی و بەوە تاوانبارمان نەکەن کەرکوك وەك خاك بەگرنگ نازانین بەڵکو مەبەستمان داهاتی نەوتی کەرکوکە، ئەوا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان زۆر زیرەکانە نەك هەر داهاتی نەوتی کەرکوك بەڵکو داهاتی نەوتی پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش بەبەشێك لە داهاتی هەموو عێراقییەکان دەزانێت،بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە هەندێك لایەنی سیاسیی عەرەبی عێراق ئەم حاڵەتی کۆمپرۆمایزەی کورد لە پێناوی پێکهاتنەوەی سیاسیی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندا پیادەی دەکات، وا تێدەگەن ئەمە لەژێر گوشاری ئەو لایەنانەیە کە نکۆڵی لەمافەکانی گەلی کوردستان دەکەن و ئەگەر بەردەوام بن و زیاتر پێدابگرن ئەوا کورد ناچار دەکەن دەستبەرداری هەموو مافەکانی خۆیان ببن، یان بەجۆرێك دەستوور هەموار بکرێتەوە کە مافەکانمان پێشێلبکات، ئەمە خاڵێکی گرنگە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێویستە بە گرنگیش هەڵوەستەی



**ئەوەی لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەی نێوان سەرۆک بارزانی و سەرۆک ئۆباما گووتراوە و ئەوەشی داواکراوە کە لە بەیاننامەکەی کۆشکی سپی ئاماژەی پێبکرێت تەنها پشتگیری ئەمەریکا بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق چەسپاندی ئەم مافانەش دەبنە زامن بۆ گەرەنتی سەلامەتی کوردستان**

**مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکان بەپێی ڕاستییە مێژووی و جوگرافییەکان بەشێکن لە خاکە کوردستان و هیچ بستێکی نەگەرمە و نەساردە و هەموویان وەک یەک گرنگن**

لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی هەوڵ و ئامانجی هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بگرێتەوە.

## بۆچی پشتگیری ئیدارەی ئەمەریکی بۆ جێبەجێکردنی دەستوور گرنگە؟

دوای پەیوەندییە تەلەفونییەکەی سەرۆك ئۆباما لەگەڵ سەرۆك بارزانی و جەختکردنی سەرۆك بارزانی کە دەبێت کۆشکی سپی بە فەرمی پابەندبوونی خۆی بۆ پشتگیریکردن لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بە ماددەی ١٤٠ ەوە رابگەیەنێت، کە ئەمە یەکەمین جاربوو لە مێژووی سیاسی کوردستاندا پشتگیرییەکی لەو جۆرەی دەست بکەوێت و، کە خۆشی لە خۆیدا دەسکەوتێکی گەورە بۆ ئێستا و ئاییندەی کوردستان، کاردانەوەکان لەسەر ئاستی رای گشتی عێراق و رای گشتی کوردستان جیاوازییەکی گەورەیان لە نێواندا بوو بەمجۆرە:

١- لەسەر ئاستی رای گشتی عەرەبی عێراق ئەم پشتگیرییەی کۆشکی سپی بە نووسراو بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ئەمە دەستێوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراق، سەیر لێرەدا ئەوەیە لایەنێك وەك شاهید لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بوونی هەبێت، هەندێك لایەنی سیاسیی عەرەبی عێراق بە دەستێوەردانی بزانێت، ئەمە ئەو داوایە کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان بە ناوی سەروەری دەوڵەت گەلەکەی خۆیانیان پێ کۆمەڵکوژ دەکرد، هەروەك سەدام حوسێن بەوجۆرە کوردی کۆمەڵ کوژ کرد.

٢- لەسەر ئاستی رای گشتی کوردستانیش هەندێك دەنگ گوێ بیست دەبین کە بەشێوازێکی مەبەست ئامێز و بۆ بەرژەوەندی تەسکی چەند گروپ و تاقمێك ئەم دەسکەوتە گەورەیە بەو جۆرە پیشانی رای گشتی دەدەن، وەك ئەوەی وازمان لە هەموو هەوڵەکانی خۆمان و ئەو هەموو شەرەی لەسەر دەستووری عێراق کردمان پشتگوێ خرابێت و چاوەڕێی ئەوەبین ئەمەریکا مافەکانمان بۆ دابین بکات، بەراستی ئەمەشیان خۆڵ لە چاوکردنێکی سەیرە، لەبەر ئەوەی ئەوەی لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەی نێوان سەرۆك بارزانی و سەرۆك ئۆباما گوتراوە و ئەوەشی داواکراوە کە لە بەیاننامەکەی کۆشکی سپی ئاماژەی پێبکرێت تەنها پشتگیری ئەمەریکا بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق کە چەند خاڵێکی گرنگ تایبەت بە مافەکانی گەلی کوردستان دەگرێتەوە و لە ناو دەستووری عێراقدا دیاریکراو چەسپاندی ئەم مافانەش دەبنە زامن بۆ گەرەنتی سەلامەتی کوردستان، خاڵە گرنگەکانیش بریتین لە:

أ- جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠

بێگومان جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کە لەساڵی ٢٠٠٥ لە دەستووری عێراقدا هاتووە، هەمان داواکاری شۆرشی ئەیلولی مەزنە کە لە رێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە نێوان سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول و حکومەتی بەعس مۆرکراوە و پاشان بەعس لێی پەشێمان بووە و رێککەوتنەکەی لەساڵی ١٩٧٤کرد بە بەیانی ١١ئادار و کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی ئێستای لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان دابڕی و هەمووشمان ئاکامی گۆڕینی رێککەوتنامەی١١ی ئادارمان بۆ بەیانی ١١ئادار بینی، کە چۆن دووبارە شەڕدەستی پێکردەوە و پشانیش هەموو جیهان گوشاری خستە سەر جەنابی بارزانی نەمر کە بێجگە لە دوو رێگە رێگەی سێیەمت لەبەردەمدا نییە، یان وازهێنان لەو ناوچانەی ئەمڕۆ پێیان دەگوترێت ناوچە جێناکۆکەکان یان دەبێت شۆڕشەکە بکەیت بەقوربانی، جەنابی بارزانی نەمر رێگەی دووەمی هەڵبژارد و شۆرشەکەی کرد بە قوربانی ئەو ناوچانەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن جێناکۆك، ئەمە بەکورتی واتە ناوەرۆکی ماددەی ١٤٠ کێشەیەکی کۆنی دەوڵەتی عێراقە، چارەنووسی دەوڵەتی عێراق دیاریدەکات، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ عێراق دەکاتە عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی و پشتگوێ خستن و خۆدزینەوەش لێی عێراق دەگێڕیتەوە بۆ ناو ئەو بازنە خوێناوییەی کە هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە تیایدا بووە هەتا ساڵی ٢٠٠٣.

ئەوەی گرنگە ئیدارەی بوشی پێشان و ئیدارەی ئێستای ئۆباماش، زۆر



**پێیان وایە کورد تەنها ٤ ساڵە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هەوڵدەدات، بۆیان راستدەکەینەوە و پێیان دەڵێین چوار ساڵ نییە چل ساڵە و چل ساڵی دیکەشی بەسەردا تێپەڕێت یەک پیت لەو ماددەیە ناگۆڕێت کە بەندەکانی رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ یە**

**مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت مەسەلەی کەرکوک ناوچە جێناکۆکەکان هێڵی سورن و هیچ نەرمییەکی لەسەر نانوێنرێت ئەمە بۆتە ویژدانی گەلی کوردستان هیچ کەسێک ناتوانێت بیبەزێنێت**

هەولێانــدا بەدیلیك لەبــری مادەی ١٤٠ بۆ چارەســەرکردنی کێشــەی ئەو ناوچە جێناکۆکانــە بدۆزێتــەوە، تەنانەت نەتەوە یەکگرتوەکانیشیان هێنایە ناو ئەم مەسەلەیە و چەندیــن شــیوازی جۆراوجۆریان گرتە بەر و کێشــەکانیان بەپێی کێشــە گەرم و ســاردەکان پۆلێن کرد، بەڵام سەرکردایەتی کوردستان راشکاوانە ئەوەی پێ راگەیاندن مەســەلەی ناوچە جێناکۆکــەکان بەپێی راستییە مێژووی و جوگرافییەکان بەشێکن لــە خاکە کوردســتان و هیچ بســتێکی نەگەرمە و نەســاردە و هەموویان وەك یەك گرنگن، بۆیە ئەگەر ئێوە ماددەی ١٤٠ لە چوارچێوەی تەنها کەرکوك بچووکدەکەنەوە، ئەوا مادەی ١٤٠ تەنها بۆ کێشەی کەرکوك گرنگییە، راســتە کەرکوك گرنگە، بەڵام گرنگی خانەقین و سنجار لە کەرکوك کەمتر نییە.

لەساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ گەورەترین هــەوڵ و داواکاری شۆرشــی کوردســتان لە پێناوی ئەوەبوو، لایەنی سێیەم بێتە ناو کێشەکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شــەڕی نێوان شۆرشی کوردستان وحکومەتی عێراق دەستپێنەکاتەوە و کێشەکان بە ڕێگە چارەی سیاسیی و ئاشــتیانە کۆتایی پێبێت، بــەڵام لەو ســەردەمە واتــە ١٩٧٠-١٩٧٤ کــە ســەردەمی بەهــاری سیاسەتی کیســنجەر بوو، لەبــری ئەوەی لایەنی ســێیەم بۆ ئەم کێشــە ئاڵۆزە بدۆزێتەوە لایەنی ســێیەمی بۆ پێکهاتنەوەی عێراق و ئێران دۆزیەوە لەسەر حسابی شۆرشی کوردستان و مافەکانی گەلی کوردستان، لە جەزائیر شای ئێران و سەدامیان ئاشتکردەوە و لەسەر ئــەوە پێکهاتن عێراق تەنــازول لە نیوەی شەتولعەرەب بکات بۆ ئێران.

ئــەوەی لەمێژووە بۆ ئێســتای ئێمە بۆتە ئەزمــوون و دەبێت ســوودی لێوەربگرین ئەوەیە، کە کیســنجەر وای دانابوو دوای ئەم پیلانە نێودەوڵەتییە کورد دەستبەرداری مافەکانــی دەبێت و تەنازول دەکات، بەڵام نەك هەر تەنازولی نەکرد، بەڵکو بارزانی



نەمر بە قوربانیدانی بە شۆڕشی ئەیلولی مەزن، هێڵێکی سوری دروستکرد، کە ١٠٠ ساڵی دیکەش هیچ سەرکردەیەکی کورد ناتوانێت ئەو هێڵە سورە ببەزێنێت.

لێرەدا جێگە خۆیەتی ئاماژەیەکی خێرا بە شاندی دانوستاندی نێوان شۆڕشی کوردستان و رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٧٠ بکەین،دەبێن ئەو نەوەیەی کە لەساڵی ١٩٧٠ بەشداری وتووێژەکان بوون بەشی زۆریان شەهید بوون یان کۆچی دواییان کردووە و نەوەیەکی تازە جێگەی گرتونەوە و لەسەر هەمان بەرنامە دانوستاندن و شەڕی دبلۆماتیی دەکات و ئەگەر پێویستیش بکات وەك چۆن لە کاتی سوێندخواردنی کابینەی پێنجەم بەڕێز مسعود بارزانی زۆر راشکاوانە بە هەموو جیهانی راگەیاند،ئەمە مەسەلەیەکی مەبدەئیە و هێڵی سورە و قبوڵ ناکرێت و هەرچییەکیش دەبێت با ببێت.

هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پابەند بوونە بەو لۆژیکەی بارزانی نەمر کە هێڵێکی سوری بۆ داناوە کە دەرچوون لەو هێڵە سورە میللەت بە خیانەتی نیشتمانی لە قەڵەمی دەدات، ئەمە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، هەتا بڵێن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پتەوکردنی پارتی ئەم قسانە دەکات، نەخێر ئەمە هەڵوێست و رێنمایی باوکی روحی نەتەوەی کورد بارزانی نەمرە، بۆیە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان چۆن ئەرکە پێوەی پابەند بێت بۆ سەرکۆماری عێراقیش جەنابی مام جەلال ئەرکە پێوەی پابەند بێت، بۆ پارتی چۆن ئەرکە پێوەی پابەند بێت، بۆ یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووش ئەرکێکی نیشتمانییە پێوەی پابەند بن، کە دەشڵێن پێوەی پابەندین، مەبەست ئەوەنییە ئەگەر پێوەی پابەند نەبن دەسەڵاتێك هەیە دەیانگرێت و دەیانخاتە بەندیخانەوە، نەخێر رێنماییەکانی بارزانی نەمر بۆتە ویژدانی زیندووی گەلی کوردستان و ئەوەی پێوەی پابەند نەبێت لەناو گەلی کوردستان جێگەی نابێتەوە،ئەوجا بۆ ئەوانەشی لەم سەردەمە و بۆ بانگێشەی هەڵبژاردن و کۆکۆدنەوەی چەند دەنگێك موزایەدەی سیاسیی بێ بناخە دەکەن، پێیان دەڵێین بنەمای ماددەی ٥٨ی یاسای کاتی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی ئینتیقالی بەندەکانی رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ یە، ئەویش بنەمای مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقە، بۆیە ئەوانە پێیان وایە کورد تەنها ٤ ساڵە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هەوڵدەدات، بۆیان راستدەکەینەوە و پێیان دەڵێین چوار ساڵ نییە چل ساڵە و چل ساڵی دیکەشی بەسەردا تێپەڕێت یەك پیت لەو ماددەیە ناگۆڕێت کە بەندەکانی رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ یە، ئەوەشی کە لەماوەی ٤٠ ساڵی رابردوو بەسەر کورد هاتووە هەر بۆ جێبەجێکردنی ئەوبەندانەیە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن مادەی ١٤٠ و ئەگەر کارگەیشتە ئەوەی لە نێوان جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و سازشکردندا یەکێکیان هەڵبژێرین ئەوا هەر یەکەمیان هەڵدەبژێرین و هەموومان ئەمجارەش لە پشت بارزانییەوە رادەوەستین و چی دەبێت با ببێت،ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی هێندە سادە و ساکار نییە بە هەرزکاری سیاسییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و قسەی بەرز ونزمی لەسەر بکرێت، بەڵکو ئەمە راسپاردەی باوکی نەتەوەیەو دەبێت بە ئاشکراو بێ پەردەش وەك راسپاردەی باوکی نەتەوە هەر نەوەیەك بیگەیێنێتە نەوەی دوای خۆی،بەڵام ئەوەی لەم باردۆخەی ئێستادا جێگە دڵخۆشییە و هەست دەکەین کێشە و چارەنووسی نەتەوەکەمان لەدەستێکی ئەمیندایە، ئەوەیە خەریکە (ئاژانسەکانی هەواڵ، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، کۆروکۆبوونەوە فیکرییەکانی سەرانسەری جیهان لەسەر کێشەی عێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا، ئەمەریکا، دەوڵەتانی دراوسێ) لەو راستیە تێدەگەن، کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت مەسەلەی کەرکوك ناوچە جێناکۆکەکان هێڵی سورن و هیچ نەرمییەکی لەسەر نانوێنرێت،ئەمە تەنها قسە یان هەڵوێستێکی سەرۆکی کوردستان نییە، ئەمە بۆتە ویژدانی گەلی کوردستان هیچ کەسێك ناتوانێت بیبەزێنێت، بۆیە دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە پێش گەلی کوردستان بۆ گەلانی عێراق کە ئەمەریکا پشتگیری خۆی بۆجێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەربڕیت و سەردەمی خوێن رشتن و ماڵکاولی بۆ هەتا هەتایە لە عێراقدا کۆتایی پێبهێنرێت.

ب- چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر

ئەم خاڵەیان کە دوای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، دوو لایەنی گرنگی ژیان لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە ئەوانیش بریتین لە:

* هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەپێی دەستووری گاردی پاراستنی کوردستانە دەبێت وەك بەشێك لە سوپای عێراق حسابی بۆ بکرێت و لەسەر بودجەی حکومەتی فیدرالی بەغدا، کە هێزەکانی بەرگری لە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدرالین بودجەی گاردی کوردستان سەرفبکرێت، هەروەها پێویستە ئەو پێشکەوتنانەی لەئاستی سوپای عێراق روودەن لە رووی لۆجیستی و پەرەپێدانی توانای هونەری سەربازی دەبێت بە هەمان ئاست و بەقەوارەی خۆی لەناو گاردی کوردستانیشدا بکرێن، ئەمە زامنی سەلامەتی هەرێمی کوردستان دەکات، لەوەی حکومەتی فیدرالی بەغدا نەتوانێت بە بیانووی جۆر جۆر سوپای عێراق بۆ سەرکوتکردنی گەلی کوردستان بەکاربهێنێت، ئەم مافە بۆ گۆڕینی هێزی پێشمەرگە بۆ گاردی کوردستان لە دەستووری عێراقدا هاتووە، بەڵام بەبێ پشتگیری ئەمەریکا بۆجێبەجێکردنی ئەو دەستوورە ئەو مافە وەك خۆی دەست گەلی کوردستان ناکەوێتەوە.

* چارەسەرکردنی کێشەی دابەشکردنی داهات و تێپەڕاندنی یاسای نەوت وگازی عێراق، ئەگەر لەمەشدا سەرنج بدەین دەبینین،ئەم کێشەیەش لە دەستووری عێراقدا رێگە چارەی بۆ دانراوە، بەڵام هەموو لایەك کێشەکانی حوسێن شەهرستانیمان بینی کە بۆ کۆنتراکتەکانی نەوت و گازی کوردستان دروستی دەکردن،ئێستا هەر حوسێن شەهرستانییە پەنا بۆ هەرێمی کوردستان دەهێنێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە رانەگرێت.

ج- ئەنجامدانی ئامار لە ساڵی ٢٠١٠، ئەم خاڵە لەگەڵ ئەوەی نەك خەڵکی سادە بەڵکو هەندێك رۆشنبیریش زۆر بەسادەیی لە ئەنجامدانی ئامار بۆ وڵاتێکی وەك عێراق دەڕوانن، لە کاتێکدا لەساڵی ١٩٥٧ ەوە ئامارێکی دروست لە عێراقدا ئەنجامنەدراوە و ئەم خاڵە بەکلیلی زۆربەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق وەك( ریفراندۆم لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان، بەشە داهاتی کوردستان لە داهاتی گشتی عێراق، ..هتد) بۆیە لێرەدا تەنها ئاماژەمان پێکردووە، هەر لەم ژمارەیەی گوڵاندا راپۆرتێکی تایبەتمان لەسەر گرنگی ئامار بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق ئامادەکردووە.

**پێویستە ئەو پێشکەوتنانەی لەئاستی سوپای عێراق روودەن لە رووی لۆجیستی و پەرەپێدانی توانای هونەری سەربازی دەبێت بە هەمان ئاست و بەقەوارەی خۆی لەناو گاردی کوردستانیشدا بکرێن**

**حوسێن شەهرستانیی پەنا بۆ هەرێمی کوردستان دەهێنێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە رانەگرێت**

## باكەر سپرینگ بۆ گوڵان:

# ئەمریكییەكان بڕیار نادەن، بەڵام پابەندبوونی ئەمەریكا بە ڕەخسانی هەلومەرجی پێویست بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی، نەگۆڕە

**پرۆفیسۆر باكەر سپرینگ یەكێكە لە گەورە توێژەرانی سیاسیەتی بەرگری نیشتمانی و سیاسیەتی ئەمریكا لە ئامۆژگای بەناوبانگی هێرتاج فاوندەیشن و بۆ قسەكردن لەسەر رەوشی ساسیی عێراق و پشتگیری ئیدارەی ئەمریكا بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا پرۆفیسۆر سپرینگ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** هەموو پێشهاتەكان ئاماژەن بۆ ناسەقامگیری عێراق، ئەویش بەهۆی بوونی قەیرانێكی سیاسی كە عێراقییەكان ناتوانن تەنانەت لەسەر بڕیارە سیاسیەكان بگەنە ڕێككەوتن، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەم قەیرانە سیاسییە عێراق بەرەو كوێ دەبات؟**

- پێم وایە چارەسەركردنی كێشەكان بەرپرسیارێتی خودی سەركردە عێراقییەكان و خەڵكی عێراق خۆیانە و هێزە سەربازییەكانی ئەمەریكا تەنها دەتوانن یارمەتیدەر بن لە ڕەخساندنی ڕەوشێكی ئارام بۆ عێراقییەكان بۆ ئەوەی بتوانن یەكێتی نەتەوەی خۆیان بپارێزن و ئەمەریكییەكان ناتوانن لەبری عێراقییەكان بڕیاربدەن. پابەندبوونی ئەمەریكا بە ڕەخسانی هەل و مەرجی پێویست بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی، نەگۆڕە، یاخود بەلای كەمەوە ئەمە ئومێدی منە و هیوادارم عێراقیەكانیش سوود لەم دەرفەتە وەبگرن و ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگرن بەرژەوەندییان لەوەدایە زوتر كێشە كا نیا ن چارەسەر بكەن و پرۆسەی دیموكراتی بەرەوپێش بچێت.

*** ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت بە تێڕوانین لە بارودۆخی ئێستا؟**

- ڕاستە بەرپرسان و خەڵكی عێراق دووچاری دژواری سیاسی دەبنەوە، بەڵام هەر دەبێت لە كۆتاییدا چارەسەرێك بۆ ئەو كێشانە بدۆزرێتەوە، ئەویش بەوە دەبێت بەرژەوەندییە نەتەوەییەكان بخەنە سەرووی هەمو بەرژەوەندیەكانی دیكەوە و داواكاریەكی ناواقیعی و نامومیكن نەخەنە ڕوو بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پرۆسەی سیاسی و چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانەوە هەیە.

*** ڕات چییە دەربارەی ئەوەی وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا كەمتر بایەخ بە عێراق دەدات یاخود تەنها بایەخدانەكەی لەو سنورە تێپەڕ ناكات كە توندوتیژی لە عێراقدا بەرەو هەڵكشان نەچێت؟**

- من ئومێدەوارم بایەخ و گرنگی پێویستی پێبدات، ئەمەریكا بەرپرسیارێتی جیهانی لە ئەستۆیە و دەبێت لە ڕوانگەوی ئەم ڕاستیەوە ڕەفتار بكات، لەبەر ئەوە من باوەڕم وانییە ئەمەریكا بایەخ بە ئەفغانستان دەدات لەسەر حسابی پشتگوێ خستنی عێراق، یاخود باوەڕم بەوە نییە لەبەر ئەوەی ئێمە تەركیزی زیاترمان لەسەر عێراقە ئەوا كێشەكانی ئەفغانستان ئاڵۆزتر بوون، چونكە هۆكاری ئاڵۆزبوونی كێشەكانی ئەفغانستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە دوژمن لەو وڵاتەدا



**من باوەڕم وانییە ئەمەریکا بایەخ بە ئەفغانستان دەدات لەسەر حسابی پشتگوێ خستنی عێراق**

تاکتیکی خۆی گۆڕیوە، لەبەر ئەوە من هیوای سەرکەوتن بۆ ئەمەریکا دەخوازم لە هەردوو وڵاتەکەدا.

*** ئایا چۆن ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتی عێراقییەکان بدات تاوەکو ڕێگە لە ڕووخانی پرۆسە سیاسییەکە بگرێت؟**

- من پێم وایە بەرپرسیارێتی سەرەکی هێزەکانی ئەمەریکا و هێزەکانی پۆلیس و سوپای عێراق پاراستنی ئەمنیەتە، ئەمە بەو مانایە نایەت کە نابێت هیچ کەسێك ببێتە قوربانی، بەڵکو بە مانای ئەوەدێت ڕەوشی ئەمنی بە شێوەیەك بێت کە بوار بۆ بەرەو پێشچوونی پرۆسە سیاسییەکە بڕەخسێت.

*** لەبەر ئەوەی بارودۆخی عێراق ئاڵۆزە و پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە هەڵبژاردنەکە سەرکەوتو نەبێت ئەمە لە حاڵەتی ئەنجامدانیشیدا، لەبەر ئەوەی لایەنە سیاسیەکانی عێراق ڕێك ناکەون لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان، بیروبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا هەر دەبێت هەڵبژاردنەکان سەرکەوتوبن، ئەگەر ئیختیارەکە لە نێوان ئەنجامدانی هەڵبژاردنداییێت لە وادەیەکی دیاری کراو، لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو، بەڵام دوابخرێت بۆ مانگێك یان دو مانگ یان سێ ئەوا من پشتگیری لە ئیختیاری دووەم دەکەم. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ڕۆڵی ئەمەریکا ڕەخساندنی کەشێکی ئارامە بۆ ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە بەرەو پێشەوە بچێت و بە بنبەستێکی هەمیشەی نەگات، بەڵام ئەمەریکا ناتوانێت بەرپرسیارێتی عێراقییەکان لەچارەسەکردنی کێشەکانیاندا بگرێتە ئەستۆی خۆی.

*** یەکێکی دیکە لە هۆکاری کێشەکانی عێراق دەستێوەردانی دەرەکییە، بە چەشنێك سعودیە پشتگیری لە سوننەکان و ئێرانیش پشتگیری لە شیعەکان دەکات، ئایا ئەمەریکا دەتوانێت چ ڕۆڵێك ببینێت بۆ سنووردارکردنی ئەم دەستێوەردانانە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان هۆکارێکن بۆ ئاڵۆزبوونی بارودۆخی عێراق و من پێم وایە ئیدارەی جۆرج بۆش هەوڵی پێویستی نەخستەگەڕ بۆ کۆنترۆڵ کردنی سنورەکانی عێراق و ئێستاش ئەو بەرپرسیارێتیە بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشە و دەکەوێتە ئەستۆی هێزەکانی ئەمەریکاو هێزەکانی عێراق کە هەر دەبێت لەم ڕووەوە کاری پێویست بکرێت بۆ ڕاگرتنی ئەو دەستێوەردانانە.

**دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان هۆکارێکن بۆ ئاڵۆزبوونی بارودۆخی عێراق**

*** ئەگەر بارودۆخی عێراق ناسەقامگیربوو ئایا پێگەی ئەمەریکا لە عێراق و ناوچەکەدا چۆن دەبێت؟**

- من هیوادارم ئەمەریکییەکان لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن و ئەو دەستکەوتانە لەدەست نەدەن کە بەخوێن و داهاتێکی زۆر بەدەستهاتوون،بە پێچەوانەوە لەدەستدانی ئەم دەستکەوتانە هەڵەیەکی کارەساتبار دەبێت.

## کینس کاتزمان بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا هەڵدەستێت بە هاندانی لایەنە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەربکەن لە نێویاندا جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠

**پرۆفیسۆر کینس کاتزمان گەورە تۆژەری ئامۆژگای ئەنجومەنی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پسپۆڕو تایبەتمەندە لە سەر عێراق و ئێران و دەوڵەتانی کەنداو پێشتریش ئەندامی ستافی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا بووە لە کۆنگریس،بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی سیاسی ئێستای عێراق و پشتگیری ئەمریکا بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی پرۆفیسۆر کاتزمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.**

**ئەمەریکا هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق دەبینێت و پلانی ئەوەی نییە بەشێک لە هێزەکانی لەو هەرێمە بهێڵێتەوە**

*** دوای پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما سەرەڕای پیرۆزبایی کردن لەم هەنگاوە، ئەوا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر پەیوەندییە درێژخایەنەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان کردەوە، کە ئەمە یەکەمجارە لەسەر ئاستێکی ڕەسمی ئەمەریکا بەم شێوەیە هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە زەمانەتێکە بۆ سەلامەتی کوردەکان لە عێراقدا؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیاسەتێکی جیاوازی نییە بەرامبەر بەشە جیاوازەکانی عێراق، ئەمەریکا پلانی کەمکردنەوە و پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی هەیە لە عێراقدا و لە دوای ئەم کشاندنەوەیەش هیچ هێزێك لە بەشێکی دیاری کراوی عێراقدا جێگیر ناکات، ئەمەریکا هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق دەبینیت و پلانی ئەوەی نییە بەشێك لە هێزەکانی لەو هەرێمە بهێڵێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا چارەسەربکرێن و ئەمە کێشەی عێراقیەکانە و دەبێت خۆیان ئەرکی چارەسەرکردنیان بگرنە ئەستۆ.



*** لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنوساندا سەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بە ڕۆڵی چالاك و ئیجابی کوردەکان کرد لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە سەرۆك ئۆباما درك بەوە دەکات کوردەکان بە تەواوەتی پابەندی دەستورن، ئایا تا ڕاددەیەك ئەمە زەمینە بۆ جێبەجێکردنی دەستوری عێراق خۆش دەکات و تا چ ئاستێك ئەمەریکا بایەخ بە جێبەجێکردنی ئەم دەستورە دەدات پێش ئەوەی بە تەواوەتی لە عێراقدا بکشێتەوە؟**

- تەنانەت دوای کشاندنەوەی هێزەکانیش، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە ڕووی دیبلۆماسیەوە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا دەمێنێت، ئەویش لە ڕێی کۆمەکی دەرەکی و ڕاوێژکاری بۆ هێزە ئەمنیەکانی ئەو وڵاتە. بەڵام بەدەر لەمە زەمانەتی ئەمنی بۆ هیچ بەشێکی وڵاتەکە دەستەبەرناکات، چونکە ئەمە پرس و مەسەلەیەکە پەیوەستە بە خودی عێراقییەکان خۆیانەوە و دەبێت خۆیان هەوڵ بخەنەگەڕ بۆ یەکلاکردنەوەو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشە و ناکۆکیانە.

*** سەرۆك ئۆباما باسی لەوە کرد کوردەکان چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگای سیاسی و دیبلۆماسی بە باشتر دەزانن نەك بە ڕێگاچارەی سەربازی، هەروەها باسی لە گرنگی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کرد، ئایا تا ئاستێك ئەمەریکا ڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیەو و پشتگیی لە خەڵکی کوردستان دەکات؟**

ئەمە پرسێکی سەربازی و ئەمنی نییە، بەڵکو ئەمە مەسەلەیەکی سیاسی و دیبلۆماسییە و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەڵدەستێت بە هاندانی لایەنە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەربکەن لە نێویاندا جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

*** ئایا پێشبینیت چیە بۆ بارودۆخی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، یاخود ئایا پێشبینیت چیە بۆ حاڵەتی پێکەوەژیانی عێراقیەکان لە نێو خۆیاندا دوای جێهێشتنی هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمانە مەسەلەگەلێکن پەیوەست نین بە لایەنی سەربازیی و ئەمنیەوە و هێزەکانی سوپای ئەمەریکاش ناتوانن لەم ڕووەوە کارێکی زۆر بکەن، بەڵکو ئەمانە پرسگەلێکی سیاسی و دیبلۆماسین و پەیوەستە بە خودی عێراقییەکان خۆیانەوە.

*** یەکێك لەو خاڵانەی جێی سەرنجن لە سەردانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ ئەمەریکا، هاندانی سەرۆکی ئەمەریکا بوو بۆ تورکیا بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبێت، ئەمەشی بە هەنگاوێکی ئیجابی لەقەڵەمدا بۆ تێکڕای ناوچەکە، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من تەنها دەتوانم ئەوەندەم بڵێم کە بە دڵنیاییەوە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هانی بوونی پەیوەندیەکی باش دەدات لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا.

## پرۆفیسۆر ئیرك داڤیس بۆ گوڵان:

# ئێستا ئیدارەی ئەمریکا رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی عێراق

**پرۆفیسۆر ئیرك داڤیس ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی نیو جێرسی و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و بەیەکێك لەو هەشت توێژەرە بەناوبانگەکەی پرۆسەی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەدەنرێت و خاوەنی کتێبی (Memories of State: Politics، History and Collective Identity in Modern Iraq) بۆ قسەرکردن لەسەر باری سیاسیی ئێستای عێراق پرۆفیسۆر داڤیس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** چۆن بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق چۆن دەبینیت ؟**

- من پێم وایە بەرەو پێشچوونی ئیجابی لە عێراقدا ڕوویداوە، دەرچون و پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان شتێکی گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی لایەنەکان پەنایان بۆ گفتوگۆ برد لەبری توندوتیژی، هەروەها ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەتی پارێزگاکان لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق و هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تەمموزی هەرێمی کوردستان هەموویان ئەو ئومێدە دەبەخشن کە عێراق بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێت.

*** ئایا کاریگەری دواخستنی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبینیت؟**

- ڕاستە دواخستنی هەڵبژاردنەکان مایەی کێشە بوو، بەڵام لە کۆتاییدا توانرا یاساکە تێپەڕێنرێت، ئەمەش مانای ئەوەبوو توانرا بەهۆی گفتوگۆوە ئەم کێشەیە بەم شێوەیە یەکلابکرێتەوە، ئەمە لەبری ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی ببردرێت، گرنگ ئەوەیە ئێستا یاساکە دەرچووە و هەموان دەرفەتی بەشداری کردنیان بۆ ڕەخساوە. ئەو کێشەیە من بەدی دەکەم لە وڵاتەکەدا بریتییە لە ناکارایی لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتیان، کە ئەم ناکاراییە هەم لە ناو حکومەتی عێراقی و هەم لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت، ئەمە سەرەڕای کێشەی گەندەلی. هەروەها من هیوادارم کورد و عەرەبەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوك پەنا نەبە بەر توندوتیژی.

*** ڕۆڵ و بەرژەوەندی ئەمەریکا لەوەدایە پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە کۆتاییساڵی ٢٠١٠دا هێزەکانی لەو وڵاتە بکێشێتەوە، بەڵام دەبێت سەرەتا عێراقییەکان خۆیان بگەنە ڕێککەوتن لە نێو خۆیاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەتوانێت بە چ شێوەیەك یارمەتی عێراقییەکان بدات بۆ ئەوەی بتوانن کێشە و جیاوازییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی سیاسی یەکلابکەنەوە؟**

- هەر لە سەرەتای هاتنە ناوەوەی بۆ عێراق وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا چەندین هەڵەی لە وڵاتەدا کردووە، بەڵام ئێستا ئەمەریکا خاوەنی تێڕوانین و سەرکردایەتییەکی جیاوازە لە عێراق و من پێم وایە لەلایەن کورد و عەرەب و تورکمانەکانەوە وەك تەرەفێکی بێلایەن سەیری ئەمەریکا دەکرێت لە هەوڵەکانیدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکان و بۆ لێك نزیك کردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان لەگەڵ یەکتردا. نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت خەڵکی عێراق بە دەستی چەندین نەهامەتییەوە ناڵاندویانە، هەر لە شەڕ و کاولکاری و سزاکانەوە بۆ ئەو بارودۆخەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ هاتە ئاراوە لەبەر ئەوە لەم ڕووەوە پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی هەیە.

*** سەرۆکی ئەمەریکا باراك ئۆباما پشتگیری خۆی بۆ جێبەجێکردنی دەستوری عێراق دەربڕی، کە ئەم دەستورە چارەسەری کێشەکانی عێراقی لە خۆیدا هەڵگرتووە، وەك کێشەی کەرکوك و نەوت و گاز، پرسیارەکە ئەوەیە بە پشتبەستن بە چ میکانزمێك ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتی عێراقییەکان بدات بۆ جێبەجێکردنی ئەم دەستورە؟**

- کارێکی گرنگە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوکاری عێراق بکات، حاڵی حازر لە ڕێی تیمی ئاوەدانکردنەوەی ئەمەریکییەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت کە ئەم تیمە سەردانی تێکڕای ناوچەکانی عێراق دەکات بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستی عێراقییەکان لە ناوچەیەکی دیاری کراودا، دواتر هاوکاریان دەکات لە جێبەجێکردنی پرۆژەی پێویست بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەم و کوڕیانە، واتە ئەم تیمانە تەنها هاوکارییەکی تەکنیکی عێراقییەکان دەکەن و لە بەرامبەر ئەم کارەدا هیچ داهاتێك وەرناگرن، کەواتە لێرەدا دوو خاڵ گرنگە، یەکەم ئەوەیە وەك ناوبژیوانێکی بێلایەن سەیری ئەمەریکا بکرێت، دووەم هاوکاری ئەمەریکا



بۆ عێراقییەکان بەردەوام بێت لە ڕێی ئەم تیمانەوە. چونکە دەبێت ئێمە بزانین ژێرخانی عێراق، ڕێگاوبانەکانی، نەخۆشخانەکانی، کەرتی پەروەردە و تۆڕی کارەبا و تۆڕی ئاوەڕۆی ئەم وڵاتە هەموویان پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە. ئەمەریکا بە دابینکردنی شارەزایی تەکنیکی دەتوانێت ڕۆڵێکی ئیجابی ببینێت لە یارمەتیدانی عێراقیەکان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەکەیان، بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی وڵاتەکەیان.

*** مێژووی هاوچەرخی عێراق، بە تایبەتی ئەم چەند ساڵەی دوای ئەوەیان سەلماند کە چارەسەری کێشەکانی عێراق لە دابەشکردنی دەسەڵات و جێگیرکردنی فیدراڵیزمدایە، هەروەها ئەوەش سەلما کە بەدەستهێنان و گەیشتن بەم ئامانجە کار و ئەرکێکی ئاسان نییە، هەروەها ئیدارەی ئەمەریکا قەناعەتێکی تەواوی هەیە کە ئەمە ڕێگای ڕاستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا گرنگە، بەڵام لە سەرەتای دامەزراندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا ئێمە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بووینەوە، مەبەستم لە کێشەی یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی و ولایەتەکانە، لەبەر ئەوە ئەمە کێشەیەك نیە تەنها پەیوەست بێت بە عێراقەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی هەمو ئەو وڵاتانە دەبێتەوە کە هەوڵی پیادەکردنی ئەم سیستمە دەدەن، بەڵام گرنگە عێراق بە چەشنی وڵاتە فیدراڵیەکانی دیکە، وەك ئەمەریکا و کەنەدا و هیندستان و هتد، بتوانێت سەرکەوتوو بێت لە جێگیرکردنی ئەم سیستمەدا کە تێیدا دەسەڵاتەکانی حکومەتی مەرکەزی دیاری بکرێت، وەك مەسەلەی پەرەپێدانی پیشەسازی نەوت، هەروەها دەبێت دەسەڵاتە مەحەلیەکانیش ئۆتۆنۆمی خۆیان هەبێت، وەك داڕشتنی بەرنامەیەکی پەروەردەی تایبەت و بەرنامە کەلتورییەکان و هتد. من ڕەوتێکی ئیجابی دەبینم لە عێراقدا و پێم وایە ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە عێراق لە ماوەی ئەم شەش ساڵەدا بەدی هێناوە، سەرەڕای ئەو هەمو توندوتیژی و کوشتارە، ئەوا دەکرێت بڵێین دەستکەوتێکی گەورەی بەدەستهێناوە.

*** ئێمە دەزانین دەوڵەتە دراوسێکان دەستێوەردان لە کاروباری عێراقدا دەکەن، لەبەر ئەوەی عێراق بە سەرچاوەی هەڕەشە دەزانن بۆ سەر خۆیان، بەڵام ئاسایی بونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق سەلماندی کە دەکرێت عێراق و دەوڵەتە دراوسێکان بگەنە ئاگربەستێك، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئاسایی بونەوەی پەیوەندیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتە نمونەیەك بۆ ئاسایی بونەوەی پەیوەندی عێراق لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی دیکە؟**

- ئێوە خاڵێکی باشتان وورووژاند، چونکە ئێمە دەزانین تورکیا هەڵوێستی دژایەتی هەبوو لە ئاست عێراق و هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بەڵام حاڵی حازر ڕۆڵی هەیە لە پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئەو هەرێمە و دابینکردنی شارەزایی تەکنیکی کە هەرێمی کوردستانیش زۆربەی کاڵا و کەرەستەکانی لە تورکیاوە هاوردە دەکات، کەواتە ئەم لێك نزیکی و ئاوێتەبوونە ئابوورییە کاریگەرییەکی ئیجابی هەیە، چونکە زۆرجار تیرۆریستان ئەو کەسە گەنجانەن کە هیچ کارێك و هیچ ئومێدیکیان نییە بە ئایندە، هەروەها پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان لە نێو ئەم وڵاتانەدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەگەری پەنا بردنەبەر توندوتیژی لە نێوانیاندا، چونکە بەرپاکردنی شەڕ دەبێتە هۆی زیان گەیاندن و لەناوبردنی وەبەرهێنانە ئابوورییەکان. کەواتە شتێکی باشە ئەگەر دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە، وەك ئێران، تورکیا، سوریا، عێراق، ئوردن و وڵاتانی کەنداو پەرە بە جۆرێك لە پەیوەندی بدەن لە نێوانیاندا کە هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا بێت، بۆ ئەوەی گەشەکردنی ئابووری لە ناوچەکەدا بهێننەدی کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ڕەوتە ڕادیکاڵەکان، چونکە ئەو کاتە خەڵکی پەنا بۆ تیرۆر نابەن، لەبەر ئەوەی کاریان هەیە و ئومێدیان هەیە بە ئایندە و خێزانیان هەیە کە دەبێت بایەخیان پێبدەن.

*** ئێمە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبینەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم هەڵبژاردنانە تا چ ڕادەیەك کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر گۆڕینی نەخشەی سیاسی عێراق لە ئایندەدا، ئایا چ کاریگەریەکیان دەبێت لەسەر پرۆسە سیاسییەکە و لەسەر پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی، لە لایەکی دیکەوە ئایا دەبێتەهۆی دابەشبون و پارچە پارچە بوونی وڵاتەکە؟**

**دوو خاڵ گرنگە، یەکەم ئەوەیە وەک ناوبژیوانێکی بێلایەن سەیری ئەمەریکا بکرێت، دووەم هاوکاری ئەمەریکا بۆ عێراقییەکان بەردەوام بێت**



- ئەنجامدانی هەڵبژاردن گرنگە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی هەمووان بەشداری بکەن و بچنە بەغدا و پێکەوە گفتوگۆ بکەن، واتە کورد لەگەڵ عەرەبدا، شیعە لەگەڵ سوننەدا، تورکمان لەگەڵ مەسیحیدا و هتد، من پێم وایە ئەو بارودۆخەی کە لایەنەکان دەرفەتی ئەوەیان نەبێت لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ بکەن و ئاشنابن لەگەڵ یەکدا، بارودۆخێکی مەترسیدارە، لەم ڕوانگەیەوە من باوەڕم وایە ئەگەر لایەنەکان لێك نزیك ببنەوە، ئەگەر ئامادەی گفتوگۆکردن بن لەگەڵ یەکدا، ئەگەر ئیرادە و ئامادەیی سازشکردنیان هەبێت لەبەرامبەر یەکدا، ئەوا دەتوانن وڵاتەکە بەرەو پێشەوە ببەن.لەلایەکی دیکەوە هەڵبژاردن لەو ڕووەوە گرنگە کە سیاسیەکان ناچار دەکات خواستی هاوڵاتیان لەبەرچاو بگرن، بۆ نموونە حاڵی حازر سکاڵا هەیە لە بارەی ڕێژەی هەڵئاوسان و بێکاری و کەمی خزمەتگوزارییە دابینکراوەکان لە لایەن حکومەتەوە، خەڵکی چیتر دروشم و لێدوانی ناوێت، خەڵك ئاو و کارەبا و کاری دەوێت، دەیەوێت ئومێدی هەبێت بە ئایندە، سیستمێکی پەروەردەی باشتری دەوێت بۆ منداڵەکانی، کە لەم ڕووەوە حکومەتی عێراقی دەتوانێت کارێکی زۆر بکات، چونکە داهاتێکی زۆری لەبەر دەستدایە کە دەبێت بۆ پێشخستنی وڵاتەکە بەکاری بهێنێت نەك بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بەرپرسەکان.

*** ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت؟ ئایا عێراقییەکان دەتوانن بێ پشتیوانی دەرەکی کێشەکانیان چارەسەر بکەن؟ تا چ رادەیەك گەشبینیت لەم ڕووەوە؟**

- من گەشبینم، بەڵام با ئێمە لە گەشبینی بڕوانین و لێی ووردبینەوە، بۆچی ئێمە گەشبین بین؟ بەڵام ئایا ڕەشبینی چارەسەرە؟ ئایا ئەگەر بچیتە زانکۆ و خۆت ڕەشبین بکەیت کە ئەنجامێکی خراپ بەدەست دەهێنێت، ئایا تووشی شکست نابیت؟ بە دڵنیاییەوە توش دەبیت، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە گیانێکی گەشبینی نوێ بکەینەوە بەبەر خۆماندا و متمانەمان هەبێت کە ئەم کێشانە تێدەپەڕێنین و بەسەریاندا زاڵ دەبین،ڕەش پێستەکان لە ئەمەریکا بۆ ٤٠٠ ساڵ کۆیلە بوون، بەڵام ئێستا سپی پێست و ڕەش پێست پێکەوە کار دەکەن و سەرۆکی وڵاتەکەش کەسێکی ڕەش پێستە.

ئەمە بۆ خودی عێراقییەکان دەگەڕێتەوە، ئایا دیانەوێت کێشە و توندوتیژی بەردەوام بێت یان ئاشتبونەوەی نیشتمانی بێتەدی. ئێمە لە کوردستاندا ڕەوتی گۆڕانمان بینی کە داوای خزمەتگوزاری باشتر و ئەدایەکی باشتری حکومەتەکەی دەکرد و خەڵکیش دەنگی بۆ دان لەبەر ئەوەی ئارەزووی گۆڕانیان دەکرد، بە هەمان شێوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا خەڵکی دژی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی دەنگیدا، لەبەر ئەوەی خەڵکی داوای خزمەتگوزاری باشتریان دەکرد، نەك دروشمی ئاینی.

من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە شتێکی دیکە بکەم، من هەمیشە ئەو ڕەخنەیەك لە دۆستە عێراقییە عەرەبەکانم دەگرم کە بۆچی نزیکەی هەموو سیاسییە کوردەکان دەتوانن بە عەرەبی قسە بکەن، بەڵام ئێوە خۆتان فێری زمانی کوردی نەکردووە، من پێم وایە دەکرێت لەم ڕووەوە قوتابییە عەرەبەکان لە وەرزی هاویندا بهێنرێنە کوردستانەوە کە ئاو و هەوایەکی سازگاری هەیە و بمێننەوە و فێری زمانی کوردیش ببن، کاتێك ١٥ قوتابی عێراقی کە نیویان کورد و نیویان عەرەب بوون هاتن بۆ ئەمەریکا پرسیارم لە قوتابییە عەرەبەکان کرد ئایا هیچ کێشەیەکتان هەیە لەگەڵ قوتابییە کوردەکاندا، هەمان پرسیارم لە قوتابییە کوردەکانیش کرد کە ئایا کێشەتان لەگەڵ قوتابییە عەرەبەکاندا، وەڵامەکەیان ئەوەبوو کە ئایا تۆ باسی چی دەکەیت، مەبەستم ئەوەیە لە ناو چینی لاوانی وڵاتەکەدا هەست بە تائیفیەت و دەمارگیری ئاینی ناکرێت، ئەمە لە کاتێکدا نزیکەی لە سەدا ٦٠ بۆ لە سەدا ٧٠ی خەڵکی عێراق تەمەنیان لە خوار ٢٥ ساڵەوەیە.

*** ئێمە دەزانین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێ پشتیوانی هەرێمی کوردستان ناتوانێت سەرکەوتو بێت، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا ئامادەیە پارێزگاری لە سەقامگیری هەرێمی کورستان بکات؟**

- هەرچەندە ئەمە بیروڕای شەخسی خۆمە، بەڵام من باوەڕم وایە بە دڵنیاییەوە ئەمەریکا ئەم کارە دەکات، ئەوە گومانی تێدا نییە ئەمەریکا پارێزگاری لە کوردەکان دەکات، لە هەمان کاتدا ئەمەریکا بایەخ بەوە دەدات عێراق وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوی فیدراڵی بمێنێتەوە کە بواری گەشەکردن بۆ هەمولایەك برخسێنێت و خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەموان بکات.

**من هەمیشە ئەو ڕەخنەیەک لە دۆستە عێراقییە عەرەبەکانم دەگرم کە بۆچی نزیکەی هەموو سیاسییە کوردەکان دەتوانن بە عەرەبی قسە بکەن، بەڵام ئێوە خۆتان فێری زمانی کوردی نەکردووە**



## پرۆفیسۆر فیلیس بینیس بۆ گوڵان:

# دەبێت پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کێشەکانی عێراق چارەسەر بکرێت

**خاتوو فیلیس بینیس بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی سیاسی (IPS)و خاوەنی پرۆژەی ئینتەرناشیونالیزمە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی عێراق پرۆفیسۆر فیلیس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** ئێستا لە عێراقدا هێزەکانی ئەمریکا بوونیان هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناسەقامگیرییەکی بەردەوامیش هەیە،ئایا ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا پاشەکشە بکەن چارەنووسی ئەو وڵاتە چۆن دەبێت؟**

- لە ئێستادا عێراق بەهۆی بوونی ١٢٠،٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی و نزیکەی ١٢٠،٠٠٠ بۆ ١٦٠،٠٠٠ هێزی بەکرێگیراوی دیکە لە عێراقدا هەن کە لەلایەن ئەمەریکاوە پارەیان بۆ دابین دەکرێت و هێشتا چەندین بنکە بەدەست هێزەکانی ئەمەریکاوەن، کەواتە لەم ڕووەوە عێراق لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە داگیرکراوە، ئەوەی پەیوەندیی بە بەرنامە و نیەتی ئیدارەی ئۆباماوە هەبێت، ئەوا هێشتا ڕوون نییە ئایا ئیدارەی ئۆباما دەتوانێت هەموو مەرج و پێداویستییەکانی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ عێراقدا جێبەجێبکات کە تایبەتە بە کشانەوەی هێزەکان، واتە ئایا هەڵدەستێت بە کشاندنەوەی تێکڕای هێزە جەنگاوەرەکان لە ئابی ساڵی داهاتوودا، ئەمە لە کاتێکدا ئۆباما جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا تێکڕای ئاستی هێزەکان وەك خۆی دەهێڵێتەوە.

*** بەڵام پێش ئەوەی ئەمریکا هێزەکانی بکێشێتەوە، دەبێت سەرەتا عێراقییەکان خۆیان بگەنە ڕێککەوتن لە نێو خۆیاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەتوانێت بە چ شێوەیەك یارمەتی عێراقییەکان بدات بۆ ئەوەی بتوانن کێشە و جیاوازیەکانی خۆیان بە شێوەیەکی سیاسی یەکلابکەنەوە؟**

- من پێم وانییە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەسەر پشتیوانیکردنی خەڵکی عێراق بنیات نرابێت، بەڵکو لەسەر هۆکار و فاکتەرە ستراتیجییەکان بنیات نراوە، وەك نەوت و پاراستنی هێز و هەژمونی ناوچەیی، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین ئاستی توندوتیژی لە عێراقدا بە شێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت -کە ئێمە ئومێدی ئەمە دەکەین- و حکومەتی عێراقیش ئامادەبێت بۆ ئەوەی چەند گرێبەستێك لە بواری پەرەپێدانی کەرتی نەوتدا لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکیەکاندا ئیمزابکات و دواتر توندوتیژی بەرەو هەڵکشان بچێت و ئەم کۆمپانیایانە داوای ڕەوانەکردنی هێزی ئەمەریکا بکەن بۆ پاراستنی بۆریە نەوتییەکان ئێمە نازانین هەڵوێستی ئیدارەی ئەمەریکا چی دەبێت، بەڵام بەڵگە مێژووییەکان پاڵپشتی ئەو لێکدانەوەیە ناکەن کە سیاسەتی ئەمەریکا لەسەر پشتیوانیکردنی خەڵکی عێراق بنیات نراوە.

*** سەرۆکی ئەمەریکا باراك ئۆباما پشتگیری خۆی بۆ جێبەجێکردنی دەستوری عێراق دەربڕی، کە ئەم دەستورە چارەسەری کێشەکانی عێراقی لە خۆیدا هەڵگرتووە، وەك کێشەی کەرکوك و نەوت و گاز، پرسیارەکە ئەوەیە بە پشتبەستن بە چ میکانزمێك ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتی عێراقییەکان بدات بۆ جێبەجێکردنی ئەم دەستورە؟**

- من پێموایە لە توانای ئەمەریکادایە پشتگیری لە دەستوری عێراق بکات، بەڵام ئەمە بڕیارێکە دەبێت لەلایەن خودی عێراقیەکان خۆیانەوە یەکلابکرێتەوە، ئێمە دەزانین زۆربەی دەستورەکە لە لایەن ڕاوێژکارە ئەمەریکیەکانەوە داڕێژرا کە لەگەڵ هاوشانە عێراقیەکانیاندا کاریان دەکرد، ئێستاش ئەوە بۆتە تەحەددایەك لە





بەردەم پەرلەمانی عێراقدا کە ئایا دەتوانێت مافی خۆی بەدەست بهێنێتەوە بۆ ئەوەی دەستوری وڵاتەکە و ئایندەی وڵاتەکە دیاری بکات.

*** مێژوی هاوچەرخی عێراق، بە تایبەتی ئەم چەند ساڵەی دوای ئەوەیان سەلماند کە چارەسەری کێشەکانی عێراق لە دابەشکردنی دەسەڵات و جێگیرکردنی فیدراڵیزمدایە، هەروەها ئەوەش سەلما کە بەدەستهێنان و گەیشتن بەم ئامانجە کار و ئەرکێکی ئاسان نییە، هەروەها ئیدارەی ئەمەریکا قەناعەتێکی تەواوی هەیە کە ئەمە ڕێگای ڕاستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، ڕاوبۆچونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- ئایا فیدراڵی لە عێراقدا پیادە دەکرێت، ئایا عێراق بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە یان دابەش دەبێت، ئەوا ئەمانە بڕیارگەلێکن بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، نابێت ئەمەریکا لە بری عێراقییەکان ئەم بڕیارە بدات و لە ڕاستیدا ئەمە بۆ حکومەتی عێراقیش ناگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی پشت بە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەبەستێت، بەڵکو بۆ خەڵکی عێراق خۆیان دەگەڕێتەوە.

*** ئێمە دەزانین دەوڵەتە دراوسێکان دەستێوەردان لە عێراقدا دەکەن، لەبەر ئەوەی عێراق بە سەرچاوەی هەڕەشە دەزانن بۆ سەر خۆیان،ئایا چۆن ئەم تەحدیە چارەسەر دەکرێت؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەی پێی وایە هەمو دەوڵەتە دراوسێکان عێراق بە سەرچاوەی هەڕەشە دەزانن، بەڵکو من پێم وایە سەقامگیری عێراق لە بەرژەوەندی هەموو ئەو دەوڵەتانەدایە، دواتر من باوەڕم وایە ئەم دەوڵەتانە زیاتر لە ئەمەریکا مافی ئەوەیان هەیە بەشداربن و ڕۆڵیان هەبێت لەو گفتوگۆیانەدا کە دەربارەی داڕشتنی سیاسەت و دیبلۆماسیەتی ناوچەی دەکرێت، لەبەر ئەوەی ناسەقامگیری عێراق زیاتر کاریگەری لەسەر ئەم دەوڵەتانە دەبێت نەك ئەمەریکا. ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندیەکان لەگەڵ تورکیادا، ئەوا ئەمە کارێکی زەحمەتە، ئەویش لەبەر ئەو جۆرە مامەڵەیەی کە حکومەتی تورکیا لەگەڵ کوردی وڵاتەکەیدا دەیکات. دواتر ئەمەریکا لە ئاست کوردەکان سیاسەتێکی جێگیری نەبووە، پشتگیری لە کوردەکان کردووە، ئەگەر ئەو حکومەتەی کوردەکان لە ژێر دەسەڵاتیدا بوونە دوژمنی ئەمەریکا بوویێت، واتە ئەمەریکا ئامادەیە پشتگیری لە کوردبکات بەڵام هیوادارم کوردەکان ئومێدی خۆیان لەسەر پشتیوانیکردنی ئەمەریکا هەڵنەچنن.

*** ئێمە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبینینەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم هەڵبژاردنانە تا چ ڕادەیەك کاریگەری و ڕەنگدانەویان دەبێت لەسەر گۆڕینی نەخشەی سیاسی عێراق لە ئایندەدا، ئایا چ کاریگەریەکیان دەبێت لەسەر پرۆسە سیاسیەکە و لەسەر پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی، لە لایەکی دیکەوە ئایا دەبێتەهۆی دابەشبون و پارچە پارچە بوونی وڵاتەکە؟**

- من پێم وانیە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بە نەزیهی بەڕێوە بچێت و شەرعیەتی تەواوی هەبێت، ئەمە بۆ عێراق و بۆ هەمو وڵاتێکی دیکە ڕاستە کە لە ژێر داگیرکاری سەربازیدایە، دواتر لە عێراقدا بارودۆخێکی پڕکێشە هەیە، بۆ نموونە خودی دواخستنی هەڵبژاردنەکان ئاماژەیە بە بوونی چەندین گیروگرفت، لە هەمان کاتدا ئەمەریکا ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتوەکانیشی بچوك و پەراوێزکردووە، هەمو ئەمانە ئاماژە بە سەختی و دژواری بارودۆخەکە دەکەن، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەڵبژاردنەکان ڕەنگدانەوەی بەشداری سیاسی دەبن یاخود دەبێتە هۆی درێژەدان بە داگیرکاری ئەمەریکا، من پێم وایە پرسی ئەوەی هەڵبژاردنەکان ئاکامی باشیان لێدەکەوێتەوە یان نا؟ دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا لە لایەن خودی عێراقییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بەڕێوە دەبردرێت یان نا.

*** ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت؟ ئایا عێراقییەکان دەتوانن بێ پشتیوانی دەرەکی کێشەکانیان چارەسەربکەن؟ تا چ ڕادەیەك گەشبینیت لەم ڕوەوە؟**

- خەڵکی عێراق چەندین جار دووچاری چەندین تەحەددی دژوار بوونەتەوە، عێراق خاوەنی مێژوویەکی مەزنە، لە بواری شیعر و ئەدەب و زانستدا، بەڵام دووچاری نەهامەتییەکی زۆر بۆتەوە بەهۆی شەڕ و دیکتاتۆریەت و سزاکان و داگیرکارییەوە و هێشتا دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە بە پێی مەرجەکانی خۆی وڵاتەکە ئاوەدان بکاتەوە کە ئەگەر عێراق ئەم دەرفەتەی بۆ دروستبێت و بەسەر جیاوازییەکاندا زاڵ بێت ئەوا دەتوانێت وڵاتێك بنیات بنێتەوە کە جێی شانازی خەڵکەکەی بێت.

## داخستنی DTP لەلایەن دادگای دەستووریی تورکیاوە

# نابێت قوربانیدان بێت بەکرانەوەی دیموکراتی و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد





گوڵان
ژمارە (٧٦١)
٢٠٠٩/١٢/٢١


ÇEVİK KUVVET
VAN





بۆ خاتری خوا بۆچی دەستبەرداری ئاشتی دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ چارەسەری سەربازی و توندوتیژی، چۆن دەستپێشخەری ئاشتیانە خیانەتە، ئەوانە خیانەت دەکەن کە هەنگاوەکانی ئاشتی لەریشەوە هەڵدەکێشن؟

**((بۆ خاتری خوا،هێشتا پێنج مانگ بەسەر دەستپێشـــخەری بۆ کرانەوەی دیموکراتی و چارەســـەری کێشـــەی کورد تێنەپەریوە، ئایـــا چی روویـــداوە وا جارێکی دیکە بۆ چیـــاکان دەڕوانن و ســـوپا و توندوتیژی بـــە چارەســـەر دەزانن؟ دەستپێشـــخەری بۆ کرانـــەوەی دیموکراتی و چارەســـەری ئاشـــتیانەی کێشەی کورد میکانزمێکە بۆ تاقیکردنەوەی ئەوەی تا بزانین،گەمژەکان چەنـــد گەمژەن و ئارام گرەکان چەند ئارام دەگـــرن و،توندڕەوەکان چەنـــد کەلە رەقن؟ ئەوانەی ئەم دەستپێشـــخەرییە بە خیانەت لە وڵات لە قەڵـــەم دەدەن، ئەگەر خیانەت بوونـــی هەبێت، ئەوانـــە خیانەت لە وڵات دەکەن کە ئەم دەستپێشـــخەرییە لە ڕیشەوە هەڵدەکەنن)) .**

**حەسەن جەمال و مەتین مونیر**

* * *

ئـــەم چەند دێڕەی ســـەرەوە پەرەگرافێکی ستوونووسی ڕۆژنامەی میللیەتی تورکی حەســـەن جەماڵە کە نیوەی یەکەمی خۆی نووسیویەتی و نیوەی دووەمی لە وتارێکی مەتین مونیر وەرگرتووە، کە ڕۆژی ١٢ی دیسەمبەر بە ناونیشانی (گەمژەیەتییەکی خالیس) لە ڕۆژنامـــەی میللیەت بڵاوی کردۆتەوە و حەســـەن جەمـــال لە وتارێکی ڕۆژی ١٦ی دیســـەمبەر جارێکـــی دیکـــە دووبارەی کردۆتەوە و، راشـــکاوانە داوا دەکـــەن، بـــۆ خاتـــری خـــوا بۆچی دەستبەرداری ئاشتی دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ چارەسەری سەربازی و توندوتیژی، چۆن دەستپێشخەری ئاشـــتیانە خیانەتە، ئەوانە خیانەت دەکەن کە هەنگاوەکانی ئاشـــتی لەریشەوە هەڵدەکێشن؟:

(Allah aşkına، açılımdan bu yana daha beş ay geçmedi، ne oldu da tekrar dağı، silahı، şiddeti çare olarak göstermeye başladınız? Metin Münir geçen gün Milliyet'teki köşesinde yazıyordu:
“Kürt açılımı akılsızların akılsızlıklarını، sabırsızların sabırsızlıklarını ve ölçüsüzlerin ölçüsüzlüklerini test etmeleri için bir vesile olmaya devam ediyor. Açılıma ‘hiçbir şey yokmuş gibi’ devam edilmesini ‘hıyanet’ olarak tanımladı. Tersine، ortada bir hıyanet varsa، devam etmekte değil vazgeçmektedir)

بێگومان ئامـــاژەدان بـــەم پەرەگرافە بۆ دەســـپێکی ئەم راپۆرتە، بـــۆ ئەوەیە هەر لەســـەرەتاوە ئەو خاڵە بخەینـــە بەرچاوی خوێنەرانی گوڵان، کە ئێمە ئەو راســـتییە لێـــك جیادەکەینـــەوە کە ئـــەم بڕیارە پێش ئـــەوەی دژی چارەســـەری ئاشـــتیانەی کێشـــەی کورد بێت لـــە تورکیا، دژی ئەو هەنگاوانەی رەجـــەب تەیب ئەردۆگانە کە وەك حەسەن جەمال لە وتارەکەی ئاماژەی پێکردووە تەنها چوار مانگ و نیوە دەستی پێکردووە و هێشتا مانگی پێنجەمی تەواو نەکردووە،هەر بۆیە شکست یان ئاستەنگ دروســـتکردن بۆ ئـــەم هەنگاوانە خەمی هەموو ئەو خەڵکانەیە کە دەخوازن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دیموکراتـــی زیاتر لە ناوچەکە بچەســـپێت و کێشەکان بەرێگەی دیالۆگ و یەکتری قبوڵکردن و ئاشـــتیانە چارەسەر بکرێن، نـــەك جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ چوار گۆشەی یەکەم و هەڵەکانی ٢٥ ساڵ لەمەو پێش دووبـــارە بکرێتەوە و کە تیایدا زیاتـــر لە ٥٠ هەزار لاوی کـــورد و تورك گیانیان لە دەســـتدا و ئێستاش کێشەکە لە پێش ٢٥ ساڵ پێش ئێستا ئاڵۆزترە.

پرۆفیســـۆر ئیحســـان بال لە ئامۆژگای یۆســـاك و ستوونوســـی تورکیش ویکلی جۆرنـــاڵ لەگەڵ لـــە ســـتوونەکەیدا بە ناونیشـــانی (DTP خۆی خۆی داخست) رەخنـــە لەهەندێـــك رەفتـــاری (DTP) دەگرێت، بـــەڵام پەنابردن بۆ داخســـتنی





حزبە سیاسییەکان بە نەریتێکی فراوان و کۆنی سیاسەتی تورکیا لە قەڵەم دەدات ، ئەمەش وایکردووە رۆشنبیران و زۆربەی پارتە سیاسییەکان دژی داخستنی پارتی سیاسین، لەم چوارچێوەیەشدا هەموو رۆشنبیرانی تورکیا و زۆربەی پارتە سیاسییەکان دژی داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی(DTP)ن، لە یەکەم لێدوانی بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆگانیشدا کە رۆژنامەی کریستیان ساینس مونیتەر بڵاویکردۆتەوە، ئەردۆگان راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان وەك حکومەت و پارتی داد وگەشەپێدان دەڵێت(ئێمە دژی داخستنی هەر پارتێکی سیاسین، ئێمە پێمان وایە دەبێت تاك (مەبەستی ئەندامی حزبەکەیە) سزا بدرێت، نەك حزبێك یان ناسنامەیەك.

هەر بۆیە زۆربەی رۆشنبیرانی تورکیا راشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە (داخستنی پارتێکی سیاسیی لە دەوڵەتێکی دیموکراتی جێگەی قبوڵکردن نییە)، ئیحسان باڵ لەم ئاراستەیەوە کە بەرگری لە داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەکات، گلەیی ئەوەش لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەکات، کە ئەندامانی ئەو حزبە نەیانتوانیوە بەو جۆرە رەفتار بکەن، کە دیموکراتخوازەکانی تورکیا بتوانن زیاتر بەرگری لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بکەن، لەگەڵ بیانووەکانی ئیحسان باڵ زیاتر شەرعیەتدانە بە بڕیارەکەی دادگای دەستووری تورکیا، بەڵام لە هەندێك لایەنیشەوە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیش ئەو هەستیاریەی باردۆخی سیاسیی ئێستای تورکیای لەبەر چاو نەگرتووە کە هێشتا خەڵکانێکی وەك بایکاڵ باخچەلی و دینز بایکال و دەوڵەت باخچەلی لە تورکیا بوونیان هەیە و کاریگەریشیان لەسەر رای گشتی هەیە، کە نەك چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد، بەڵکو کرانەوە بەرەو دیموکراتیش بە خیانەتی نیشتمانی دژی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی تورکیا لە قەڵەم دەدەن، لەم روانگەیەوە کە هێشتا رای گشتی تورکیا بەو ئاراستیە تەیار نەبووە کە بۆ کرانەوەی دیموکراتی ئامادە بێت و هێشتا پرۆسەکە لەلایەن دەستەبژێرێکی کەمەوە پشتگیری جیددی لێبکرێت، دەبوو وەك ئیحسان باڵ دەڵێت پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەم لایەنەی لەبەر چاو بگرتایە،بەڵام محەمەد عەلی بیراند کە بە سوپاسەوە یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵانیش بەشداری کردوین لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (تکایە ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەوە مەکەن) کە رۆژی ١٢/١٦ لە حوریەت دیلی نیوز بڵاوکراوەتەوە نووسیویەتی (دادگای دەستووری بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی داوە، یان راشکاوانەتر نایەوێت هاوشانی پارتی داد و گەشەپێدانی حکومڕان هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت) بیراند راشکاوانە دەست دەخاتە سەربرینەکان بۆیە بە تەنزێکی سیاسیانە روو دەکاتە دادگای دەستووری تورکیا و پێیان دەڵێت (تکایە ئەو کارانە مەکەن کە ئێمە دەمانەوێت!!!) ئەمەش واتە تورکیا لەم باردۆخەدا پێویستی بە کرانەوە و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد و کرانەوەی زیاتری دیموکراتیانە و هەموارکردنی ژمارەیەك یاسایە کە تورکیا لەم قۆناخەدا پێویستی پێیەتی، بۆیە دوای ئەم تەنزە سیاسییە،ئێنجا دێتە سەر ئەوەی راشکاوانەتر بنوسێت و بڵێت (من وامەزندە دەکەم کاردانەوەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بەشێوەیەك بێت کە بتوانێت پاکانە لە خۆی بکات ئەویش ئەوەیە: بڕیاری کشانەوەی خۆیان لە پەرلەمان دەدەن و پێمان دەڵێن (ئێوە ناتوانن ئێمە ئیقناع بکەن و ناشتوانن لەو قورەش ئێمە دەربێننە دەرەوە،لەبەر ئەوەی جێگەی ئێمە لە پەرلەمان بوونی نەماو ئێمەتان بە تەنها لەگەڵ پەکەکە بەجێهێشت)، ئەگەر سەرنج لەو چەند دێڕەی بیراند بدەین، ئاستی

**هەموو رۆشنبیرانی تورکیا و زۆربەی پارتە سیاسیەکان دژی داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (DTP) ن**

تێگەیشتنی و هەندێك حزب و لایەنی سیاسیی تورکیامان بۆ دەردەکەوێت، کەنەك هەر دژی چارەسەری ئاشتیانە کێشەی کورد بەڵکو دژی ئەوەش راوەستاونەتەوە کە تورکیا وەك دەوڵەتێکی گەورەی ئیقلیمی و موسڵمان ببێتە وێستگەی یەکەمی بونیادی دیموکراتی و پردی پێکەوە بەستنەوەی جیهانی ئیسلامی بە رۆژئاواوە، بۆیە رۆشنبیرانی تورکیا (بە داخەوە کەمینەن) پرسیارەکەیان لە جێگەی خۆیدایەتی کە روو لە پارتەکانی (گەلی دیموکراتی و بزوتنەوەی نیشتمانی ) بکەن و لێیان بپرسن، ئایا پرۆسەی کرانەوە بەرەو دیموکراتی و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا کوێی هەڵەیە؟، لە کاتێکدا تەمەنی پرۆسەکە هێشتا پێنج مانگی تەواو نەکردووە؟ هەقیانە بپرسن ئایا کێشەیەکی وەك کێشەی کورد لە تورکیا کە تەمەنی نزیکە ١٠٠ ساڵە و تائێستا نەتوانراوە چارەسەر بکرێت، ئایا بە ١٠٠ رۆژ چارەسەر دەکرێت؟ ئایا ئەمە بیانوو نابێت بۆ ئەوەی داخستنی (DTP) کۆمەڵێك کاردانەوەی خراپ بە دوای خۆیدا بێنێت، وەك حەسەن جەماڵ لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێکردووە:

١- داخستنی دەتەبە باشترین بیانوو دەبێت بۆ چەکدارانی پەکەکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە روو بکەنەوە چیا و بە کوردەکانی تورکیا بڵێن، چارەسەر تەنها لەشاخەکانە نەك لە پەرلەماندا.

٢-عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە ئێستا لە بەندیخانەیە ئەو ئێستا لە جیهانێکی تایبەتی خۆیدا دەژی، هیچ بایەخ بەوە نادات(DTP) دابخرێت یان دانەخرێت و ئەو خۆی لەوە بەگەورەتر دەزانێت چارەسەری ئاشتیانە کێشەی کورد لە رێی (DTP) و کاری پەرلەمانیەوە بێتە دی، بۆیە ئەو واخۆی دەبینێ دەبێت چارەسەری کێشەکە بەلای خۆیدا بڕوات و چارەسەر بکرێت.

ئەم مەترسیانەی لە داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتییەوە سەرچاوە دەگرن، مەسەلەکە تەنها هێندە نییە کە حزبێکی سیاسیی دادەخرێت و یەکێکی دیکە دادەمەزرێت، بەڵکو مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە هەنگاو هەڵگرتن بۆ بەرەو پێشەوەچوونی دیموکراتی و چارەسەری ئاشتیانە کێشەی کورد دەبێتە قوربانی چەند هەوڵێك کە هەموو دیموکراتیخوازان هەوڵ دەدەن جارێکی دیکە ئەو هەوڵانە لە ناو تورکیا باڵا دەست نەبنەوە.

## تەرجەمەکردنی بڕیارە سیاسییەکان بۆ بڕیاری یاسایی ناو دادگا

داخستنی پارتی سیاسیی لە تورکیا دیاردەیەکی تازە نییە، بەڵکو ئەو نەریتە باوەیە کە سیاسەتی تورکیای پێدەناسرێتەوە و هەتا ئێستا زیاتر لە ٢٥ پارتی سیاسیی داخراوە و پێنج لەو پارتانە ئەو پارتە کوردیانەن کە هەر جارەی بەبیانوویەك داخراون، بۆیە وەك گاریس جەنگیز لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی ئەهرام ئاماژەی پێدەکات، داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی رووداوێکی چاوەڕوانکراوە بووە و سەرکردایەتی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە ئایاری ساڵی ٢٠٠٨ وە هەستیان بەوە کردووە کە چارەنووسی کۆتایی حزبەکەیان داخستنە بۆیە لایەنگرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی حزبێکی دیکەیان بە ناوی پارتی ئاشتی و دیموکراتی (BDP) دامەزراندووە بۆ ئەوەی دوای داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی راستەوخۆ پارتێکی دیکەیان هەبێت، لەمەش زیاتر گاریس چاندار ئاماژە بەوە دەکات کە سەرکردایەتی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەوەش ئاگادار بوون دوای داخستنی پارتەکەیان دەستبەسەر هەموو نووسینگە و کەلوپەلەکانی حزبە داخراوەکە دەگیرێت، بۆیە یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی DTP ئەوەی بە چاندار راگەیاندووە (پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی پێش ئەوەی دادگا بڕیاری داخستنی دەربکات هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی وەرگرتووە و زۆربەی زۆری کەلوپەل و دیکۆمێنتەکانی گواستۆتەوە بۆیە ئەوەی حکومەتی تورکیا دەستی بەسەردا دەگیرێت تەنها شتێکی کەمە)، بێگومان لە تەموزی ٢٠٠٨ پارتی AKP رووبەرووی هەمان گرفتی داخستن و سانسۆرکردنی ئەندامەکانیان لە چالاکی سیاسیی بووە، بەڵام ئەوە سەرەنجام دادگای دەستووری بڕیاری داخستنەکەی گۆڕی بۆ سزادان بە بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلار.

## پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی و چارەسەری کێشەی کورد کرا بە قوربانی بەرژەوەندی حزبایەتی

ئاشکرایە ناوچە کوردییەکانی تورکیا یەکێکن لەو ناوچانەی کە AKP بۆ هەڵبژاردنەکان پشتی پێدەبەستێت و لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا کوردی تورکیا بەشێکی زۆری دەنگی AKPداوە، لەبەر ئەوەی راستە DTP بە پارتێکی کوردی ناسراوە، بەڵام رێژەی ئەو دەنگانەی بە DTP دراون چواریەکی ئەو دەنگانەیە کە کورد لە تورکیا هەیەتی، ئەمەش مانای ئەوەیە زۆرینەی دەنگەکانی کوردی تورکیا بۆ AKP بوون، هەندێك لە چاودێرانی بارودۆخی سیاسیی تورکیا هەنگاوەکانی AKP لەو رووەوە هەڵدەسەنگێن کە لەگەڵ دەسپێکی پرۆسەی کرانەوە و چارەسەری کێشەی کورد لە حوزەیرانی رابردوو لەلایەن حکومەتی ئەردۆگانەوە، ئەردۆگان دەیزانی کە دەنگی ناسیۆنالیستە توندڕۆکانی تورکیا دەدۆڕێنێت و کاریگەری لەسەر چارەنووسی AKP دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی ئایندە، بۆیە ئەو پێی وابوو ئەگەر ئەو دەنگانەش بدۆڕێنرێت ئەوا بەسەرخستنی پرۆسەی کرانەوە و هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەری کێشەی کورد، دەنگێکی زیاتر لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا بەدەستدێنێتەوە،بەڵام پاش دەسپێکی پرۆسەکە لە مانگی یەکەم و دووەم پشتگیری DTPبۆ هەنگاوەکانی حکومەتەکەی ئەردۆگان، DTP ئەم پرۆسەیەی لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا وایپیشاندا کە وا پرۆسەی DTP یەو هەوڵیدا ئەمە بکاتە فاکتەرێك بۆ بە جەماوەری بوونی DTP لە هەڵبژادنەکانی داهاتووی تورکیادا، ئەم حاڵەتەش بە بۆچوونی هەندێك لە چاودێرانی بارودۆخی تورکیا، ئەردۆگان و AKPی نیگەران کرد، لەبەر ئەوەی لەلایەك دەنگی ناسیۆنالیستە توندڕۆکانی تورك دەدۆڕێنێت و لەلایەکی دیکەش دەنگێکی زۆری ناوچە کوردییەکانی تورکیاشی لەدەست دەچێت و دەنگەکان دەچن بۆ DTP، هەر بۆیە ئەو چاودێرانە وای دەبینن عەبدوڵڵا گولی سەرۆك کۆماری تورکیا کە کاندیدی AKP بووە کە بۆتە سەرکۆماری تورکیا، زۆر بەساردی داکۆکی دژایەتی داخستنی DTPی کردووە و رایگەیاندووە دەبێت DTP بە بڕیاری دادگای دەستوورییەوە پابەند بێت و دەستووری تورکیا پێشێل نەکات، ئەم هەنگاوە کە تەنها شیکردنەوەی سیاسیی چەند چاودێرێکی سیاسییە، بەڵام ئەگەر وەك گریمانەیەکی سیاسیی وەربگیرێت دەبین بەرژەوەندی حزبایەتی لە تورکیا چ کارەساتێك رووبەرووی ئایندەی تورکیا

**دادگای دەستووری بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی داوە، یان راشکاوانەتر نایەوێت هاوشانی پارتی داد و گەشەپێدانی حکومڕان هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت**

**داخستنی دەتەبە باشترین بیانوو دەبێت بۆ چەکدارانی پەکەکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە روو بکەنەوە چیا**

دەكاتەوە:
١- ئەو هەنگاوەی پێش نزیکەی پێنج مانگ لە ناو حکومەتەکەی ئەرۆدگان دەستی پێکرد، روخساری تورکیای لەسەر ئاستی جیهان گۆڕی تەنانەت لەسەر ئەم هەنگاوە بوێرانەیەی ئەردۆگان لەم چەند مانگەی دوایی هەڵیگرت، سەرۆك ئۆباما پێشنیاری کردبوو کە ئەردۆگان خەڵات بکرێت، بەداخەوە بەم بڕیارەی دادگای دەستووری تورکیا، جارێکی دیکە تورکیا سەردەمانێکی زۆر گەڕایەوە بۆ دواوە.
٢- رۆشنبیران و دیموکراتیخوازانی تورکیا کە بەشێکیان لە هەفتەی رابردوو پێش دەرکردنی بڕیاری دادگای دەستووری تورکیا ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان قسەمان لەگەڵ کردبوون و ستایشی هەوڵەکانی بەڕێز ئەردۆگانمان کردبوو، ئەوانیش زۆر بەحەماسەوە ئەوەیان پێ راگەیاندین، کە تورکیا بە قۆناخێکی نوێدا تێدەپەڕێت و خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دەسەڵاتی عەسکەر لە حکومەت جیابکاتەوە، بەڵام ئەم بڕیارەی دادگای دەستووری بەداخەوە جارێکی دەسەڵاتی عەسکەری لە ناو حکومەتی تورکیا زیندوو دەکاتەوە ودەسەڵاتی مەدەنی لاواز دەکات.
٣- ئەگەر بەپێی ئەو گریمانەیەی سەرەوە سەیری هەڵوێستەکانی ئەم دوایەی DTP و AKP بکەین، بەو جۆرە بێت کە هەندێك چاودێر بۆی دەچن، دەبینین زەرەمەندی گەورە لەم پرۆسەیەدا هەردوو حزبی DTP وAKP لەبەر ئەوەی راستە DTP داخرا، بەڵام AKP ئەو پێگەیەی لەناو کوردی تورکیادا نامێنێت و باجێکی گەورە دەدات و زەمینەیەکی لەباریش بۆ پارتە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا دەڕەخسێنێت،کە بینەوە بە خاوەنی مەدێکی جەماوەری و هێندەی دیکە پێ لەسەر ئەوە دابگرن هەنگاوەکانی دەستپێشخەری بەرەو کرانەوە و دیموکراتی و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد، خیانەتی نیشتمانی یە.
٤- دروستبوونی ئەم باردۆخە تورکیا بە جارێك لە ئەندام بوون لە یەکێتی ئەورووپا دوور دەخاتەوە، هەروەها ئەو ناوچە فراوانە کوردیەی تورکیاش کە هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بوون باری نائاسایی کۆتایی پێبێت و بوژانەوە بە خۆیە ببینێت جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە قۆناخی پشتگوێ خستن و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ژەنراڵەکان، کە




ئەم بڕیارەی دادگای دەستووری بەداخەوە جارێکی دەسەڵاتی عەسکەری لە ناو حکومەتی تورکیا زیندوو دەکاتەوەو دەسەڵاتی مەدەنی لاواز دەکات

گرنگە کە AKP لانی کەم دەستبەرداری ئەو پەرلەمانتارە کوردانە نەبێت کە لەپەرلەماندا بونیان هەیە، دەبێت هەوڵ بۆ ئەوە بدات مانەوەی ئەو پەرلەمانتارانە پەیوەندی بە داخستنی DTP وەوە نەبێت




هیچ دوورنییە جارێکی سەردەمی کودەتا سەربازییەکان لە تورکیا دەست پێبکاتەوە.

**٥-** دەبوو لەم پرۆسەیەدا کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش و هەماهەنگی نزیك لە نێوان هەردوو پارتی DTP و AKP هەبووایە، لانی کەم بۆ ئەم قۆناخە بەرژەوەندی کرانەوەی دیموکراتی و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەسەروو بەرژەوەندی حزبی AKP یان DTP سەیر بکرابایە و ئەوە نەبوایە کێشە لە ناوچە کوردییەکان DTP دەنگی زیاتر دەهێنێت یانAKP، لەبەر ئەوەی کە پرۆسەی کرانەوە و دیموکراتی و چارەسەری ئاشتیانەی کورد لە بار چوو، ئەوا چارەنووسی AKP ئەگەر داشنەخرێت ئەوا لە چارەنووسی DTP باشتر نابێت.

**٦-** بۆ ئێستاش گرنگە کە AKP لانی کەم دەستبەرداری ئەو پەرلەمانتارە کوردانە نەبێت کە لەپەرلەماندا بونیان هەیە، دەبێت هەوڵ بۆ ئەوە بدات مانەوەی ئەو پەرلەمانتارانە پەیوەندی بە داخستنی DTP ەوە نەبێت ویاسایەك دەربچێت مافی گروپی کەمینەکان لە پەرلەماندا بپارێزێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو گروپە لە ناو پەرلەمان بوونیان نەما، ئەوا ئەو لیژنانەی دامەزرێنراون کە بەردەوام کار بۆ سەرخستنی دەسپێشخەری کرانەوە بەرەو دیموکراتی بکەن، ئەوا هیچ بایەخێکی نامێنێت و هێندەی دیکە نفوزی ناسیۆنالیستەکان لە پەرلەمانی تورکیادا زیاتر و کاریگەرتر دەکات.

## تورکیا دەوڵەتێکی گەورەیە

شایستەی ئەوە نییە بگەڕێتەوە بۆ دواوە کاتێك کارەساتێکی وا دێتە پێشەوە زۆر زەحمەتە بتوانین خۆمان لە هەست وسۆز دابماڵین و بەشێوەیەکی واقیعیانە باردۆخە ببین، ئەمە تەنها کێشەی ئێمە نییە، بەڵکو کێشەی رۆشنبیران و نوسەران و رۆژنامەنووسانی تورکیاشە، ئەوانەی دەیانەوێت تورکیا وەك دەوڵەتێکی گەورە و پێشکەتووی دیموکراتی ببینن نەك دەوڵەتێکی بەهێزی سەربازی، بۆیە کاتێك ئەم راپۆرتە ئامادە دەکەین، ئەوەمان لەبەر چاوگرت، کە گرنگە هاوکات کە ئێمە بۆچوون و شیکاری خۆمان لەسەر ئەم پرسە گرنگە بۆ خوێنەری خۆمان دەخەینە روو، چەند رۆژنامەنووس و ئەکادیمیستی تورکیش بەشدارمان بێت بۆ ئەوەی دیوەکەی دیکەی خەمخۆری ئەو خەڵکانەش بخەینە روو کە هەست دەکەن ئاییندەی تورکیاو ناچەکە لە ئاشتی و دیموکراتیدایە نەك لە گەڕانەوە بۆ چارەسەری سەربازی، بەڵام لەمەش گرنگتر کە لەم راپۆرتە لەبەر چاومان گرتووە، هەڵمانداوە چەندکەسێکی پسپۆر لەسەر دۆسیێی تورکیا کە نە کورد بێت نە تورك بەشداریمان بکەن،بۆ ئەوەی پیشانی خوێنەری خۆمانی بدەین کە مەسەلەکە تەنها ئەوەندە نییە پارتێکی کوردی لە تورکیا داخراوە و ئێمە وەك کورد هەست و هاوسۆزی خۆمان دەربرین و دژی حکومەتی تورکیا هەڵوێست وەربگرین، یان ئەو بەڕێزانەی وەك هەردوو رۆژنامەنووسی گەورەی تورکیا سامی کۆهین و محەمەد عەلی بیراند کە لەم راپۆرتە بەشداریان کردووین، پشتگیری بریارەکەی دادگای دەستووری تورکیا بکەن و دژی کورد DTP رابوەستن.

ئەم راپۆرتە وای دەبینێت لێرەوە دەکرێت، رۆشنبیران رۆژنامەنووسان چ کورد بن یان تورك یان غەیرە کورد و تورك، لەسەر زەمینەیەکی هاوبەشی چارەنووسساز موناقەشەیەکی واقیعیانە بکەین و ئەو خاڵە هاوبەشانە بدۆزینەوە کە خەمی هاوبەشی هەمووومانە کە ئەویش ئاشتی و دیموکراتیە، لەهەمان کاتدا دەبێت ئەو خاڵە گرنگەش لەبەرچاو بگرین، کە لایەنگرانی ئاشتی و دیموکراتی لەتورکیا هەتا ئێستاش نەبوونەتە ئەو بۆچوونە کاریگەرەی کە حساب بۆ نەیارەکانیان نەکەن، ئەمە ئەو مەترسیەیە کە

**لایەنگرانی ئاشتی ودیموکراتی لەتورکیا هەتا ئێستاش نەبوونەتە ئەو بۆچوونە کاریگەرەی کە حساب بۆ نەیارەکانیان نەکەن**



وامان لێدەکات، لەسەر مەترسی بەرزبوونەوەی سۆز و هەستی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی تورك و کورد رابوەستین و رێگە بەوە نەدەین ئەم هەست وسۆزە بەجۆرێك باڵ بەسەرماندا بکێشێت، کە کێشەی کورد لە تورکیا بخاتە چوارچێوەی کێشەی نێوان نەتەوەی کورد و تورك. کە ئەمە روویداوە ئیدی بوارێك بۆ دیالۆگ و لێکتێگەیشتن نامێنێتەوە و ئەوەی لایەنە خێرەکان بونیادی دەنێن دەکەوێتە ژێر دەست و پێی ئەو توندرۆ و کەلەرەقانەوە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی جارێکی دیکە هەڵوەستە لەسەر ئەو چەند دێرە بکەینەوە کە مەتین مونیر لە میللیەت ئاماژەی پێکردووە، ئەم قۆناخە، قۆناخی تاقیکردنەوەیە بۆ ئەوەی بزانین گەمژەکان چەند گەمژەن و ئەوانەی ئارام دەگرن و نائومێد نابن چەند دەتوانن ئارامبگرن، توندرۆکان تاچەند کەلە رەقی دەنوێنن؟ سەیر کەن لەم هاوکێشەی مونیر لە تەنها دێرێکدا خستویەتە روو، دەبینن ئەوانە پەرۆشی ئایندەی دیموکراتی وپێکەوەژیانن لە تورکیا، ئەو کەسانەن کە نابێت ئەم باردۆخە کاریان لێبکات و نائومێد بن،دەبێت ئەم قۆناخە ببێتە ئەزموونێك بۆ ئەوەی بزانن تاچەند ئارام دەگرن، بەڵام ئەم ئارام گرتنە لەبەرامبەر دوو لایەنە یەکەمیان گەمژەکانە کە هەست بە گرنگی پرۆسەی ئاشتی و دیموکراتی ناکەن، کەپێویستە هۆشیار بکرێنەوە و لەسەر ئەو گەمژەییە بەردەوام نەبن، دووەمیشیان توندرۆکانی هەردوولایە کە بەرژەوەندیان لە ئاشتی ودیموکراتیدا نییە و هەمیشە کەلە رەقن بۆ ئەوەی پرۆسەکە لەبار بەرن،ئەمەی دواییان کە بێگومان هەم لە لایەنی کوردی بوونی هەیە و هەم لەلایەنی تورکیش بوونی هەیە، هەموو کات هۆکاری سەرەکی ئالۆزبوونی زیاتری کێشەکە بوون و بەردەوام بەدوای ئەوەدا گەڕاون کە شەرعییەت بۆ توندوتیژی بدۆزنەوە و چارەسەری کێشەکان لە چارەسەری سەربازیدا بچووك بکەنەوە، بۆیە ئەگەر ئەم لایەنەی سێیەمیان باڵ بەسەر لایەنی دووەمدا بکێشێت و ئیقناعیان بکات کە چارەسەر تەنها چارەسەری سەربازی و توندوتیژییە، ئەوا لایەنی یەکەم کە دیموکراتیخوازانن ناتوانن رێگە بەو تەوژمە بگرن کە کیشەکە دەکاتە کێشەی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و تورك.ئەم کێشەیە کە ئێستا ئێمە لەم راپۆرتە زۆر گرنگی پێدەین و تا دوا رادە لێی دەترسین بەرەنجامی ئەزمونێکی دوور درێژی خەباتی رزگاریخوازی شۆرشەکانی کوردستانی عێراقە کە بەرێبەرایەتی بارزانی مستەفای نەمر کە هەر لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە ئەو خاڵە گرنگەی فەرامۆش نەکرد و هەوڵیدا رێگە لەوە بگرێت کێشەی کورد لە عێراقدا ببێتە کێشەی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب، بۆیە بارزانی نەمر لە ساڵی **١٩٤٣** بەنامەیەك عەبدولرەحمان عەزام پاشای ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی ئاگادار کردەوە کە شۆرشی کوردستان دژی گەلی عەرەب و بەرژەوەندییەکانی گەلی عەرەب نییە، ئەم هەنگاوە وایکرد ئەقلییەتی عەرەبی عێراق بگۆڕێت بەرامبەر شۆرشی کوردستان گەلی عەرەبی عێراق لەگەڵ شۆرشی کورد هاوسۆز بێت، لە کاتی گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ بەغدا هەموو گەلانی عێراق پێکەوە پێشوازی لێبکەن. ئەمە مێژوویەکی گەورەیە ئەمڕۆ لەم قۆناخەدا سوودی لێوەربگیرێت، بەتایبەتی کە دەسەڵاتی سیاسیی لەهەرێمی کوردستان لە هەردوولاوە کاریگەری لەسەر حکومەتی تورکیا و کوردی تورکیا هەیە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پارسەنگی هاوسەنگی هێز بەلای دیموکراتی خوازان و لایەنگرانی چارەسەری ئاشتیانە کێشەی کورد لە تورکیا بشکێتەوە و ئەو زەمەنە کۆتایی پێبێت کە جارێکی دیکە تورکیا بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە ناخۆشانەی، کە شایستەی ئێستای تورکیا نییە.

**بارزانی نەمر لە ساڵی ١٩٤٣ بەنامەیەک عەبدولرەحمان عەزام پاشای ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی ئاگادار کردەوە کە شۆرشی کوردستان دژی گەلی عەرەب و بەرژەوەندیەکانی گەلی عەرەب نییە**

محەممەد عەلی بیراند ڕۆژنامەنووسی ناسراوی تورکیا بۆ گوڵان :

# لە هەرلایەکەوە سەیری بڕیاری داخستنی DTP بکەین هەست دەکەین بەرەنجامی سلبی لێدەکەوێتەوە

**ڕۆژنامەنوسی ناوداری هەردوو ڕۆژنامەی بە ناوبانگی میللییەت و حوریەت دیلی نیوز و پێشکەشکاری بەرنامەی سیاسیی تەلەفزیۆنەکانی تورکیا لەوە ناسراوترە ئێمە بە خوێنەرانی گوڵانی بناسێنین، هەروەها یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی بایەخێکی زیدەگرنگ بە کێشەی کورد لە تورکیا و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەدات، هەروەها لە کاتە زۆر سەخت و ناسکەکاندا بە بوێرانە رایەکانی خۆی لەسەر لاپەرەکانی میللەیەت و حوریەت دەیلی نیوز بڵاو دەکاتەوە، بیراند کاتێك نوسینەکانی ئاراستەی رای گشتی دەکات جیاوازە کە قسە بۆ گۆڤارێکی کوردی دەکات، بۆیە کاتێك خوێنەر ئەم دیمانە تایبەتەی گوڵان دەخوێنێتەوە و لەگەڵ ستوونەکەی ڕۆژی ١٢/١٨ی حوریەت دەیلی نیوز بەراوردی بکەین، دەبینێت بە ئاسانی هەست دەکەیت نوسەری ستوونەکەی حوریەت زۆر پێ لەسەر تورك دادەگرێت و ڕەخنەی توندیان لێدەگرێت، بەڵام هەر بیراند لە گوڵان ڕەخنەی توند لە پەکەکە و لایەنی توندڕۆیی کورد دەکرێت، ئێمە پێشتر ئەم پرسیارەمان لەبەرێز بیراند کردووە بۆچی کە لە حورییەت یان لە میلییەت دەنووسی ڕەخنەکانت ئاراستەی تورك دەکەیت و لەگەڵ گوڵان ئاراستەی کوردی دەکەیت، زۆر ڕاشکاوانە پێی گوتین لەبەر ئەوەی کاری من ئەوەیە هەڵەکانی هەردوولا پیشان بدەم بەڵام هەر لایەك لە شوێنی خۆیدا،بیراند ئەمجارەش بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** هەنگاوەکانی پێنج مانگی ڕابردووی حکومەتەکەی ئەردۆگان، بەشێوەیەکی زۆر ئیجابیانە بارودۆخی تورکیای لەسەر ئاستی جیهان گۆڕی، بەڵام بڕیاری دادگای دەستووری تورکیا بە قەدەغەکردنی DTP حکومەتی ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی گەورە کردەوە، ئایا تاچەند داخستنی دەتەپە بە زیان بۆ هەنگاوەکانی کرانەوەی حکومەتی ئەرۆدگان دەشکێتەوە و کێن ئەو لایەنانەی لەم بڕیارەی دادگای دەستوریی تورکیا سوودمەند دەبن؟**

- لەهەر لایەکەوە سەیری داخستنی دەتەپە بکەین و ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە بڕیارێکە و کاریگەری سلبی لێدەکەوێتەوە. ئەم بڕیارەش پەکەکەی خۆشحاڵکرد. چونکە دەنگە بنچینەییەکانی خۆیی بۆ دەگەڕێتەوەو دەڵێت» سەیرکەن تورکەکان لە پەرلەماندا تەحەمولی نوێنەرایەتیکردنی کورد ناکەن» ئەمە دەڵێن و سوریشن لەسەری. بەمانایەکی تر سوودمەندی سەرەکی لەم بڕیارەدا پەکەکە دەبێت، لەبەر ئەوە کرانەوەکەی ئەردۆگان پەکەکەی بێتاقەت کرد. لەگەڵ ئۆجەلانیشدا ئەم بەردەوامبوونە ڕوو لە زیادبوونە. لێرەدا ئەوەی گرنگە AKP بەناوی تازەوە زیاد دەکات و کوردە ڕەسەنەکان لەگەڵیدا دەبن و سەرکەوتووتردەبن.

*** تاچەند ئەم بارودۆخە دەبێتە دەرگایەك بۆ هاتنەوەی دەسەڵاتی عەسکەر لە تورکیادا، لەبەر ئەوەی زۆر لە چاودێران پێیان وایە ئەم بڕیارەی دادگای تورکیا هەڵوێستێکی سیاسی پێشوەختەیە بەرامبەر بە چارەسەری ئاشتیانەی کورد، ئەم بڕیارە سیاسییەش تەرجەمەکراوە بۆ بڕیارێکی یاسایی، ئایا تاچەند بەڕێزت ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکەیتەوە؟**

لەم بارودۆخەدا دەسەڵاتی سەربازی زیاد دەکات، هەرچەندە کاریگەری هێزی سەربازی زیاد ناکات. بۆ ئەمڕۆی تورك هێزی چەکداری گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و ئەمەش نازانرێت چەندە دەخایەنێت، هەرچەندە هێز و سیاسەت نابێت چاوەڕێی دەست تێوەردانی لێبکرێت. لێرەدا ئەردۆگان لەم بڕیاری ئەنجومەندا هیچی پێناکرێت و لەهەمان کاتیشدا نە کاریگەری هەیە و نەدەسەڵات.

*** ئەی تاچەند ئەم بڕیارە زیانی بە تورکیا گەیاند بەو حسابەی تورکیا دەوڵەتێکی دیموکراتییە؟**

- ئەم بڕیارە دووبارە تورکیای گەڕاندەوە ئەو خاڵەی کە تەنها بەڵێن نابێت. ئیتر بۆ چارەسەری کێشەی کورد پرۆسەکە دەستی پێکردووە. ئەگەر دەست هەڵگرین و بڵێین ئەو کارە نابێت ئەم دۆسیەیە داناخرێت. دەستوری مەحکەمە دەبوو



سەیرکەن تورکەکان لە پەرلەماندا تەحەمولی نوێنەرایەتیکردنی کورد ناکەن



ئەم بڕیارەی هەموار بکردایە یاخود بۆ هاوسەنگی هێز ئەم دەستورە دەبووایە پێشتر بگۆڕدرایە یان داخستنی پارت نابێت ببێت ( ئیمکانی نییە)، لێرەدا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بابەتە و دەستپێکی کار ڕای گشتی کورد باوەڕی پێ بهێنرێت.

*** بەڵام تێکچوونی کەشوهەوای سیاسی تورکیا لەکرانەوە بۆ دیموکراتی و گەڕانەوە بۆ داخستنی حزبە سیاسییەکان،ئەمە خۆی لە خۆیدا کودەتایە بەسەر دیموکراتیدا، ئایا دەتوانین لە وڵاتیکدا حزبی سیاسی دابخرێت دیموکراتی بوونی هەیە؟**

- داخستنی دەتەپە لەمەودوا بەمانای کۆتایی هاتن و دواخستنی پرۆسەی دیموکراتی نایەت لە تورکیا. بەپێچەوانەوە هەوڵدانێکە خێرابوونی ماوەی دیموکراسی لەبارتر دەکات و ڕای گشتیشی دەوێت.

*** ئێمە هەموو دەزانین AKP هەنگاوی بوێرانەی هەڵگرت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو خەڵکە کوردەکەی تورکیا دەنگی خۆیان بە AKP دا،ئایا بڕیارەکەی دادگای دەستووری گورزێکیش نییە بۆ AKP؟**

- ئاك پارتی بۆ ڕزگاربوون لەم تەنگژەیە تەنها ڕێگەی خێراکردنی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی یە یان خۆی لە بەرەو پێشچوونی بڕیار نەدزێتەوە. ڕێگەکەی تر نابێت، ئێمە ئەمە دوابخەین زۆر دەنگ لەدەست دەدەن. ئەمڕۆ ئەردۆگان پێویستی بە سەرکەوتنە. لەم ڕوانگەوە ئەوەی لەدەستی دێت لە هەڵبژاردنەکاندا دەیکات.

*** سەبارەت بە کاریگەری ئەم بڕیارە لەسەر پرۆسەی بەئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورپا، ئایا تاچەند ئەم بڕیارە ئاستەنگی زیاتر لەبەردەم تورکیا بۆ بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا دروست دەکات؟**

- نێوان یەکێتی ئەوروپاو تورکیا کێشەکان ئەوەندە زۆرن بارودۆخەکەی هێناوەتە خاڵی سەرەتا، داخستنی دەتەپەش لەم کاتەدا کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات. لە پێش گشت شتێك یەکێتی ئەوروپا بۆ هاوسەنگ کردنی تورکیا لە کێشەی دەتەپە ئەم پرسیارەی هێنایە خاڵی سفر.

*** پێمان خۆش بێت یان پێمان ناخۆش بێت،بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کاریگەری لەسەر متمانەی کورد بە حکومەتەکەی ئەردۆگان دەبێت و تارادەیەك دەکەونە حاڵەتی بێ متمانییەوە، پرسیار ئەوەیە چۆن جارێکی دیکە ئەردۆگان دۆسێی ئاشتی دەکاتەوە؟**

- منیش هەمان ئەو شتانە دەڵێم،پێموایە ئەم بڕیارە باوەڕی کورد و ئەردۆگان بۆ چارەسەری کێشەی کورد زیاد دەکات. ئاگاداربن کورد دەڵێم پەکەکە ناڵێم،ئەمەش پێویستی بە بەدەست هێنانی هاوڵاتییە کوردە ڕەسەنەکانە، لە چاوەڕێ کردنەکانیاندا دەبێت چارەسەر بدۆزنەوە یاخود دەیدۆزنەوە.

*** بەڕێزت وەك ڕۆژنامەنووس و چاودێرێکی سیاسی ناسراوی تورکیا ئایندەی تورکیا چۆن دەبینیت، ئایا پێت وایە لەم قۆناخەدا بتوانرێت دەسەڵاتی عەسکەر لە حکومەت جیابکرێتەوە؟**

تورکیا تا ئێستا بەچەند قۆناغێکی خوێناویدا تێپەڕیوە، من باوەڕی تەواوم هەیە کە تورکیا لێرەدا ڕزگاری دەبێت. جێی خۆیەتی لە باکوری عێراقدا دۆستەکانمان لەم پرۆسەیەدا پشتگیری ئێمە دەبن. کێشەی پەکەکە تەنها چارەسەر لای تورکیا نییە، ڕۆژی هاوکاری و دۆستایەتی ئەمڕۆیە.

**نێوان یەکێتی ئەوروپاو تورکیا کێشەکان ئەوەندە زۆرن بارودۆخەکەی هێناوەتە خاڵی سەرەتا ، داخستنی دەتەپەش لەم کاتەدا کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات**

سامی کۆهین ڕۆژنامەنووسی ناسراوی تورکیا بۆ گوڵان:

# بڕیاری داخستنی DTP بڕیارێکی یاساییە
# بەڵام گرفتەکە ئەوەیە یاساکان دیموکراتی نین

**سامی کۆهین لەگەڵ ئەوەی بەرەگەز تورك نییە، بەڵام لە سییەکانی سەدەی ڕابردووە و دوای ئەوەی باوکی بۆ کاری دبلۆماتی دێتە تورکیا لە تورکیا دەژی و ئێستا وەك یەکێك لە ڕۆژنامەنووسە باش و بەناوبانگەکانی تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆی جیهان و تورکیا سەیر دەکرێت، کۆهین کە ستوونسوسی ڕۆژنامەی بەناوبانگی میللیەتی تورکیایە و بەزمانی تورکی دەنووسێت، بەڵام زۆربەی ستوونەکانی وەردەگێڕدرێت بۆ زمانی ئینگلیزی و بێجگە لە ڕۆژنامەی حوریەت دەیلی نیوز، لە زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەش بڵاو دەکرێنەوە کە لە تورکیا بەزمانی ئینگلیزی دەردەچن، هەروەها کۆهین وەك شرۆڤەکارێکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ناسراوە و لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە وەك شرۆڤەوانێکی بەناوبانگی سیاسیی بیروبۆچوونەکانی لەسەر پرسە گەرمەکان وەردەگێڕدرێت و بڵاو دەکرێتەوە، لەسەر ئاستی ڕۆژنامە گەورەو بەناو بانگەکانی جیهانیش کۆهین ئەو ڕۆژنامەنووسەیە کە زۆربەی ڕۆژنامەکان پەیوەندی پێوەدەکەن ستوونی تایبەتیان بۆ بنووسێت، بۆ ئێمەش وەك گوڵان جێگەی خۆشحاڵییە کە ئەم ڕۆژنامەنووسە جیهانییە لەزۆربەی پرس و ڕووداوە گەرمەکاندا ڕاوبۆچوونەکانی وەردەگرین و بەکوردی بە خوێنەرانی گوڵانی دەگەیەنین، ئەمجارەش سەبارەت بە دەرەنجامە خراپەکانی بڕیاری دادگای دەستووری تورکیا بە داخستنی DTP، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن.**

ئەردۆغان دوای دەرچوونی بڕیارەکە ڕایگەیاند سەرەڕای دەرچوونی ئەم بڕیارە ئەوا حکومەتەکەی بەردەوام دەبێت لەسەر گرتنەبەر و درێژەپێدانی سیاسەتی کرانەوە و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراسی کە لە چوارچێوەیدا پێشخستنی مافەکانی کوردیشی لەخۆگرتووە

*** بڕیاری قەدەغەکردنی پارتی دەتەپە لە لایەن دادگای دەستووری تورکیاوە بووە هۆی ئەوەی ئەم حکومەتی ئەردۆگان ڕوبەڕووی ئاستەنگێکی گەورە ببێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەم بڕیارە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئەو هەنگاوانەی بۆ کرانەوەی دیموکراتی و چارەسەری کێشەی کورد دەستی پێکرابوو؟**

- سەرەتا ئەمە بڕیاری دادگابوو، بڕیاری دادگای دەستووری وڵاتەکەیە، ئەویش بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی خستیەڕوو، لە ڕاستیدا هەموو کەسێك هاوڕا نییە لەگەڵ ئەوەی ئەمە بڕیارێکی ژیرانەبووە، لە تورکیادا ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە لە نێو سیاسییەکان و ڕۆشنبیران و بە تایبەتی لە نێو ڕۆژنامەنوساندا، کە ئەو بۆچوونە هەیە ئەمە بڕیارێکی ناڕەوایە و لە ڕووی عەمەلییەوە کارێکی سوودبەخش نییە کە پارتێکی سیاسیی قەدەغە بکەیت، ئێمە لە ڕابردوودا بەدەست ئەم کێشەیەوە ناڵاندومانە، لەبەر ئەوەی کە بڕیاری قەدەغەکردنەکی پارتە سیاسییەکان دراوە، لە ڕووی عەمەلییەوە نەبۆتە هۆی نەهێشتنی چالاکی ئەو لایەنە، ئێمە دەزانین دەتەپە نوێنەری لە پەرلەماندا هەیە و ئەمەش کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات.



بیروڕای شەخسی من ئەوەیە دەبوو ڕێگە لە چالاکی پارتی دەتەپە نەگیرایە، ئەگەرچی هەندێ لە ڕەفتارەکانی ئەم پارتە بوونەهۆی دروستبوونی گومان و نیگەرانی و چەندین جار ڕەخنە لە هەڵوێستی ئەم پارتە گیراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەدەبوو قەدەغە بکرێت،

بەڵام بە داخەوە ئەم بڕیارە دەرکرا و ئێستاش ئێمە ناتوانین کارێکی زۆر بکەین لەم ڕووەوە، من هیوادارم دەتەپە بتوانێت دووبارە خۆی دابڕێژێتەوە، بە تایبەتی ئەندام پەرلەمانەکان بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە چالاکییەکانی لە پێناو بنەما دیموکراسییەکان، ماف و ئازادییە دیموکراسییەکاندا.

*** چاودێران پێیان وایە ئەمە بڕیارێکی سیاسییە و گۆڕاوە بۆ بڕیارێکی یاسایی، هەروەها ئەمە سەرەتای گەڕانەوەی دەسەڵاتی سوپا و سەرهەڵدانەوەی توندوتیژییە، ئەگەر باروودۆخەکە بەشێوەیە بێت، ئایا ئەردۆغان چۆن دەتوانێت ڕاستی بکاتەوە؟**

- زۆر کەس ڕەخنەی ئەوە دەگرێت ئەمە بڕیارێکی سیاسی بوو نەك بڕیارێکی یاسایی، بەڵام ئێمە دەزانین دادگا لەسەر چەند بەڵگەیەك ئەو بڕیارەی دەرکردووە کە ئەو بەڵگانەش پشت بە یاساکان دەبەستن، کێشەکە ئەوەیە هەندێ لەو یاسایانەی لە ئارادان یاساگەلێکی دیموکراتی نین، واتە ئەم یاسایانەش پێویستیان بە پێداچوونەوە و گۆڕین و هەموارکردن هەیە، کە لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵی گۆڕینی ئەم یاسایانە و تەنانەت دەستووریش درا، بەڵام بە داخەوە پەرلەمان لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو

نەبوو، بۆ نموونە پارتەکەی ئەردۆغانیش لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی ئیجرائاتی داخستن بۆوە، بەڵام بە دەرئەنجامێکی جیاواز کۆتای هات، من پێم وایە ئەو کەسایەتی و لایەنە سیاسیانەی سکاڵا لەبارەی ئەم یاسایانەوە دەکەن کە دادگاکان پشتی پێدەبەستن بۆ قەدەغەکردنی پارتە سیاسییەکان دەبێت هەوڵی گۆڕینی ئەم یاسایانە بدەن، ئەو کاتە دادگاکانیش ناتوانن ئەم بڕیارانە دەربکەن.

*** بارودۆخی ناسەقامگیری و ڕاگەیاندنی بارێکی سیاسیی نائاسایی لە ناوچە کوردییەکاندا، سەرەڕای ئەوەی گورزێکە لە ئابووری تورکیا، چونکە دەبێتەهۆی دروستبوونی ئاستەنگ لە بەردەم کار و وەبەرهێنان لەو ناوچانەدا، ئەوا هەوڵەکانی تورکیاش دەگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سفر، بۆ چوارگۆشەی یەکەم، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت کاریگەرییە خراپەکانی ئەم بڕیارە لەسەر کەمبکاتەوە؟**

- ئێمە باس لە دەرئەنجامە سیاسییەکانی ئەم بڕیارە دەکەین، بەڵام دادگاکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەمە بڕیارێکی یاسایی بووە چونکە پشتی بەو یاسایانە بەستووە کە لە ئاراداں جا یاساگەلێکی باش بن یان خراپ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئاکامە سیاسییە خراپەکانی ئەم بڕیارەمان بینی لە شێوەی ئەو کاردانەوەی دروست بوو، وەك جوڵەی جەماوەری، هەندێ کردەوەی تیرۆریستی و توندوتیژی، ئەمە لە کاتێکدا کە هەنگاو دەنرا بەرەو کرانەوە و ئاساییکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی، من پێم وایە ئەمە گورزێك بوو لەو هەوڵانە، هەروەها ئەمە ئیحراجبوونێك بوو بۆ سەرۆك وەزیران و حکومەتی تورکیا، هەرچەندە بەڕێز ئەردۆغان دوای دەرچوونی بڕیارەکە لە کۆنیاوە ڕایگەیاند سەرەڕای دەرچوونی ئەم بڕیارە ئەوا حکومەتەکەی بەردەوام دەبێت لەسەر گرتنەبەر و درێژەپێدانی سیاسەتی کرانەوە و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراسی کە لە چوارچێوەیدا پێشخستنی مافەکانی کوردیشی لەخۆ گرتووە.

*** ئەم بڕیارە سەلماندی کە هەنگاونان بەرەو دیموکراسی و دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەکان لە تورکیادا کارێکی ئاسان نییە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك بڕیاری داخستنی پارتی دەتەپە دەبێتەهۆی دواخستنی هەوڵەکانی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراسی لە تورکیادا؟**

- پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمە گورزێك بوو لەو هەوڵانە، لەگەڵ ئەوەشدا من هیوادارم نەبێتەهۆی وەستاندنی ئەم پرۆسەیە، لە ڕاستیدا ئەوەی لەسەر شەقامەکان ڕوودەدات نیگەرانم دەکات و من ئومێدەوارم هەردوولا بە شێوەیەکی عەقڵانی ڕەفتاربکەن.

*** ئایا ئەم بڕیارە دەبێتە گورزێك بۆ AKP لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن پارتی داد و گەشەپێدان دەتوانێت خۆی لەم قەیرانە ڕزگاربکات؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی داهاتووەوە هەبێت ئەوا هێشتا دوو ساڵی ماوە بۆ ئەو هەڵبژاردنانە، لەبەر ئەوە ڕەنگە هێشتا زوو بێت بۆ ئەوەی کاریگەری ئەم بڕیارە لە سەر پێگەی پارتی داد و گەشەپێدان هەڵسەنگێنین و ئەوە دیاری بکەین کاریگەرییەکە ئیجابی دەبێت یان سلبی، خاڵی دووەم ئەوەیە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کارێکی ژیرانە دەکات، گەر بتوانێت دووبارە خۆی ڕێکبخاتەوە و بچێتە پاڵ یەکێك لەو پارتانەی لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا چالاکن، واتە ئەم پارتە دەتوانێت بە شێوەیەکی دیموکراسی دووبارە بگەڕێتەوە بۆ شانۆ سیاسییەکە ئەویش لە ژێر چەتری یەکێك لەو پارتانەی حاڵی حازر لە ئارادان، واتە ئەندام و سیاسەتمەدار و ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەتوانن بە شێوەیەکی دیکە بەردەوام بن لەسەر چالاکییە سیاسییەکانی خۆیان.

*** ئەم بڕیارە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر ئەگەری بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن حکومەتەکەی پارتی داد و گەشەپێدان دەتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەربکات، بێ ئەوەی کاریگەری خراپی لەسەر بە ئەندام بوونی تورکیا بەجێبهێڵێت لەم یەکێتییەدا؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە کاردانەوەی هەبوو لەناو پەرلەمانی ئەورووپادا، بۆ نموونە هەندێك لە ئەندامە پەرلەمانەکان ڕەخنەی توندیان لەم بڕیارە گرتووە، لە هەمان کاتدا چەند بەرپرسێکی یەکێتی ئەورووپاش بەرهەڵستی خۆیان دەربڕیوە لە ئاست ئەم بڕیارەدا، بە هەمان شێوە خەڵکانێکی دیموکرات و لیبراڵ، لە نێویاندا هەندێ لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانیش، لە نێویاندا بەندە، باوەڕیان وایە ناکرێت پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە تورکیادا بەرەوپێش بچێت، ئەگەر جار جار ئەم گوزرە لە پارتە سیاسییەکان بدرێت و بڕیاری قەدەغەکردن و داخستنیان دەربکرێت. کەواتە ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکە ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەم بڕیارە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی ئەورووپادا، ئێمەش خوازیاری ئەمە نین.

*** پێمان خۆش بێت یان نا ئەم بڕیارە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو کوردانەی لە حکومەتدان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر ئەمە ڕوویدات چۆن ئەردۆغان دەتوانێت باس لە کرانەوە بکات بە ڕووی کوردەکاندا؟**

- ئەوە ڕاستە، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پرۆسەی کرانەوە لە ئاست کوردەکاندا بەردەوام دەبێت یان نا، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی ئەو کاردانەوەیەی لە نێو کوردەکاندا دروستبووە بەهۆی ئەم بڕیارەوە. ئەم بڕیارە شۆکێك بوو بۆ ئێمە، بەڵام هیوادارین بتوانین بەسەر ئەم شۆکەدا زاڵ بین و پرۆسەکە ئاسایی بێتەوە و پارتی دەتەپەش بتوانێت دووبارە خۆی ڕێکبخاتەوە، هەروەك بەڕێز ئەردۆغانیش ڕایگەیاند کە هیچ شتێك ناگۆڕێت و ئەو بەردەوام دەبێت لەسەر هەوڵەکانی بۆ کرانەوە بە ڕووی کوردەکاندا.

*** ئایندەی تورکیا چۆن دەبینیت ئەمە لە کاتێکدا ناتوانێت دەسەڵاتی سەربازی و مەدەنی بە ئاسانی لێکجیابکرێتەوە؟**

- نابێت ئەم بڕیارەی دادگا پەیوەستبکەینەوە بە دەسەڵاتی سوپاوە، چونکە سوپا لە دەرەوەی وێنە سیاسییەکەیە، نابێت ئەم هەڵەیە بکەین، هەروەها سوپاش لە بارێکی دژواردایە، بە تایبەتی بەهۆی هەڵکشانی توندوتیژییەوە، باوەڕم ناکەم کەس بەم بارودۆخە خۆشحاڵ بێت، تەنانەت ئەو کەسانەی لە سوپاشدان.

**پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کارێکی ژیرانە دەکات، گەر بتوانێت دووبارە خۆی ڕێکبخاتەوە و بچێتە پاڵ یەکێك لەو پارتانەی لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا چالاکن، واتە ئەم پارتە دەتوانێت بە شێوەیەکی دیموکراسی دووبارە بگەڕێتەوە بۆ شانۆ سیاسییەکە**

**ناکرێت پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە تورکیادا بەرەوپێشبچێت، ئەگەر جار جار ئەم گوزرە لە پارتە سیاسییەکان بدرێت و بڕیاری قەدەغەکردن و داخستنیان دەربکرێت**

د.محەمەد نورەدین پسپۆر لەسەر تورکیا بۆ گوڵان:

# هەرکاتێک سوپا نەتوانێت دەستێوەردان بکات و کودەتا ئەنجامبدات دەسەڵاتی قەزائی چالاکی پارتە سیاسییەکان رادەگرێت

**د.محەمەد نورەدین پسپۆر و تایبەتمەندی ناسراو لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەسەر کێشەی کورد و تورکیا خاوەنی چەندین کتێبە لەسەر تورکیا، هەروەها بەردەوامیش لە رۆژنامەکانی لوبنان وەك ( النهار و السفیر و الشرق) وتارەکانی لەسەر تورکیا بڵاو دەکاتەوە سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای تورکیا د.محەمەد نورەدین بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

ئامانجی ئەم بڕیارە ئەوەیە کۆسپ بخاتە بەردەم ڕەوتی چاکسازی و پرۆسەی پتەوکردنی دیموکراسی لە تورکیادا کە لە لایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە ئەنجامدەدرێت

*** بەم دواییە حکومەتی تورکیا چەند هەنگاوێکی هەڵگرت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بە شێوەیەکی ئاشتیانە، بەڵام دادگای دەستوری ئەو وڵاتە بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەرکرد، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەسەر ئەم پەرەسەندنە مەترسیدارانەی ئەم دواییەی تورکیا؟**

- بڕیاری دادگای دەستوری تورکیا بە قەدەغەکردنی ئەم پارتە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی پلانی حکومەت کرا بۆ کرانەوە بە ڕووی کوردەکاندا، هەروەها بۆ تێکڕای ئەو هەوڵانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا دراون. هەروەها ئەم بڕیارە گورزێکی کەمەرشکێن و بەهێزی لەو ڕەوتە چاکسازییە وەشاند کە حکومەتەکەی داد و گەشەپێدان لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە پێی هەستا. کەواتە ئەمە بڕیارێکی ئاسایی یان ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو لە پەیوەندیدا بە کێشەی کوردەوە، بەڵکو ئامانجی ئەم بڕیارە ئەوەیە کۆسپ بخاتە بەردەم ڕەوتی چاکسازی و پرۆسەی پتەوکردنی دیموکراسی لە تورکیادا کە لە لایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە ئەنجامدەدرێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە دەبێت هەمووو هەوڵەکان چڕبکرێنەوە لە لایەن ئەو کەسانەی لە پارتی داد و گەشەپێداندا خوازیاری سەرخستنی ئەم ڕەوتی چاکسازییەن، کە دەبێت بزوتنەوەی کورد لە وڵاتەکەشدا، جا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بێت یان نوخبە کوردییەکانی دیکە هاوکاریان بکەن بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەم بڕیارە کە گوزارشتە لە هزری قووڵ و درێژخایەنی نوخبەی کەمالی لە تورکیا.

*** ئایا ئەم بڕیارەی دادگای دەستوری بە**



**ماناى گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەربازی دێت لە تورکیا؟**

هەر کاتێك لە تورکیادا هەوڵداربێت هەوڵە چاکسازییەکان یان دیموکراتییەکان لە ناوببردرێت ئەوا پەنا بۆ کودەتای سەربازی براوە، بەڵام ئەگەر نەتوانرابێت کودەتا ئەنجامبدرێت، ئەوا ئیعاز دراوە بە دەزگای قەزائییەکان بە تایبەتی دادگای دەستوری بۆ ئەوەی دەسەڵاتی پارتە سیاسییەکان بڕوخێنێت یاخود لیستێك یان پارتێکی دیاری کراو قەدەغە بکرێت و ڕێگەی چالاکی لێبگیرێت. من پێم وایە تا ڕاددەیەکی گەورە سەردەمی کودەتای سەربازی پاشەکشەی کردووە، بەڵام هێشتا دەسەڵات و نفوزی سوپا لە ژیانی سیاسیدا ماوە، ئەگەرچی بە ڕاددەیەکی کەمتریش بێت، ئەم بڕیارەش یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی دەستێوەردانی سەربازی لە ژیانی سیاسیدا و تا ڕاددەیەکیش کاردانەوەیە بۆ مەسەلەی ئەرگەنەکۆن کە سەلمێنرا چەندین جەنەراڵی گەورەی پێشوی سوپا و چەندین ئەفسەر کە ئێستا لە ڕیزەکانی سوپادان تێوەگلابوون لە پیلانگێڕییەکاندا کە ئامانج لێی ڕوخاندنی دەسەڵاتی داد و گەشەپێدان بوو، لەبەر ئەوە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەم بڕیارە تەنها ئاڕاستەی کوردەکان یان دژی کوردەکان نەبوو، بەڵکو دژی ئەو ڕەوتە چاکسازییە بوو کە حکومەتی تورکیا دەستیپێکردبوو، لە پشت ئەم بڕیارەشەوە هەموو ئەو کەسانە هەن کە زەرەرمەندن لە چارەسەربوونی کێشەی کورد و بەرژەوەندییان لەوەدایە بارودۆخە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ناوچەییەکە وەك خۆی بمێنێتەوە. گومان لەوەدانییە کە نوخبە توندڕەوەکان لە عەلمانی و کەمالییەکان لە پێش هەموویانەوە سوپا و دادگای دەستوری بەرهەڵستی ئەم ڕەوتە چاکسازییە دەکەن کە لە تورکیادا ڕودەدات.

*** ئێمە پێش دوو ڕۆژ بینیمان کە پەرلەمانتارە کوردەکان لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە نوێنەریان نامێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە لە کاتێکدا کوردەکان شێوازی ئاشتیانە و پەرلەمانی دەگرنەبەر، بەڵام بەم شێوەیە ڕێگەیان پێنادەن، ئایا چ ڕێگاچارەیەك لەبەردەم کوردەکاندا دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بیگرنەبەر؟**

- ئەمە کێشەیەکە تەنها پەیوەست نییە بە حکومەتی تورکیاوە، بەڵکو ڕوبەڕووی تێکڕای دەوڵەتی تورکی دەبێتەوە، چونکە

سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٦١)
٢٠٠٩/١٢/٢١

پرسیارەکە ئەوەیە لە حاڵەتی دورخستنەوە و قەدەغەکردنی چالاکی ئەو نوێنەرە کوردانەی کە بە شێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردراون و کار و چالاکیی سیاسی ئاشتیانە دەکەن، لە حاڵەتێکدا کە پەکەکە بە ڕێکخراو و پارتێکی تیرۆریستی دادەنرێت، ئایا حکومەتی تورکیا لەگەڵ چ لایەنێکی کوریدا گفتوگۆ و دانوستاندن دەکات، ئەمە قەیران و تەنگژەیەکی ڕاستەقینەیە تورکیا تێیکەوتووە و ڕێگەی دەربازبوونیش ئەوەیە حکومەت و دەوڵەتی تورکیا ئیعتیراف بە واقیعی کوردی و بە نوێنەرە ڕاستەقینەکانی کورد بکات، کە تەنها بریتی نین لە پارتە دەتەپە و پەکەکە، بەڵکو تێکەڵێکن لەئەمانە و چەندین کەسایەتی و نوخبەی دیکە، بە پێچەوانەوە کرانەوەی تورکیاو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەبێتە مەنەلۆجێکی ناوخۆیی، واتە کورد و نوێنەرەکانیان لەم هاوکێشەیەدا دەردەچن، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمە بەرپرسیارێتی دەوڵەت وحکومەتی تورکییە و دەبێت لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتیەدا بن.

*** چۆن دەتوانرێت پارتێکی نوێ پێکبهێنرێت لە بری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراسی، ئایا کوردەکان عێراق چۆن دەتوانن لەم ڕووەوە یارمەتی حکومەتی تورکیدا و پارتی دەتەپە بدەن؟**

- من پێم وایە ئەوە سەلمێنراوە بوونی نوێنەرە کوردەکان لە پەرلەماندا هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە تاوەکو ئێستا هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕیوە، ئێستاش بەهۆی ئەم بڕیاری داخستن و قەدەغەکردنەوە کە ڕێژەی ئەندام پەرلەمانە کوردەکان کەمدەبێتەوە، یاخود تەنانەت ئەو ئەندام پەرلەمانانەش ماون بمێننەوە یان دەست لە کاربکێشنەوە ئەوا هیچ کاریگەری نابێت، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی شکلیە و جەوهەری کێشەکە لێرەنییە، بەڵکو جەوهەری کێشەکە ئەوەیە کێشەی گروپێکی ئیتنی هەیە کە ژمارەی لە ١٢ ملیون کەس تێپەڕدەکات و بگرە ڕەنگە بگاتە ١٥ ملیون کەسیش و خاوەنی خەون و ئامانجی ڕۆشنبیری و سیاسین، کە دەبێت ئەم مافانەش لە دەستور و یاساکانی وڵاتەکەدا جێگیربکرێن و بچەسپێنرێن، جا کوردەکان نوێنەریان هەبێت لە پەرلەماندا یان نا، بە پێچەوانەوە ئەوا بەردەوام دەبین لە سوڕانەوە لە بازنەی بەتاڵدا و کوردەکانیش بەردەوام وەك هاوڵاتی پلە دوو دەبن لە وڵاتەکەدا.

*** ئایا ئەمە دەبێتە هۆی دورخستنەوەی تورکیا لە وەرگرتنی بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا؟**

- گومان لەوەدانییە بەرەوپێشچونی کێشەی کورد لە تورکیادا یەکێکە لە بەند یان مەرجە سەرەکییەکان بۆ ئەوەی تورکیا نزیك بێتەوە لە بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا، چونکە هەروەك ئێوەش دەزانن چەندین کێشەی دیکە هەیە وەك عەلەوییەکان و بەتریارکی ئۆزۆزکۆسیەکان و هتد کە دەبێت چارەسەربکرێن، بەڵام چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا دەبێتە کۆسپ و ئاستەنگێك لە بەردەم تورکیادا بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، ئامانجی بوونی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. بەڵام پێش ئەوەی باسی ئەوەبکەین کێشەی کورد لە تورکیا دەبێتەهۆی ئاستەنگ دروستکردن یان ئاسانکاری کردن بۆ تورکیا بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەوا چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە، هەروەك سەرۆکی تورکیاش عەبدڵا گول جەختی لەسەر کردەوە، دەبێتەهۆی ئەوەی تورکیا بکەوێتە بازنەی ناسەقامگیرییەوە و ڕێگەی لێدەگرێت لەوەی ببێتە هێزێکی ئیقلیمی گەورە لە ناوچەکەدا.



حکومەتی تورکیا لەگەڵ چ لایەنێکی کوریدا گفتوگۆ و دانوستاندن دەکات، ئەمە قەیران و تەنگژەیەکی ڕاستەقینەیە تورکیا تێیکەوتووە و ڕێگەی دەربازبوونیش ئەوەیە حکومەت و دەوڵەتی تورکیا ئیعتیراف بە واقیعی کوردی و بە نوێنەرە ڕاستەقینەکانی کورد بکات

# سەربارى داخستنی DTP بەڵام دەبێت کورد و حکومەتی ئەردۆگان سووربن لەسەر بەردەوامبوون لەسەر پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانە

**پرۆفیسۆر ئیلهان ئۆزجەل ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی ئەنکەرە و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، بۆ قسەکردن لەسەر بڕیاری دادگای دەستووری تورکیا بە داخستنی DTP پرۆفیسۆر ئۆزجەل بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** مەسەلەی داخستنی پارتی سیاسیی و قەدەغەکردنی، دەتوانین بڵێین نەریتێکی سیاسیی تورکیا،بەڵام ئەوەی جیاوازە ئەمجارە ئەوەیە، پێگەی ئێستای تورکیا جیاوازە و تورکیا ئێستا بە چاوێکی دیکە سەیر دەکرێت، ئایا تاچەند لەم قۆناخەدا قەدەغەکردنی DTP کاریگەری سلبی لەسەر پێگەی تورکیا دەبێت؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە بزانین سەرەڕای ئەو هەموو هۆشدارییەی لە ناوەوە و دەرەوە بە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەدرا، ئەوا ئەم پارتە وەك پێویست خۆی لە پارتی کرێکارانی کوردستان دوورنەخستەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵنیاییەوە ئەمە کاریگەری خراپی لەسەر پێگە و مەکانەتی تورکیا دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئێمە لە ڕابردوودا شاهیدی ئەوەبووین کە پارتی گەورەتر لەلایەن دادگاوە قەدەغەکرا، بەڵام ئەمە کاتێکی باش نەبوو بۆ تورکیا بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە بدرێت، ئێمە دەزانین دادگای دەستووری ئەو پێوەرانەی بەکارهێنا و کردنیە پاڵپشت بۆ بڕیارەکەی کە لە ئارادابوون، بەڵام هەڵەی حکومەتەکەی ئەردۆغان ئەوەبوو نەیتوانی ئەم یاسایانە بگۆڕێت کە پشتیان پێدەبەسترێت بۆ قەدەغەکردنی پارتە سیاسییەکان، کە ئەمە بەرپرسیارێتی حکومەتەکەی ئەردۆغان بوو.

هەڵەی حکومەتەکەی ئەردۆغان ئەوەبوو نەیتوانی ئەم یاسایانە بگۆڕێت کە پشتیان پێدەبەسترێت بۆ قەدەغەکردنی پارتە سیاسییەکان

*** باشە بەڕێزت وەك ئەکادیمییەك و شرۆڤەوانێکی ئەمە بڕیارێکی سیاسییە و گۆڕاوە بۆ بڕیارێکی یاسایی، هەروەها**



**ئەمە سەرەتای گەڕانەوەی دەسەڵاتی سوپا و سەرهەڵدانەوەی توندوتیژییە، ئەگەر بارودۆخەکە بەشێوەیە بێت، ئایا ئەردۆغان چۆن دەتوانێت ڕاستی بکاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە لە یەك کاتدا هەم بڕیارێکی سیاسی و هەم بڕیارێکی قەزائییە، بڕیارێکی سیاسییە لەبەر ئەوەی هەر بڕیارێك لە ئاست پارتێکی سیاسیدا دەربکرێت ئەوا توخمێکی سیاسیی لەخۆدەگرێت، لە لایەکی دیکەوە هەندێك لە ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی پەیوەندی نزیکیان هەیە لەگەڵ پەکەکەدا، هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت ئەمە قبوڵ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وانییە بڕیاری داخستنی ئەم پارتە یارمەتی پرۆسەی کرانەوە بە ڕووی کورددا بدات. کێشە ڕاستەقینەکە لە تورکیادا کە ڕوبەڕووی حکومەتەکەی ئەردۆغان بۆتەوە ئەوەیە دەبێت کار لەسەر ئامادەکردن و گۆڕینی هزری خەڵك بکرێت، ئەگەر ئەم کارەش نەکرێت ئەوا ناتوانرێت ئەم پرۆسەی کرانەوەیە بە باشی بەرێوە ببردرێت.

*** بارودۆخی ناسەقامگیری و ڕاگەیاندنی بارێکی سیاسیی نائاسایی لە ناوچە کوردییەکاندا، سەرەڕای ئەوەی گورزێکە لە ئابووری تورکیا، چونکە دەبێتەهۆی دروستبوونی ئاستەنگ لە بەردەم کار و وەبەرهێنان لەو ناوچانەدا، ئەوا هەوڵەکانی تورکیاش دەگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سفر، بۆ چوارگۆشەی یەکەم، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت کاریگەرییە خراپەکانی ئەم بڕیارە لەسەر کەمبکاتەوە؟**

- من پێم وانییە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر ئەدای ئابووری وڵاتەکە، هەرچەندە دروستبوونی بارودۆخێکی ناسەقامگیر لە وڵاتەکەدا لە کۆتاییدا کاریگەری خۆی لەسەر ئابووری جێدەهێڵێت، بەڵام بە تێڕوانینی من کێشە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کە کاتێك حکومەتی تورکی باس لە کرانەوە و خستنەڕووی دەستپێشخەری دیموکراسی

دەكات ئەوا هەڵناستێت بە ڕوونكردنەوە و شیكردنەوەی ئەم مەسەلەیە، مەبەستم ئەوەیە زۆرێك لە خەڵكی توركیا نازانن سروشتی ئەم كرانەوەیە چییە و بەرەو چ ئاراستەیەك سەردەكێشێت، ئەمە گیروگرفتە ڕاستەقینەكەیە، هەر ئەمەش هۆكاری ئەو هەستیاری و كاردانەوە توندانەی ڕای گشتی توركیایە لە ئاست ئەم پرسەدا. ئەوەیی پەیوەندی بە دووبارە گەڕانەوەی دەسەڵاتی سوپای توركیاوە هەبێت، یاخود باڵادەستبوونی دەسەڵاتی سەربازی بەسەر دەسەڵاتی مەدەنیدا، ئەوا ئەمە كارێكە لەم ڕۆژگارەدا مومكین نییە، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر سوپا لە ژێر فشارێكی گەورەی حكومەت و یەكێتی ئەورووپا و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادایە و من پێم وانییە ئەگەری دووبارە بەدەستهێنانەی ئەو پێگەیەی هەبێت لە ژیانی سیاسیدا توركیادا كە بەر لە ١٠ ساڵ پێش ئێستا هەیبوو.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك بڕیاری داخستنی پارتی دەتەپە دەبێتەهۆی دواخستنی هەوڵەكانی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموكراسی لە توركیادا؟**

- ئەمە كێشەیەكی درێژخایەنە، هەندێك دەڵێن ئەمە كێشەیەكە بۆ بیست ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، من دەڵێم تەمەنی ١٠٠ ساڵە، ڕاستە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردووە شێوازێكی سەربازی وەرگرت، بە تایبەتی دوای ئەوەی پەكەكە دەستی بە چالاكی سەربازی و دانانەوەی بۆسە و كوشتنی سەربازە توركەكان كرد، كەواتە ئەمە كێشەیەكی درێژخایەنە و ناكرێت لە ماوەی پێنج مانگدا چارەسەرێكی درێژخایەن بۆ ئەم كێشەیە بدۆزرێتەوە، لە ڕاستیدا لەم پرۆسەیەدا توشی هەوراز و نشێو دەبین، ڕەنگە سەردەم و ڕۆژگارێك بێت كە كەمتر هەست بە ئومێد و زیاتر هەست بە ڕەشبینی بكەین، بەڵام من پێم وایە دەبێت حكومەتی توركیا و نوێنەرانی كورد، كە سەرەڕای بڕیاری داخستنی دەتەپە هێشتا ١٩ ئەندام پەرلەمانی كورد لە پەرلەماندا بوونیان هەیە، دەتوانن هاوكاری یەكتر بن لەم پرۆسەی كرانەوەیەدا، لە هەمان كاتدا دەبێت كوردەكانیش بە ڕوونی گوزارشت لە خواست و داواكاریەكانی خۆیان بكەن و ئەوە بخەنەڕوو كە ئەوان دەیانەوێت ئەو توركیایەی تێیدا دەژین چۆن بێت. واتە هەردولا دەبێت هەڵوێست و تێڕوانینی خۆیان ڕوونبكەنەوە، بۆ نموونە تا ئێستا خەڵكی توركیا نازانێت كوردەكان داوای چی دەكەن، ئایا هەوڵی جیابونەوە و بەدەستهێنانی سەربەخۆی دەدەن، یاخود داوای مافی كەلتوری دەكەن یان ئۆتۆنۆمی، هەروەها لە هەمان كاتدا نازانرێت حكومەتی توركیاش دەتوانێت لەم ڕووەوە چی پێشكەش بكات. كەواتە لەم ڕووەوە جۆرێك لە بە بنبەستگەیشتن ڕوویداوە، بۆ نموونە حكومەتی توركیا نازانێت چۆن ئەم كێشەیە بە شێوەیەكی دیبلۆماسی و ئاشتیانە چارەسەر بكات، هەروەها كوردەكانیش نازانن چۆن لە ڕێی گفتوگۆ و سازشەوە هەوڵ بۆ چارەسەركردنی بدەن.

*** چۆن پارتی داد و گەشەپێدان دەتوانێت خۆی لەم قەیرانە ڕزگاربكات؟**

- من پلانێكی تۆكمە و مانادار لە دەستی ئەردۆغاندا نابینم بۆ كرانەوە بە ڕووی كوردەكاندا كە توخمگەلێكی گرنگی لەخۆگرتبێت، ئەوەی تا ئێستا كراوە لە بواردان بە بەكارهێنانی زمانی كوردی نەبۆتەهۆی ڕازیكردنی داخوازی كوردەكان لەو وڵاتەدا، كەواتە ئەوە ڕاستە بێ بوونی كرانەوەیەكی بەرچاو، ئەوا كوردەكان ناتوانن ڕازیبن بەو پرۆسەی كرانەوەیەی ئەردۆغان بانگەشەی بۆ دەكات. بەڵام سەبارەت بە هەڵبژاردنی داهاتوو ئاشكرایە پارتی داد و گەشەپێدان لە ململانێدابوو لەگەڵ پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی لە ناوچە كوردییەكاندا، بەڵام هێشتا بۆ هەڵبژاردن دوو ساڵی دیكەمان لەپێشە، ئەمەش كاتێكی زۆرە و ناكرێت لە ئێستاوە پێشبینی بكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە زیاتر دەوەستێتەسەر سەركەوتن یان شكستی ئەو پرۆسەی كرانەوەیەی حكومەتی توركیا گرتویەتییە ئەستۆ، كە لە حاڵەتی سەركەوتنیدا دەنگێكی باشتر بەدەست دەهێنێت لە هەر پارتێكی كوردی دیكە كە لەو ناوچانەدا ڕكابەری بێت، لە حاڵەتی شكستهێنانیشیدا ئەوا دەبێتە كارەساتێك نەك هەر بۆ پارتی حكومڕان، بەڵكو بۆ تێكڕای توركیا و بە دڵنیایشەوە بۆ كوردەكانی ئەو وڵاتە.

*** ئەم بڕیارە كاریگەری خراپی هەبوو لەسەر ئەگەری بەئەندامبوونی توركیا لە یەكێتی ئەورووپادا، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن حكومەتەكەی پارتی داد و گەشەپێدان دەتوانێت ئەم كێشەیە چارەسەربكات، بێ ئەوەی كاریگەری خراپی لەسەر بە ئەندام بوونی توركیا بەجێبهێڵێت لەم یەكێتیەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە هەنگاوێك بوو بە ئاراستەی هەڵەدا و ئەم بڕیارەی دادگا كاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پەیوەندییەكانی توركیا بە یەكێتی ئەورووپاوە.

*** ئایندەی توركیا چۆن دەبینیت ئەمە لە كاتێكدا ناتوانێت دەسەڵاتی سەربازی و مەدەنی بە ئاسانی لێكجیابكرێتەوە؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین كە دەسەڵات و دەستڕۆیشتووی سوپا لە ژیانی سیاسی توركیادا بە ڕێژەیەكی بەرچاو دابەزیوە، ئەمە گۆڕانێكی گەورە و ئاڵوگۆڕێكی مەزنە لە ژیانی سیاسی توركیادا، ئێمە دەزانین لە ساڵانی نەوەتەكاندا سوپا گەمەكارێكی سەرەكی بوو لە سەر شانۆی سیاسی توركیا، بەڵام لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە لە لایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە ڕۆڵی لە ژیانی سیاسیدا بەرەو كەمبوونەوە چووە. هەروەها لە دوای پرسی ئەرگەنەكۆنەوە سوپا لە بارودۆخێكدا نییە بتوانێت باڵادەستبێتەوە بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا، بە تایبەتی كە ڕوبەڕووی ڕەخنەیەكی زۆریش بۆوە لە لایەن كەسە لیبراڵەكانی وڵاتەكەوە، هەروەها ڕای گشتی توركیاش پشتیوانی لەوە ناكەن سوپا ڕۆڵێكی گەورەتری هەبێت لە ژیانی سیاسی وڵاتەكەیاندا. كەواتە نیگەران مەبن لە ڕۆڵی سوپا، چونكە هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی كۆمەڵایەتی و هەم لە ڕووی سایكۆلۆژییەوە ڕۆڵی لاواز بووە لە گۆڕەپانی سیاسیدا.

**سەرەڕای بڕیاری داخستنی دەتەپە هێشتا ١٩ ئەندام پەرلەمانی كورد لە پەرلەماندا بوونیان هەیە، دەتوانن هاوكاری یەكتر بن لەم پرۆسەی كرانەوەیەدا**

**نیگەران مەبن لە ڕۆڵی سوپا، چونكە هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی كۆمەڵایەتی و هەم لە ڕووی سایكۆلۆژییەوە ڕۆڵی لاواز بووە لە گۆڕەپانی سیاسیدا**

چارلس ماكدۆناڵد بۆ گوڵان:

# بڕیاری قەدەغەكردنی DTP ئاكامی دوورمەودای دەبێت لەسەر بارودۆخی سیاسی ناوخۆو دەرەوەی توركیا

**پرۆفیسۆر چارلس ماكدۆناڵد ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانە لەزانكۆی فلۆریدا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر كێشەی كورد و توركیا بەڕێوبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتە لەزانكۆی ناوبراو،سەبارەت بەرەوشی سیاسی ئێستای توركیاو ئاستەنگەكانی بەردەم كرانەوەی دیموكراتی و چارەسەری ئاشتیانەی كێشەی كورد پرۆفیسۆر ماكدۆناڵد بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

بڕیاری قەدەغەكردنی پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی ئاكامی دوورمەودای دەبێت هەروەها ئاماژەیە بە دابەشبوونی نێوان هێزە عەلمانییەكان و دامەزراوەی سەربازی كە بەرهەڵستی سەركەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان دەكات

*** حكومەتی توركیا چەند مانگێكە پرۆسەیەكی بوێرانەی بۆ كرانەوەی دیموكراتی و چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی كورد لەتوركیا هەڵگرتووە، بەڵام دەسەڵاتی دادوەری توركیا لەم كاتەدا پارتێكی كوردی دادەخات، ئایا كاریگەری سلبی ئەم دوو هەنگاوە پێچەوانەیە لەسەر ئایندەی سیاسیی توركیا چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- بڕیاری قەدەغەكردنی پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی ئاكامی دوورمەودای دەبێت لەسەر بارودۆخی سیاسی ناوخۆی توركیاو سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. لەلایەكەوە ئەو دابەشبوونە دەخاتەڕوو كە لەكۆمەڵگەی توركیدا هەیە لەئاست كێشەی كورددا، هەروەها ئاماژەیە بە دابەشبوونی نێوان هێزە عەلمانییەكان و دامەزراوەی سەربازی كە بەرهەڵستی سەركەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان دەكات. كاتی دەركردنی بڕیاری داخستنی پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی هاوكاتە لەگەڵ پرۆژەی «كرانەوەی دیموكراسی» یاخود «دەستپێشخەری دیموكراتی» لە لایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە، كە لە بنەڕەتدا ڕێگایەكە بۆ «چارەسەركردنی كێشەی كورد.» لە سەرەتادا، توركیا ڕوبەڕووی بەرهەڵستی و توندوتیژی دەبێتەوە. هێزە سیاسییە جیاوازەكان هەوڵدەدەن بارودۆخەكە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكاربهێنن. هەندێك بەكاری دەهێنن بۆ هێرشكردنە سەر پارتی داد و گەشەپێدان و پرۆژەكەی «كرانەوەی دیموكراتی» لە ئاست كوردەكاندا.



ئەمە لە كاتێكدا، كە بێ متمانەیی كوردەكان لە ئاست حكومەت و پرۆسە سیاسییەكەدا گەورە دەبێت، لەبەر ئەوە پێشبینی ڕوودانی شەپۆلی بەرهەڵستی و توندوتیژی دەكەم.

*** ئایا بەڕای بەڕێزت تاچەند ئەم بڕیارە دەبێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی سوپا دەست بخاتە ناو كاری حكومەت و تاچەند مەترسی ئەوە هەیە حكومەت و سوپا ڕووبەڕووی یەكتر ببنەوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا كە ئەمە ئاستی ئیحتیكاكی نێوان حكومەتەكەی ئەردۆغان و دامەزراوەی سەربازی (لە نێویاندا هێزە ناسیونالیستەكانی دیكە) زیاد دەكات. بەرهەڵستییەكی بەرچاو هەیە بۆ چەند لایەنێكی پرۆژەی «كرانەوەی دیموكراسی» كە پارتی داد و گەشەپێدان خستویەتیەڕوو. بە تایبەتی ئەگەری لێخۆشبوون و هەمواركردن دەستوری توركیا. كە هەردووكیان كاریگەرییان دەبێت لەسەر ڕۆڵی سوپا لە كۆمەڵگەی توركیدا، ئەو كۆمەڵگەیەی كە هیچ ئیجرائاتێكی كارای لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی نییە لەئاست دامەزراوە سیاسییە جیاوازەكاندا. دەبێت لە داهاتوودا كێشەی ڕۆڵی سەربەخۆی دادگا و سوپا چارەسەربكرێت. حكومەتی ئێستا ڕوبەڕووی چەندین كێشەی گەورە بۆتەوە لەگەڵ خودی سیستەمەكەدا.

*** ئەم بڕیارە لە بنەڕەتدا بۆ ڕاگرتنی ئەو پرۆسەی كرانەوەی دیموكراتیەیە كە دەستی پێكردووە، ئایا تاچەند ئەردۆگان دەتوانێت لەسەر پرۆسەكە بەردەوام بێت؟**

- دەبێت و زۆر گرنگە ئەردۆغان فشار بكات بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆژەكەی «كرانەوەی دیموكراسی.» لە كاتێكدا كە هەمیشە دەبێت چەند هەمواركردنێك ئەنجامبدرێت، دەبێت حكومەت ڕێگاخێراكە بگرێتەبەر. دەبێت بە پاڵپشتی سەروەری یاسا بەردەوامی بەم پرۆسەیە بدات، وەڵام و كاردانەوەی حكومەت بۆ بڕیارەكانی دادگا زۆر گرنگە.

*** پێت وایە ئەردۆگان بەئاسانی ئەم كارەی بۆ بكرێت ئایا بەڕای بەڕێزت میكانیزمی گونجاو بۆ ئەمە چییە؟**




- گرنگە حکومەتی تورکیا جەخت لەسەر سەروەری یاسا و «کۆمەڵگەی مەدەنی» بکاتەوە. نابێت ڕێگابدات هێزە توندڕەوەکان ناکۆکییەکی ئیتنی نوێ لە نێوان کورد و تورکەکاندا دروست بکەن. دەبێت بەردەوام بێت لەسەر گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی بنیاتنانی متمانە کە پرۆژەی «کرانەوەی دیموکراسی» لەخۆی گرتوون، هەروەها دەبێت کاربکات بۆ ئەوەی کوردەکان لە چوارچێوەی پرۆسە سیاسییەکەدا کاربکەن، بە پێچەوانەوە هەردوولا دەدۆڕێن.

*** بێگومان بڕیارەکەی دادگای دەستووری تورکیا ئاستی متمانەی کوردی بە حکومەتەکەی ئەردۆگان هێنایە خوارەوە، بەڕای تۆ ئایا جارێکی دیکە کورد دەتوانێت لەم پرۆسەیەدا هاوکاری ئەردۆگان بکات؟**

- خستنەگەڕی هەوڵێکی جیددی بۆ کارکردن لەگەڵ کوردەکاندا شتێکی پێویستە. ئەگەر ئەردۆغان بتوانێت بارودۆخەکە لە ناکۆکیی نێوان کورد و تورك یاخود کورد و حکومەتی تورکیا بگۆڕێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لە تورکیادا، ئەوا هەموو تورکیا سوودمەند دەبێت لەم هەولانە.

*** کەواتە بەڕای تۆ ئەردۆگان بەردەوام دەبێت؟**

- من باوەڕم وانییە ئەردۆغان بتوانێت دەست لە دەستپێشخەری ئاشتی هەڵبگرێت کە لە هەمان کاتدا بریتییە لە «کرانەوەی دیموکراسی.»

*** ئەی سەبارەت بە یاسای حزبە سیاسییەکان و هەموارکردنی دەستووری تورکیا؟**

- هەر دەبێت لە کۆتاییدا دەستوری تورکیا هەمواربکرێت بۆ ئەوەی لێکدابڕانێکی دیکە لە نێوان سوپا و حکومەتدا ڕوونەدات. زۆری ئەو بابەتانەی دەبێت هەموارکردنیان تێدا ئەنجامبدرێت ئاماژەن بەوەی ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە حکومەت ڕێگەنەدات کوردەکان وەك بارمتەیەکی سیاسی بەکاربهێنرێن لە تێکۆشانی ئەو وڵات بۆ بەدەیهێنانی بەرەوپێشچوون.

دەبێت لە داهاتوودا کێشەی ڕۆڵی سەربەخۆی دادگا و سوپا چارەسەربکرێت

# چارەسەرکردنی
# ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانـ
# تورکیا دەکاتە هێـزێکی گـەورە لە نـ



# کێشەی کورد و
# ـی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا
# ـاوچەکە و ئەندام لەیەکێتی ئەوروپادا





پێش ئەوەی داود ئۆغلۆ ببێتە وەزیری دەرەوەی تورکیا و ئەوە بە جیهان رابگەیەنێت: (هاوسێکانمان دۆستانمانن و دوژمنمان نین)، ساڵێك پێشتر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن سەرۆکی کوردستان و سەرکۆماری عێراقەوە راسپێردرابوو سەرۆکی ژووری عەمەلیات بێت بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بە تورکیای راگەیاند: (ئێمە دەستی ئاشتی بۆ تورکیا درێژ دەکەین و خوازیارین پەیوەندیی ئابووری و سیاسیمان لەگەڵ تورکیا هەبێت، نەك تورکیا هەوڵبدات بەهێزە سەربازییەکانی هێرش بکاتە سەر کوردستان)، ئەو کات کە ئەم داواییەمان دەکرد سەرەتای رێگەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان بە رێگەی سیاسیی و دیالۆگی ئاشتیانە، بۆیە ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان و پەیوەندی باش لەگەڵ دراوسێکان هەڵیگرت،وایکرد کە هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێك لە هاوکێشەی ئیقلیمی بۆ چارەسەری گرفتەکان و ئەمەریکاش پشتگیری ئەم هەوڵانەی کرد، هەربۆیە ئەمە سەرەتای دەسپێکی هەنگاو هەڵگرتن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری سیاسیی بۆ ئەو کێشانەی کە پێشتر بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ چارەسەری سیاسیی شکستی هێنابوو، بەڵام ئاکامی ئیجابی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو چارەسەری سیاسیی و تێگەیشتن لە چۆنیەتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، وایکرد گۆڕانێك لە بۆچوونی هەندێك لە ژەنەراڵەکانی سوپا دروست بێت، لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا ئەو ژەنەراڵانەی گەیشتبوونە قەناعەت با رێگەی ئاشتی و سیاسیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تاقیبکرێتەوە، کەمینە بوون، بەڵام بەردەوامی و کاردانەوەی ئیجابی هەنگاوەکان وایکرد،کەمینەی لایەنگری چارەسەری ئاشینانە رای خۆی بسەپێنیت و وردە هەنگاوەکان بەرەو ئاسایبوونەوە جێگەی خۆیان بگرن.

**ئاکامی ئیجابی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو چارەسەری سیاسیی و تێگەیشتن لە چۆنیەتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، وایکرد گۆڕانێک لە بۆچوونی هەندێک لە ژەنەراڵەکانی سوپا دروست بێت**

ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ نەریتی سیاسەت لەدەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەنگاوێکی تازە بوو، پێشتر لەنەریتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا نەبووە، قەوارەیەکی بچووك بتوانێت بە کاریگەری سیاسەت و هەڵسورانی دیپلۆماتییەکی ژیرانە رۆڵی هێزێکی ئاشتیخوازی گەورە بگێڕیت و شەڕ و کارەساتی ناخۆش و کاولکار لەخۆی و دەوڵەتانی هاوسێشی دووربخاتەوە، بۆیە شانازیکردن بە هێزی نەرمی هەرێمی کوردستان و قەناعەتپێکردنی بەهێزێکی گەورەی وەك سوپای تورکیا کە چارەسەری سەربازی کێشەکان زیاتر ئاڵۆزتر دەکات نەك چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە،هەروەها بە هاتنی سەرۆك ئۆباش بۆ کۆشکی سپی و راگەیاندی بەوەی سیاسەتی رەقی بوش دەگۆڕێت بۆ سیاسەتی نەرم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهاندا، دەبینین سیاسیەتی نەرمی پیادەکراوی چەندین ساڵەی هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژە ئاڵۆزەکان و ئاسییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی لەلایەن سەرۆك ئۆباماوە وەك سیاسەتێکی سەرکەتوو و جێگەی بایەخ سەیر دەکرێت و ستایشی بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆگانیش دەکات کە هاریکاری ئەم سیاسەتە نەرمەی کردووەو ئێستا پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە بارێکی ئاسایدایەو هانی دەدات بۆ زیاتر سەقامگیربوونی عێراق پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەو باشتر بچێت.

**سیاسیەتی نەرمی پیادەکراوی چەندین ساڵەی هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژە ئاڵۆزەکان و ئاسیکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی لەلایەن سەرۆک ئۆباماوە وەک سیاسەتێکی سەرکەتوو و جێگەی بایەخ سەیر دەکرێت**

حکومەتی ئەردۆگان لەدامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیاوە لەسەر دەستی مستەفا کەمالەوە، یەکەمین حکومەتە کە جورئەتی ئەوە دەکات دەسەڵاتی سوپا لەناو حکومەت سنوردار بکات و کەمبکاتەوە، ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی مەترسیشی بۆ سەر حکومەتی تورکیا دروستکردووەو تائێستا چەند هەوڵێکی کودەتای سەربازی بە ئاراستەی هەوڵەکانی ئەردۆگان دراون، بەڵام هەوڵەکان ئاکامیان نەبووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئێستا ئەوانەی ناتوانن لەناو سوپا ئەم هەنگاوانەی حکومەتەکەی ئەردۆگانیان پێ هەزمناکرێت بوونە کەمینە، ئەگەر ئەردۆگان نەیدەتوانی لەسەر هەنگاوەکانی بەردەوام بێت و کودەتای بەسەردا دەکرا، کەواتە لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە هەتا ئێستاش لەناو تورکیا ئاستەنگ بۆ هەنگاوەکانی ئەردۆگان بوونیان هەیە، بەڵام ئاستەنگەکان بەو ئاستە نین، هەوڵەکان رابگرن.

بەڵام لەوانەیە ئەو ئاستەنگانەی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دروستدەکرێن لەو ئاستەنگانە ئاسانتر بن کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا هەڵدەگیرێن، هۆکاری ئەمەش بەسادەیی ئەوەیە، کە هەردوولا (( کورد و تورك )) لە تورکیا بەوە رانەهاتوون، کە هەنگاوەکانی حکومەت بۆ کرانەوەو چارەسەری ئاشتیانە بە سەرکەوتنی دیموکراتی سەیر بکەن، بەڵکو لایەنی کوردی هەنگاوەکان بەسەرکەوتنی ئیرادەی خۆڕاگری و مقاوەمەت (کە مافی خۆشیانە وا بیر بکەنەوە) لەقەڵەم دەدەن، زۆربەی تورکەکانیش کە بەکلتوری ئەوە راهاتوون لەتورکیادا بێجگە لەتورك کەسی دیکە بوونی نییە، کە باسی



چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکرێت وەك شکستێك بۆ دەستووری دەوڵەتی عەلمانی تورکیا سەیری دەکەن و وای دەبینن کە ئەردۆگان هەوڵ بۆ لە ناوبردنی ئەو دەوڵەتە دەدات کە مستەفا کەمال دایمەزراندووە، ئەم بەشە زۆرەی هاوڵاتیانی تورکیاش دیسان لەروویەکەوە مافی خۆیانە وابیر بکەنەوە، لەبەر ئەوەی سیاسەتی نزیکەی ٨٠ ساڵی رابردووی حکومەتەکانی پێشووی تورکیا بەو جۆرە هاوڵاتیانی خۆی ئاراستەکردووە کە بەوشێوەیە سەیری کورد و کێشەی کورد لەتورکیادا بکەن.

ئێستا کە حکومەتی تورکیا دەیەوێت ئەم ئاراستەیە بگۆڕێت پێویستی بەوەیە کە زۆر لایەن هاریکاری لەم هەوڵەدا بکەن، لەبەر ئەوەی گۆڕینی کلتورێك کە لەماوەی ٨٠ ساڵی رابردوودا هەموو ئیمکانیەتێکی بۆ تەرخانکرابێت بۆ ئەوەی بچەسپێت، ئەوا لەماوەی چەند مانگێك بە ئاسانی ناگۆڕێت و پێویستی بەنەرمی نواندنی هەموو لایەنەکانی کێشەکە هەیە بۆ ئەوەی کلتوری تازەی چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە جێگەی کلتوری چارەسەری سەربازی بۆ کێشەکان بگرێتەوە.

بێگومان هەوڵدانیش بۆ گۆڕینی ئەم کلتورە دیسان هەنگاوێکی دیکەی بوێرانەیە،کەم سەرکردە دەتوانێت بە بوێرانە رووی راستەقینەی چارەسەری ئاشتیانە و دان بە خۆداگرتن بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە بە راشکاوی بە میللەتی خۆی بڵێت، هەروەك چۆن سادات بووە قوربانیی ئەو هەنگاوانەی بۆ ئاشتی هەڵیگرت و ئیسحاق رابین بووە قوربانی ئەو ئیمزایەی لەسەر رێککەوتنی ئۆسلۆ کردی،هەروەها یاسر عەرەفاتیش کە پێش کۆچی دوایی ماوەیەکی زۆر لە بارەگاکەی خۆی لە رامەڵلا و لەترسی ئەو هەڕاشە جەماوەرییەی رێکخراوی حەماس دژی پرۆسەی ئاشتی دروستی کردبوو بە دەستبەسەری مایەوە، ئەویش قوربانییەکی دیکەی ئەوەبوو، کە نەیدەتوانی بەراشکاوی بە گەلی فەلەستین بڵێت شەڕبەردو هەڵکشانی توندوتیژی هیچ ئاکامێکی نییە و کێشەکان لەسەر مێزی دانوستاندن چارەسەر دەکرێن، نەك بەو بەو گوتارە ئاگرینانەی کە سەرکردەکانی حەماس بە رێگەی کەناڵە عەرەبییەکان بڵاویاندەکردەوە، لە دەستپێکی هەنگاوەکانی هەوڵدەدان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە لە تورکیا لە هەردوولاوە بینمان چۆن کۆنترۆڵی ئەو هەستە پەنگخواردنە کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش نەك تەنها لەلایەن هاوڵاتیانی ئاساییەوە، بەڵکو هەموومان هەندێك لەپەرلەمانتارەکانی تورکیامان لەکاتی وتارەکەی ئەردۆگان بینی چۆن یاریان بەهەستی نەتەوەیی هاوڵاتیانی تورك دەکردو هەوڵیاندەدا ئەم هەستە دژ بە هەنگاوەکانی ئەردۆگان بوروژێنن، هەروەها لەدیاربەکریش بینمان چۆن پێشوازی لەچەکدارانی پەکەکە کرا، بۆیە کاتێك لەم کێشە ئاڵۆزە دەمانەوێت رووی راستەقینەی کێشەکە پیشانبدەین دەبینین بۆ نوسەرێکیش ئاسان نییە، بەتەواوەتی کرۆکی کێشەکە وەك خۆی دەربخات و بە رۆچوون بە قوڵایی کێشەکەدا وادەردەکەوێت کە دژی خواستی میللەتەکەی خۆی بنووسێت، بەڵام لەبنەڕەتیشدا هەوڵەکان بۆ رێکخستن و دوورخستنەوەی ئەو ئاستەنگانەیە کە دەبنە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە لە تورکیادا،ئەمە دەرهاوێشتەی دیکەشی بەدوادا دێت، هەروەك چۆن بڕیاری داخستنی DTP لەلایەن دادگای تورکیا و دوورخستنەوەی ژمارەیەك لە سیاسەتمەدارانی ئەو حزبە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەکاری سیاسیی، مەزندە دەکرێت کە ئاڵۆزی دیکەی بەدوای خۆیدا بهێنێت، کە لەباری واقیعیشدا دادگای تورکیا دەیتوانی بڕیارەکەی دوابخات، یان رای بگرێت هەتا بارێکی گونجاو تر دەهاتە ئاراوە.

**بڕیاری داخستنی DTP لەلایەن دادگای تورکیا و دوورخستنەوەی ژمارەیەک لە سیاسەتمەدارانی ئەو حزبە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەکاری سیاسیی، مەزندە دەکرێت کە ئاڵۆزی دیکەی بەدوای خۆیدا بهێنێت**

بەهەرحاڵ بۆ پیشاندانی رەوشی ئێستای تورکیا و ئەو وەرچەرخانانەی لەئاکامی پێڕەوکردنی سیاسەتی کرانەوە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە پیادە دەکرێن، ئێمە لەم راپۆرتە لەگەڵ چەند نوسەر و ئەکادیمی و رۆژنامەنووسی تورکیا قسەمانکردووە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هاوسەنگ ئەو بارودۆخە بخەینە روو، بەڵام وەك لە راوبۆچوونی ئەوانیش رەنگدانەوەی هەیە، ئاستەنگەکانی بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا بە بەراورد لەگەڵ ئاستەنگەکانی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا سەختترن، بەڵام ئەو رۆژنامەنووس و ئەکادیمیانەی تورکیا ئەو راستییە ناشارنەوە کە بەرەو پێشەوەچوونی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی یاریدەری بەهێز دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا هەنگاوی باشتر بچێتە پێشەوە زیاتر لایەنی کورد لەتورکیا سەیری هەرێمی کوردستان بن، هەوڵبدەن بیر لەوە بکەنەوە کە پرۆسەکە ئاکامێکی ئیجابیانەی هەبێت، سەبارەت بە لایەنی هەستی ناسیۆنالیستی تورکیش لەتورکیا ئەوا لەوانەیە نزیکبوونەوەی زیاتری ئەمەریکا لەتورکیا و پێدانی رۆڵی زیاتر بەتورکیا لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفغانستان و پشتگیری ئەمەریکا بۆ ئەوەی زیاتر تورکیا لەیەکێتی تورکیا نزیکببێتەوە، هاوسەنگییەك دروست دەکات بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا لەهەوڵەکانی خاو نەبێتەوە.

**ئاستەنگەکانی بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا بە بەراورد لەگەڵ ئاستەنگەکانی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا سەختترن**

**رۆژنامەنووس ئیحسان داغی یەکێکە لە رۆژنامەنووسە دیارەکانی تورکیا و بایەخ بە سیاسەتی تورکیاو چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئاستی پیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەدات،بۆ قسەکردن سەبارەت بەم لایەنە گرنگە رۆژنامەنووس ئیحسان دەخی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



شاندێکی پایەبەرزی تورکیا سەردانی هەولێری کرد و، ئەمەش خواستی تورکیای نیشاندا بۆ باشترکردن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا

ئیحسان داغی رۆژنامەنووسی تورک بۆ تورکیا:

# دەبێت زۆر لایەن بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا هاوکاری ئەردۆگان بکەن بەهەرێمی کوردستانیشەوە

تورکیا لە رێی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا دەتوانێت هاوکاری بێت لە سەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق و پاراستنی یەکێتی ئەو وڵاتە

*** ئایا هیچ بەرەوپێشچونێك دەبینیت لە پەیوەندییەکانی ئەم دوایەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت گەشەکردن و بەرەپێشچونێکی گەورەی پەیوەندییەکانە لە نێوانیاندا، بۆ نموونە بەم دواییە شاندێکی پایەبەرزی تورکیا سەردانی هەولێری کرد و، ئەمەش خواستی تورکیای نیشاندا بۆ باشترکردن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ زیادکردنی هاوکاری نێوان هەردوولا لە بواری پرس و مەسەلە سیاسی و ئابوورییەکاندا، هەروەها لە بواری ئەمنیدا بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی پەکەکەوە هەبێت. واتە تورکیا پەرەی بەم پەیوەندییانە داوە لەسەر بنەمای هاوکاری دوولایەنە.

*** ئایا ئەو هۆکارانە چین وا لە تورکیا دەکەن ئەم هەنگاوانە هەڵبگرێت؟**

- هۆکاری یەکەم ئەوەیە تورکیا هەوڵئەدات زۆنێکی ئاشتی لە دەوری خۆی دروست بکات، مەبەستم ئەوەیە لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان وەك سەرچاوەی ناسەقامگیری لە تورکیا سەیرکراوە کە ئێستا تورکیا هەوڵئەدات ئەم بارودۆخە بگۆڕێت و چیتر ئەو هەرێمە نەبێتە سەرچاوەی نائارامی و ناسەقامگیری بۆ تورکیا بە تایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵن، چونکە تورکیا لە رێی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا دەتوانێت هاوکاری بێت لە سەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق و پاراستنی یەکێتی ئەو وڵاتە. لە لایەکی دیکەوە تورکیا ئامادەیی هەرێمی کوردستان دەبینێت بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندی گەلێکی ئاشتیانە کە لەسەر بنەمای هاوکاریکردن بنیاتنرابێت لەگەڵ تورکیادا. کە گەشەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان لەگەڵ تورکیادا خزمەت بە بەرژەوەندی کوردەکانی عێراقیش دەکات.

*** بەم دواییە حکومەتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان چەند هەنگاوێکی هەڵگرت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا، کە ئەمە بووە جێی سەرسوڕمانی تێکڕای جیهان بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا،بە چەشنێك لە کاتی سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ ئەمەریکا ئەم**

**خۆشحاڵییە بە ڕوخساری سەرۆکی ئەمەریکاوە دیاربوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێشبینی دەکەیت سەرۆکی وەزیرانی تورکیا درێژە بەم هەوڵ و هەنگاوانە بدات؟**

- حکومەتی تورکیا هەوڵدەدات لە ڕێی بەرەوپێشبردن یاخود لە چوارچێوەی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراتیدا کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکات. من پێم وایە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا تەنها ئەرکی حکومەتەکەی دادو گەشەپێدان نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو لایەکە کە ڕۆڵی خۆیان ببینن و بەشداربن لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە کە من پێم وایە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە تورکیادا ئامادەییەکی تەواوی پیشان نەداوە لەم ڕووەوە. زۆرجار ئەو لێکدانەوەیە دەکرێت کە ئەم هەوڵ و هەنگاوانەی حکومەتەکەی داد و گەشەپێدان تەنها بۆ بەهێزکردنی پێگەی حزبەکەیە و ئامانجێکی سیاسی لە پشتە، کە من باوەڕم وایە ئەمە لێکدانەوەیەکی کورتبینانەیە. من دووپاتی دەکەمەوە دەبێت تێکڕای لایەنەکان لە تورکیا و ناوچەکەشدا، هەروەها لە هەرێمی کوردستاندا بەشداربن لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا دەبێتەهۆی ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە و لە ڕاستیدا چارەسەرنەکردنی ئەم پرسە دەبێتە ئاستەنگێك لە بەردەم ئاساییکردنەوە و سەقامگیرکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا. چونکە ئەگەر پەکەکە کردەوەی توندوتیژی لە تورکیادا ئەنجامبدات و بنکەی لە هەرێمی کوردستاندا بمێنێت ئەوا زەحمەتە تورکیا بتوانێت پەرە بە پەیوەندییەکی نزیك بدات لەگەڵ ئەو هەرێمە و درێژە بدات بە هاوکارییەکانی لەگەڵیدا.

*** ئێمە ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە لەوەتەی تورکیا هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ ئاساییکردنەوە و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا، ئەوا ڕۆڵی ناوچەی تورکیا گەورەتربووە و هەنگاوێکیش لە بوونی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا نزیك بۆتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تورکیا تا چ ڕادەیەك دەتوانێت بەهۆی بەردوامبوون لەسەر ئەم هەنگاوانە ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی، کە مەبەستمان بینیی ڕۆڵێکی ئیقلیمی باشتر و بوونە ئەندامە لە یەکێتی ئەوروپادا؟**

- سیاسەتی ئیقلیمی نوێی تورکیا لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنراوە کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا نەبێت، کە ئێمە دەزانین پێشتر تورکیا چەندین کێشەو گیروگرفتی هەبوو لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا، بەڵام سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بە جۆرێکی دیکە داڕێژرایەوە بۆ ئەوەی خزمەت بە هێنانەدی ئەو ئامانجانە بکات کە تورکیا دەستنیشانی کردوون و بریتین لە بەدەستهێنانی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا، پێشخستن و قوڵکردنەوەی پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن لە وڵاتەکەدا، لەگەڵ باشترکردنی ئەدای ئابووری وڵاتەکە. کە هێنانەدی ئەم سێ ئامانجەش پێویستی بە ئاساییکردنەوە و باشترکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی تورکیا هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا، چونکە ئەمە لە لایەکەوە دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، لە هەمان کاتدا بنیاتنانی پەیوەندی نزیك لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا کە لەسەر بنەمای هاوکاری بنیاتنرابێت کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پرۆسەی دیموکراتی و ئەدای ئابووری وڵاتەکە. کە لەم سیاقەدا تورکیا هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەم چوارچێوەشەدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لە هەمان کاتدا توانیتی پرۆتۆکۆلێك لەگەڵ وڵاتی ئەرمینیا ئیمزابکات بۆ ئەم مەبەستە.

*** ئەوەی حاڵی حازر بەدی دەکەین لە تورکیادا ئەوەیە جەنەراڵەکانی سوپا کەمتر دەستێوەردان دەکەن لە کاروباری سیاسی و حکومەتداری وڵاتەکەدا. ئەمە بواری ڕەخساندووە بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا هەنگاوی باشتر بنێت، ئایا هۆکاری ئەم ئاڵوگۆڕە چییە و چۆن سوپای ئەم وڵاتە بەم ڕۆڵی نوێیە ڕازی بووە؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە ڕەچاوبکەین کە تورکیا هەوڵی بەدەستهێنانی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا دەدات، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە لە وڵاتەکەدا دەسەڵاتی مەدەنی باڵادەست بێت بەسەر سوپا و دامەزراوەی سەربازیی وڵاتەکەدا. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیموکراسییەوە لە تورکیا ئەو تێگەیشتنە زیاتر لای تورکەکان چەسپیوە کە دەبێت سوپا ئەرکی خۆی ئەدابکات و شوێنی ڕاستەقینەی ئەو سەربازگەکانە و نابێت دەستێوەردان لە کاروباری سیاسیدا بکات. خاڵی سێیەم ئەوەیە دەستێوەردان و باڵادەستبوونی سوپا بەسەر ژیانی سیاسی تورکیا هەیبەت و ڕێزی ئەو دامەزراوەی لای خەڵکی وڵاتەکە کەمکردەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سوپا خوازیارە دامەزراوەیەکی ڕێزلێگیراوبێت ئەوا دەبێت دەست لەم دەستێوەردانە هەڵبگرێت و ئەو ڕاستیەی لەبەرچاوبێت کە هەموو دەستێوەردانانەکانی ئەنجامی پێچەوانەیان لێکەوتۆتەوە.

*** دوای ئەوەی ئۆباما سەرۆکایەتی ئەمەریکای گرتەدەست سیاسەتی تورکیا گۆڕانکاری بەسەردا هات، کە ئێمە بینیمان سەرۆك ئۆباما لە سەردانەکەیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردانی تورکیاشی کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گۆڕانی ئەم سیاسەتە پەیوەندی بە چییەوە هەبوو، ئایا هۆکارەکە ئەوەبوو کەتورکیا سیاسەتەکانی ئیدارەی جۆرج بۆشی ڕەتدەکردەوەوە؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە بزانین زۆرێك لە خەڵکی تورکیا ناڕازی بوون لەو سیاسەتەی ئیدارەی بۆش لە ئاست وڵاتە ئیسلامییەکاندا پەیرەوی دەکرد لە چوارچێوەی شەڕی دژە تیرۆردا. دواتر بە گەیشتنی ئۆباما بە کۆشکی سپی دەرکەوت کە سیاسەت و ئەولەویاتەکانی ئیدارەی ئەمەریکا یەکدەگرێتەوە لەگەڵ سیاسەت و ئەولەویاتەکانی تورکیادا، ئەمەش زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی ئەگەری هاوکاری نێوان ئەمەریکا و تورکیا لە ئاست چەندین پرس و کێشەی ناوچەییەدا ببێتە واقیع. لە سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی وەزیرانی تورکیاش بۆ ئەمەریکا سەرۆك ئۆباما باسی لەوەکرد سەنگی تورکیا لە جیهاندا زیاتر بووە، ئەمەش دانپێدانانێکە کە تورکیا توانیویەتی لە ڕێی هێزی نەرمەوە، واتە پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکان و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە بەشداربێت لە هەوڵەکانی سەقامگیری و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندا، نەك لە ڕێی هێزی ڕەقەوە، واتە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا ئامادەیە پشتگیری لە تورکیا بکات لەم هەنگاوانە، بە تایبەتی دوای سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ ئەمەریکا؟**

- کاتێك سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی تورکیای کرد باسی لە پێکهێنان و بنیاتنانی شەراکەتێك کرد لە نێوان هەردوو وڵاتەکەدا. من پێم وایە ئەم سەردانەی سەرۆك وەزیرانی تورکیاش بۆ ئەمەریکا تەواوکەرە بۆ ئەو هەوڵە و دەرفەتێکە بۆ باسکردن لە ووردەکارییەکانی ئەو شەراکەتە کە لە چوارچێوەیدا باس لە کێشەکانی ئەفغانستان، ئێران و فەلەستین کراوە و بیروبۆچونی هەردوولا لە زۆر ڕووەوە لێکنزیك بووە.

**چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا دەبێتەهۆی ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە**

**تورکیا توانیویەتی لە ڕێی هێزی نەرمەوە، واتە پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکان و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە بەشداربێت لە هەوڵەکانی سەقامگیری و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندا، نەک لە ڕێی هێزی ڕەقەوە**

**پرۆفیسۆر دغۆ ئیرگل ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئەنکەراو پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد لەتورکیا و یەکێکە لە ستوون نووسە دیارەکانی رۆژنامەکانی تورکیا بە تایبەتی ئەوانەی بەزمانی ئینگلیزی دەردەچن بۆ قسەکردن لەسەر هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی تورکیا و سیاسەتی ئایندەی تورکیا پرۆفیسۆر دغۆ ئیرگل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**



دوای ئەوەی پەکەکە چەک دادەنێت ئەوا دووبارە کوردەکان پشتگوێ دەخرێن و فەرامۆش دەکرێن

**پرۆفیسۆر و رۆژنامەنووس دۆغۆ ئیرگل بۆ گوڵان:**

# لەوڵاتی دیموکراسیدا تاکە ئەرکی سوپا بەرگریکردنە لەخاک و سنوری وڵاتەکە لەبەرامبەر هەڕەشەی هێزە دەرەکییەکاندا

*** بایەخدانی حکومەتەکەی ئەردۆگان بە ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا هەنگاوی ئیجابی بوون، ئایا تاچەند پێشبینی دەکەیت ئەم هەوڵانەی بەردەوام بێت؟**

- سیاسەتی تورکیا لەئاست کوردەکان دوو بەشە، سیاسەتی ئەم وڵاتە لە ئاست کوردەکانی عێراق و سیاسەتی ئەم وڵاتە لە ئاست کوردەکانی ناوخۆدا. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانی عێراقەوە هەبێت ئەوا حاڵی حازر پەیوەندییەکانی نێوان ئەم هەرێمە و تورکیا زۆر زۆر باشترە بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، ئەمەش دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان چەند ئیجرائاتێکی گرتەبەر و بواریان لەبەردەم پەکەکەدا بەرتەسکردەوە، لەو کاتە چەند هەنگاوێك بۆ هاوکاریکردن لە نێوان ئەمەریکا و حکومەتی مەرکەزی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیادا هەڵگیراوە کە هەرچەندە هێشتا تەواو جێی ڕەزامەندی نین، بەڵام بوونەهۆی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانی ناوخۆوە هەبێت، ئەوا هێشتا گیروگرفتی زۆر ماوە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست کە لەم چوارچێوەشەدا تەنها جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت دەبێت چەکدارانی پەکەکە لە چیاکان بێنەخوارێ و چەکەکانیان تەسلیم بکەن، بەڵام خودی پەکەکە و پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کە پارتێکی یاساییە بەو شێوەیە ئەم داواکارییە لێکدەدەنەوە کە دوای ئەوەی پەکەکە چەك دادەنێت ئەوا دووبارە کوردەکان پشتگوێ دەخرێن و فەرامۆش دەکرێن. هەروەها لە لایەکی دیکەوە ئەوەی جێی داخە کردەوەکانی ئەم دواییە لە دانانی بۆسە بۆ سەربازەکانی تورکیا بوونەهۆی ئەوەی هێرشبکرێتە سەر ئەو پرۆسەیە و ڕەخنە لە دەستپێشخەرییەکانی حکومەتی تورکیا بگیرێت بۆکرانەوە بە ڕووی کوردەکاندا، نەك تەنها لە لایەن بەرهەڵستکارەکانەوە بەڵکو لە لایەن زۆرینەی خەڵکی تورکیاشەوە.

*** ڕاوبۆچونی ئێوە چییە کە سەرۆك ئۆباما سوپاسی سەرۆك وەزیرانی تورکیای کرد بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا؟**

- ئەمە باشترین بەشی هاوکێشەکەیە، پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردەکانی عێراقە نزیکە لە پەیوەندی ئاساییەوە و ئەوەی زۆر

گرنگە ئەوەیە لەگەڵ هەڵکشانی ئاستی هاوکاری لە نێوان هەردوولادا ئەوا ئاستی متمانەش لە نێوانیان بەرەو هەڵکشان چووە، ئەمە خالێکی زۆر گرنگە.

*** تورکیا تا چ ڕادەیەك دەتوانێت بەهۆی بەردوامبوون لەسەر ئەم هەنگاوانە ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی، کە مەبەستمان بینینی ڕۆڵێکی ئیقلیمی باشتر و بوونە ئەندامە لە یەکێتی ئەوروپادا؟**

- ئێمە ئەوە دەزانین کە پەرلەمانی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣دا دژی بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە خاکی وڵاتەکەیدا دەنگیدا، کە ئەم هێزانەش بە نیازبوون لە باکوری وڵاتەکەوە هێرشبکەنەسەر عێراق و داگیری بکەن، ئەوەبوو دواتر لە باشوورەوە پرۆسەی داگیرکردنەکەیان ئەنجامدا. بەڵام دواتر ئەو ڕاستییە ڕوون بۆوە کە سیاسەتی ئیدارەی جۆرج بۆشی سیاسەتێکی زیانبەخشە هەم بە عێراق و هەم بۆ تەواوی ناوچەکە. هەروەها ئەو وێرانکارییانەی دواتر ڕویاندا ئەوەیان سەلماند هەڵوێستەکەی تورکیا هەڵوێستێکی مەبدەئی بووە و ئێستاش هەوڵ دەدات ئەم سیاسەتە دووبارە نەکرێتەوە لە وڵاتێکی وەك ئێراندا، بۆ نموونە تورکیا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە بوار و دەرفەتی پێبدەن بۆ ئەوەی قەناعەت بە وڵاتی ئێران بهێنێت تاوەکو بەو شێوەیە پەرە بە تەکنەلۆجیای ئەتۆمی نەدات کە لە کۆتاییدا ببێتەهۆی دروستکردنی بۆمبێکی ئەتۆمی، بەڵام ئەگەر ئێران سووربوو لەسەر ئەم کارە و پێداگیری کرد لەسەر دروستکردنی ئەم چەکە ئەوا ئەو کاتە تورکیا پشتگیری وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا دەکات بۆ گرتنەبەری ئیجرائای سەختتر لە ئاست ئێران و سەپاندنی سزا بەسەر ئەو وڵاتەدا. بە هەمان شێوە تورکیا بەرهەڵستی ئەوەدەکات ئیسرائیل مامەڵەیەکی نارەوا لەگەڵ فەلەستینیەکان بکات، یاخود ئەمەریکا فشارێکی نارەوا بخاتە سەر سوریا، کەواتە تورکیا لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی هاوسەنگ دەبینیت و هەوڵئەدات دەوڵەتانی ناوچەکە پەنا بۆ مومارەسەی توندڕەوانە نەبەن و داڵدەی تیرۆریستان نەدەن و هەڕەشە لە دەوڵەتە دراوسێکان نەکەن، واتە تورکیا ڕۆڵی ناوبژیوانی دەبینیت و هەوڵئەدات سیاسەتێکی میانڕەوانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادەبکرێت.

*** تاچەند سوپا بەوە رازی بووە کە دەستێوەردان لە ناو حکومەت نەکات و حکومەت سەرقاڵی کاری مەدەنییەکان بێت نەك ژەنەراڵەکان؟**

- یاسای تورکیا سوپای ئەو وڵاتەی وەك پارێزەری ڕژێمی وڵاتەکە ناساندووە، ئەمە بیانوو دەداتە دەست سوپا کە هەمو بەرەوپێشچونێك بە مەترسی لێکبدەنەوە، بەو پێیە خۆیان بە ناچاردەزانن دەستێوەردان بکەن، کە دەستێوەرانیشیان کرد دەبنە گەمەکارێکی سیاسی. ئەو کاتە دەبێت مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکەن و ئەمەش ڕوبەڕووی ڕەخنە و تۆمەتیان دەکاتەوە لەلایەن خەڵکەوە. ئەم حاڵەتەش پێچەوانەی دیموکراسییە، لەبەر ئەوەی لە وڵاتی دیموکراسیدا تاکە ئەرکی سوپا بەرگری کردنە لە خاك و سنوری وڵاتەکە لە بەرامبەر هەڕەشەی هێزە دەرەکییەکاندا. بەم دواییە جەنەراڵێکی سەربازی بە چەند بەڵگەنامەیەکەوە دەستگیرکرا کە ئەوەیان دەسەلماند هەوڵی ئەنجامدانی کودەتا لە ئارادابوو، لەم پرۆسەیەدا دەست بەسەر چەندین جبەخانەی چەکدا گیرا کە ئامانج لێیان دروستکردنی پشێوی بوو بۆ ئەوەی خەڵکی خۆیان داوابکەن سوپا کودەتا ئەنجامبدات.

*** ئەو گۆڕانەی لەسیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە دەیبینن لەدوای هاتنی سەرۆك ئۆباماوە دەستی پیکرا،ئایا تاچەند ئەو گۆڕانانە پەیوەندی بە هاتنی ئۆباماوە هەیە بۆ کۆشکی سپی؟**

- تورکیا لە نێو وڵاتە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا تاکە وڵاتی دیموکراسییە. ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا خوازیاری هێنانەدی ئاشتییە لە ناوچەکەدا بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە تورکیا هەیە، پێویستی بە تورکیا هەیە بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و سەقامگیرکردنی عێراق، پێویستی بە تورکیا هەیە بۆ جڵەوکردنی ئێران، بۆ ڕاکێشانی سوریا بۆ پرۆسەی ئاشتی، بۆ کۆتای هێنان بە ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو سەرۆك ئۆباما لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا ستایشی ئەو وڵاتە بکات و و وەك نمونەیەك بۆ وڵاتانی ناوچەکە ئاماژەیی پێبکات.


**تورکیا لە نێو وڵاتە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا تاکە وڵاتی دیموکراسییە. ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا خوازیاری هێنانەدی ئاشتییە لە ناوچەکەدا بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە تورکیا هەیە**




**حوسێن گلیرجە سیاسەتمەدار و ستوونووسی ڕۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی کە بەزمانی ئینگلیزی لە تورکیا دەردەچێت، یەکێکە لەو نوسەرانەی کە بە تورکی دەنووسێت، بەڵام نووسینەکانی لە ڕۆژنامەی تودەی زەمان دەکرێت بە ئینگلیزی و بڵاو دەکرێتەوە، هەربۆیە ئەم دیمانەیەش لەگەڵ بەڕێز حوسێن گلیرجە بە زمانی تورکی کراوە و، تاوتوکردنی هەنگاوەکانی ئەم دواییەی ئەردۆگانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا و ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەی بەڕێز گلیرجەیە بۆ گوڵان.**



بەبێ
چارەسەربوونی
کێشەی کورد
تورکیا نابێتە
دیموکراتی

**حوسێن گلیرجە سیاسەتمەدار و ستوونوسی تودەی زەمان بۆ گوڵان:**

# بەبێ چارەسەربوونی کێشەی کورد تورکیا نابێتە دیموکراتی و ئەردۆگانیش لە هەنگاوەکانی بەردەوام دەبێت

*** بەڕێزت وەك سیاسەتمەدارێك و ڕۆژنامەنووسێك تاچەند گەشبینیت بەوەی بەڕێز ئەردۆگان لە سیاسەتی کرانەوەو هەنگاو هەڵگرتنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەردەوام دەبێت؟**

- بەڕێز ئۆردۆگان مەجبورە لەسەر ئەو هەنگاوانەی بەردەوامبێت. چونکە چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا بۆ دیموکراتی بوونی تورکیا زۆر گرنگە، بەبێ چارەسەربوونی کێشەی کورد تورکیا نابێتە دیموکراتی. بەڕێز ئۆردۆگانیش سەبارەت بە بەردەوامبوونی لەسەر چارەسەری کێشەی کورد، یاخود بە شێوەیەکی تر بڵێم بەرەو کرانەوە بە ڕووی دیموکراتیدا لە دواین ڕوونکردنەوەیدا جەختی لەسەر بەردەوامبوونی کردەوە.

*** سەرۆك ئۆباما ستایشی هەنگاوەکانی بەڕێز ئەردۆگانی کرد بۆ ئاسایکردنەوەی پەوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئایا تاچەند ئەم ستایشە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی ئاییندەی هەرێمی کوردستان و تورکیا زیاتر بەرەو پێشەوە بچن؟**

- لە تورکیادا ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی کورد هەیە. بە تایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بە شێوەیەکی زۆر دانیشتوانی کورد لە خۆ دەگرێت. کوردەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و کوردەکانی ئێمە برای یەکترن.

هەربۆیەش داهاتووی هەرێمی کوردستانی باکوری عێراق داهاتووی تورکیاشە. هەربۆیە ئارامی و ئاشتی و ئاسایش و پێشکەوتنی ئەو ناوچەیە لە ئەستۆی تورکیاشدایەو داهاتوومان هاوبەشە. هەروەها تورکیا لە ڕێگای بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا وە لە لایەنی دیمۆکراسی و عەلمانیەتدا لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهاندا بەردەوام لە بەهێزبوون دایە. لەگەڵ عێراقی دراوسێی دا لە لایەنەکانی ئایین، کلتوورو مێژوو پەیوەندی دێرینیان هەیەو زۆر لاشی گرنگە کە ئەم پەیوەندییانە زیاتر بەرەو پێش ببات. وەك تورکیا پێویستە لەسەرمان پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی باکوری عێراق بەهێزترو پتەوتر

بکەین بۆ زیاتر سەقامگیرکردنی داهاتووی ئاشتی و ئارامی ناوخۆیی عێراق.

*** کەواتە تورکیا بەم هەنگاوانەی مەبەستێتی ڕێگەی دووری بوونی بەئەندام لە یەکێتی ئەورپا کورت بکاتەوە، ئایا ئەمە قەناعەتی مەبدەئی بەڕێز ئەردۆگانە؟**

- تورکیا بۆ بوونە ئەندام لەیەکێتی ئەورووپا تەنها لەسەر بڕیاری خۆی نەماوەتەوە. لە ناوخۆی تورکیادا و لە ئەورووپاشدا، بەشێك لە سیاسەتمەداران و چینێك لە خەڵك هەن کە دژ بە ئەندامبوونی تورکیان لە یەکێتی ئەورووپا، هەروەها دەبنە بەربەستێك لەبەردەم بوونە ئەندامی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا بە بەهانەی ئەوەی کەوا تورکیایەکی موسڵمان لە ئەورووپایەکی کرستیان جێگای نابێتەوە. بەڵام حکومەت و شەست لە سەددای ڕای گشتی تورکیا جەخت لەسەر بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا دەکەنەوە.

*** لەسەر ئاستی باڵا دەستی سوپا لە تورکیا هەست دەکەین ئەم باڵادەستییە گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، ئایا بەڕای تۆ چ هۆکارێك بوو وای لە سوپا کرد ئەم هەڵوێستەی خۆی بگۆڕێت؟**

- لە ڕاستیدا لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، لەوە تێگەیشتین کە ناتوانین بە تەنها لە ڕێگای وتووێژی سەربازییەوە بەسەر تیرۆردا زاڵبین. لە هەمان کاتدا وڵاتانی ناوچەکەو، ئەمەریکا و ئەورووپاش گرنگی بەم کێشەیە دەدەن. چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا، بەڕێز ئۆردۆگان لە سەردانەکەیدا بۆ ئەمەریکا، لە کۆشکی سپی لەگەل سەرۆکی ئەمەریکا، ئۆباما، بە شێوەیەکی بەرفراوان لەبارەی ئەم کێشەیەوە دووان. هەروەها لە هەمانکاتدا، بەدیموکراتیبوونی تورکیا چارەسەری کێشەی کورد زیاترو خیراتر دەکات. ئیسرار کردنی حکومەتی تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو بۆتە سەرچاوەی جورئەتی خەڵکەکە. ئەگەر تورکیا نەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەورووپییەکان، بە تایبەتی فەرەنساو ئەڵمانیا هۆکارن.

*** هەست ناکەیت دوای ڕۆشتنی بوش لە کۆشکی سپی گەلی تورکیا ئێستا بە شێوەیەکی ئیجابی سەیری ئەمەریکا دەکات؟**

- سیاسەتی بۆش بەرامبەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەروەها تورکیاش سیاسەتێکی ناتەبا بوو. بنچینەی سیاسەتی بۆش بریتی بوو لەوەی (ئێمە ئەوەی دەمانەوێت دەیکەین، پرس بە کەس ناکەین، بەرپرسیاریشمان بەرامبەر بە کەس نییە). ئەم سیاسەتەی بۆش ئەمەریکای بە بێ دۆست هێشتبووەوە و زۆر ئیعتباراتی لە دەست دابوو. ئۆباما بۆ گەڕانەوە لەم هەڵانەی بۆش هەنگاو هەڵدەگرێت. بۆ ڕاگرتنی ململانێی نێوان نەتەوەکان،تورکیا پێگەیەکی گرنگی هەیە. هێشتا لە ژێر چەتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پرۆژەی تەبابوونی میللەتەکان لە ئارادایە. ئەم پرۆژەیە دوو سەرۆکی یەکسانی هەیە. یەکەمیان سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا و ئەوەی تر سەرۆك وەزیرانی تورکیا. واتە بۆ نەهێشتنی ململانێی موسڵمان و کرستیان و نەهێشتنی ڕوودانی ئەم ململانێیە لەسەر ئاستی جیهان پێگەی تورکیا لەم ڕووەوە لە لایەن هەموو دنیاوە ڕوون و ئاشکرایە. هەروەها تورکیا پردێکی گرنگە بۆ دیالۆگی کلتورە جیاوازەکان. هەم زۆرینەی خەڵکی موسڵمانەو هەمیش دەوڵەتێکی عەلمانی و دیموکراتی و سەروەری یاسایە و خاوەنی ئیدارەیەکی ڕێ پێدەری زیادبوونی ئازادییەکانە. بۆ سەقامگیری ئاشتی جیهانی بوونی تورکیا چانسێکی یارمەتیدەرە.

هەر بۆیە هەموو مەزندەکان بەو جۆرەیە لەمەوپاش پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا زیاتر بەهێزتر و فراوانتر دەبێت و لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا شتێك بە ناوی (مۆدێلی هاوبەش) لە لایەن هەردوولاوە هێنراوەتە ئاراوەو بوارەکانی زانست، هونەر، ئابووری و تەکنەلۆژیا بە هاوکاری هەردوولا بەرەو پێش دەبات. بەڕێز سەرۆك وەزیران ئەردۆگان لە دواین سەردانیدا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا خستە ئاستێکی باشترەوە.

**تورکیا لە ڕێگای بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا وە لە لایەنی دیمۆکراسی و عەلمانیەتدا لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهاندا بەردەوام لە بەهێزبوون دایە**

**هێشتا لە ژێر چەتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پرۆژەی تەبابوونی میللەتەکان لە ئارادایە**



## باڵیۆز موختار لەمانی نووسەری راپۆراتی هەقیقەتە تازەکانی عێراق بۆ گوڵان:



باڵیۆز موختار لەمانی هەتا ساڵی ٢٠٠٧ باڵیۆزی شانشینی عەرەبی مەغریب بووە لە عێراق و ئێستاش یەکێکە لەگەورە تۆژەرەکانی سەنتەری داهێنان و حکومڕانی نێو دەوڵەتی و پسپۆرو تایبەتمەندیشە لەسەر کێشەی عێراق و نووسەری ئەو راپۆرتەشە کە بە هاوبەشی لەگەڵ پرۆفیسۆر ئیلەن لەیپسۆن لەسەر هەقیقەتە تازەکانی عێراق و سیاسەتی حکومڕانی و فیدرالیزم نوسیویانە، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی ئەم راپۆرتە و تێڕوانینی باڵیۆز لەمانی بۆ ئایندەی عێراق پەیوەندیمان بە بەڕێزییەوە کردوو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

# لە ساڵی ٢٠٠٦دا کوردەکان ڕۆڵی ناوبژیوانیان لە نێوان شیعە و سوننەکاندا بینی کارێکی زۆر ئیجابی بوو

# IRAQ'S NEW REALITY

REPORT III



## THE POLITICS OF GOVERNANCE AND FEDERALISM

سیاسی
گولآن
ژماره (٧٦٠)
٢٠٠٩/١٢/١٤
٣٣

STIMSON

CIGI

The Centre for International Governance Innovation
Centre pour l'innovation dans la gouvernance internationale

**• ئێوە لە ڕاپۆرتەکەتاندا باسی هەقیقەتە تازەکانی عێراق دەکەن ئایا مەبەستان چییە؟**

- گومان لەوەدانییە کە هەندێ بەرەوپێشچوون ڕوویداوە بە بەراورد بەو بارودۆخەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ دروست بوو، بەڵام هێشتا هەلومەرجەکە سەقامگیر نەبووە، من پەیوەندیم لەگەڵ تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا هەیە و ئێمە هەمیشە ئەوە دوپات دەکەینەوە کە ناتوانرێت بێ چەسپاندنی ئاسایش دەستبکرێت بە پرۆسەیەکی جیددی و درێژخایەنی ئاوەدانکردنەوە، لە هەمان کاتدا ناتوانرێت ئاسایش بچەسپێنرێت بێ بوونی پرۆژەیەکی سیاسی جیددی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی، کە حاڵی حازر ئەمە لە ئارادانییە و هەر ئەمەش هۆکاری هەڵکشانی هەل و مەرجەکەیە کە ئەمڕۆش چەندین تەقینەوە ڕوویداوە و لایەنە جیاوازەکان هەموو کارتەکانی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بارودۆخەکە دروست بکەن، کە من هیوادارم دوای هەڵبژاردنەکان بایەخێکی زیاتر بدرێت بە پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی.

**• ئێوە لە ڕاپۆرتەکەتاندا باس لەوە دەکەن پێکهاتەی عێراقییەکان تێروانینێکی هاوبەشیان نییە، ئایا چۆن دەکرێت لەم بارودۆخەدا سەقامگیری بچەسپێنرێت؟**

- ئەوە ڕاستە، عێراقییەکان چەندین هەڵەیان کردووە، یەکێک لە هەڵە زۆر زۆر گەورەکان ئەوەیە چەند گروپێکی دیاری کراو هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکاندا دەکەن دژی عێراقییەکانی دیکە، ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. من پێم وایە ئەگەری ئەوە هەیە عێراقییەکان بتوانن بگەنە ڕێککەوتن و یەکدەنگییەک لەسەر مەسەلە سەرەکییەکان و ئەو دابەشبوونە تێپەڕێنن، هەروەها دەتوانن بارودۆخەکە لە ناوەوە ڕێکبخەنەوە و عێراقیش نیشتمانێکە جێی هەمووانی تێدادەبێتەوە و وڵاتێکی دەوڵەمەندە، کە بەم شێوەیە دەکرێت ببێتە نمونەی سەرکەوتنی دیموکراسی و پاراستنی مافی کەمینەکان و تێکڕای گروپە ئاینی و ئیتنیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پێویستییەکی زۆر بە نمونەیەکی لەم چەشنە هەیە، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە هێشتا ئەم ئامانجە نەبۆتە ئەولەویەت لای عێراقییەکان.

**• ئێوە باس لە زەروورەتی پیادەکردنی فیدراڵیزم دەکەن لە عێراقدا، ئەگەر ئەم چارەسەرە نەگیرێتەبەر ئایا جیابوونەوەی کوردستان دەبێتە ئەمری واقیع؟**

- من هەمیشە هاوسۆز بوومە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا، لەبەر ئەوەی نەهامەتییەکی زۆریان چەشتووە لەسەر دەستی بەعسییەکان، هەروەها من پشتگیری ئەوەم کردووە کوردەکان هەرێمی خۆیان هەبێت و مافەکانی خۆیان بپارێزن و زمانی خۆیان بپارێزن، بەڵام نابێت ئەو هەڵەیە دووبارە بکەنەوە کە لە هەندێ شوێنی دیکە ڕوویداوە. من هەر لە سەرەتاوە ئەوەم دووپاتکردۆتەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی بنیاتنەر ببینێت لە نێوان گروپە جیاوازەکانی عێراقدا کە بێ متمانەیی هەیە لە نێوانیاندا هەیە و هەرێمی کوردستان دەتوانێت پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ تێکڕای گروپەکان و دانیشتن و کۆبونەوە ئەنجامبدات بۆ لێکنزیککردنەوەیان و ئەمەش پێگەیەکی باش بەو هەرێمە دەبەخشێت.

**• ئێوە باستان لە ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت چیتر بکات لە عێراق و لە کوردستاندا؟**

- من هیوادارم هەرێمی کوردستان ڕۆڵی ئیجابی خۆی ببینێت لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تێکڕای گروپەکانی دیکەدا و لە بینینی ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوانیاندا، هەروەها پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ ئەو گروپانەی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان نیشتەجێن بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشانە بدۆزرێتەوە و هەڵەی هەندێ گروپی دیکە دووبارە نەکاتەوە لەپەنابردن بۆ کاری توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە.

**• ئێمە دەبینین ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننەکان قوڵە و ڕەنگە تا ڕادەیەک ئاشتەواییکردنیان لەگەڵ یەکدا مەحاڵ بێت، بۆ نمونە ئەمڕۆ چەند تەقینەوەیەک لە عێراقدا ڕوویانداوە و بونەتەهۆی ئەوەی ١٢٠ کەس ببنە قوربانی و زیاتر لە ٢٠٠ بریندارن، ئەوەی تا ئێستاش بارودۆخەکەی وەک خۆی هێشتۆتەوە فشاری ئەمەریکییەکانە، ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا چی ڕوودەدات؟**

- سەرەتا من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەی پێی وایە کە ناکرێت ڕێککەوتنێك لە نێوان شیعە و سوننەکاندا بهێنرێتەدی، بەڵکو ئەگەری ئەم ڕێککەوتنە لە ئارادایە، لە هەمان کاتدا شیعەکان یەک گروپ نین، بە هەمان شێوە سوننەکانیش، لە هەردوولادا گروپ و لیستی جیاواز هەیە. کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٧ لە عێراق بووم و ئەو وڵاتەم جێهێشت ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان شیعە و سوننەکاندا هەبوو، ئێستا ئەوەی جێی داخە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان خەریکە گرژی ئیتنی ڕوودەدات لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا. ئێمە دەبێت چارەسەری گونجاو و عەمەلی بۆ تێکڕای کێشەکان بخەینەڕوو، لە ساڵی ٢٠٠٦دا کوردەکان ڕۆڵی ناوبژیوانیان لە نێوان شیعە و سوننەکاندا بینی و ئەمە کارێکی زۆر ئیجابی بوو، من هیوادارم چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکانی کەرکوک و موسڵ و ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەر بدۆزرێتەوە و ئەوەی جێی حەسرەتە، ئەوەی عێراقییەکان بە تێکڕای گروپەکانەوە تەنها داواکارییەکانی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، بێ ئەوەی هەوڵبدەن لە داوای لایەنەکانی دیکە تێبگەن.

**• ئایا دەکرێت بەم شێوەیە وڵاتەکە بنیاتبنرێتەوە؟**

- ئەوە بەشێکە لە واقیعەکە، بەڵام من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە عێراقییەکان خۆیان هەڵبستن بە خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و چاوەڕێی هیچ لایەکی دیکە نەکەن کێشەکانیان بۆ یەکلابکەنەوە. هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانیش بەوەدەبێت بەرژەوەندی گروپە جیاوازەکانی وڵاتەکە لەبەرچاوبگیرێت و کێشەی گروپە ئیتنی و ئاینیەکان چارەسەربکرێت.

**• دەستێوەردانی دەرەکی کاریگەری هەیە لەسەر بەردەوامبوونی کێشەکانی عێراق، بۆ نمونە ئێران پشتیوانی لە شیعەکان دەکات و سعودیەش لە سوننەکان، ئایا بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە چییە لەم دەستێوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا؟**

- هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق نادات، بەڵکو سیاسەتی ئەم وڵاتانە پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە.

**یەکێک لە هەڵە زۆر زۆر گەورەکان ئەوەیە چەند گروپێکی دیاری کراو هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکاندا دەکەن دژی عێراقییەکانی دیکە**

من پشتگیری ئەوەم کردووە کوردەکان هەرێمی خۆیان هەبێت و مافەکانی خۆیان بپارێزن و زمانی خۆیان بپارێزن

ئەوەی پێویستە عێراقییەکان بیکەنە ئەولەویەتی خۆیان یەکخستن و پتەوکردنی بەرەی ناوخۆییە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت تێکڕای پێکهاتەکان، سوونە و شیعە و کوردەکان بگەنە ڕێککەوتن و کۆدەنگییەک لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی نیشتیمانی کە لە چوارچێوەیدا بەرژەوەندی کوردەکان، شیعە و سوننەکان و گروپەکانی دیکە پارێزراوبن.

**● ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەسەر ئەو ناکۆکی و جیاوازی لە هەڵوێست و تێگەیشتنەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، ئایا ئەگەری ئەوەهەیە ببێتە سەرچاوەی گرژی و ئاڵۆزی؟**

- من پێم وایە هەروەک چۆن دەبێت نیگەرانی و خواستی کوردەکان لەبەرچاوبگیرێت، بە هەمان شێوە دەبێت نیگەرانی و ویستی ئەو گروپە کەمینانەش لەبەرچاو بگیرێت کە لە هەرێمی کوردستاندا دەژین. ڕاستە کوردەکان هەوڵی ئەوە دەدەن ئایندەیەکی باشتر بۆ منداڵ و نەوەکانیان بهێننەدی و ئەوان ئازارێکی زۆریان چەشت لە ڕابردودا، بەڵام دەبێت براگماتی بن لە ئاست ئەو چارەسەرەی کە لە لایەن دەستوری وڵاتەکەتانەوە پشتگیری لێدەکرێت، بە چەشنێك هەرگیز کارەساتەکانی ڕابردو دووبارەنەبنەوە و مافەکانتان پارێزراوبێت، ئەگەر ئەمە ڕوودات ئێتر بۆچی متمانە بەیەك نەکەن و بۆچی شەڕ لەگەڵ یەکدا بکەن. ئێمە دەبێت هەنگاو بە هەنگاو هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بدەین و بە داخەوە ئێستا ئەمە ڕوونادات و من هیوادارم دوای هەڵبژاردنەکان کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بکەین و دەرس لە هەڵەکانی ساڵی ڕابردوو وەربگرین و هەوڵبدەین ڕاستیان بکەینەوە.

**● بەڵام هەر کاتێك گفتوگۆ لە بارەی ئەم کێشانەوە بکرێت ئەوا ئەمەریکا فشارێکی زیاتر دەخاتە سەر کوردەکان، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من پێم وایە کوردەکان سەرکردەی دیار و ناسراویان هەیە و کاتێك من لە بەغدا بووم بۆم دەرکەوت کە لە ناو کوردەکاندا سەرکردەی بە توانا و لێهاتوو هەیە و ئومێدوارم لە حکومەتی مەرکەزیشدا کەسانێك هەبن کە ئیستیجابەیان هەبێت بۆ ئەم مەسەلەیە.

**● هەرچۆنێك بێت عێراقییەکان لەسەر یاسای هەڵبژاردن ڕێککەوتن، بەڵام چاودێران پێشبینی هەڵکشانی ئاستی توندوتیژی بکەن لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان کە نزیکەی دوو مانگ دواخراوە، ئایا ئەگەر هەڵبژاردن لەم بارودۆخەدا بکرێت دەبێتەهۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی عێراق؟**

- من هیوادارم سەرکەوتو بێت و هەموو کەس پێشبینی ڕوودانی توندوتیژی دەکات، لەبەر ئەوەی لایەنە عێراقیەکان هەمو کارێك دەکەن، یاسایی بێت یان نایاسایی بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکان بکەن، بەڵام ئەمە باجێکە بۆ بنیاتنانی



دیموکراسی و دەبێت بدرێت، ئەگەر لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا هەنگاوی باشتر و جیدیتر بنرایە بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی ئەوا ئێستا بارودۆخەکە زۆر باشتر دەبوو. من پێم وایە ناکرێت خواست و داواکاری لایەنێکی دیاری کراو پشتگوێبخرێت و دەبێت هەمو لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتن و کۆدەنگی و کار لەگەڵ یەکدا بکەن، ئەگەر هەمو عێراقیەکان بگەنە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کار بۆ ئەوە بکەن یەك براوە هەبێت کە ئەویش عێراقە ئەوا زۆرێك لە کێشەکانی ئەو وڵاتە چارەسەردەبێت. بە باوەڕی من ئەگەری ئەم لێکنزیکبوونەوە و ڕێککەوتنەش لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی عێراق لە ئارادایە و دەکرێت متمانە لە نێوانیاندا بهێنرێتەدی.

**● ئایا تا چ ڕادەیەك لایەنە عێراقیەکان دەتوانن کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بکەن و ئایا ئایندەی پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی عێراق چۆن دەبینیت لە پەیوەندیدا بە کێشەی کەرکوکەوە؟**

- کاتێك باس لە دەستنیشانکردنی کێشەکانی عێراق دەکرێت دابەش دەکرێت بۆ دوو بەش ئەوەی پەیوەندی بە تێکڕای عێراقییەکانەوە هەبێت، وەك گۆڕین و هەموارکردنەوەی دەستور، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە چەند گروپێکی دیاری کراوەوە هەبێت وەك کێشەی کەرکوك، بە تێڕوانینی من ئەمە پۆلێنکردنێکی هەڵەیە و دەبێت کێشەکان دابەش بکرێن بۆ ئەو کێشانەی کە زۆر ئاڵۆزن و وا دەردەکەوێت هیچ چارەسەرێکیان نیە، لەگەڵ ئەو کێشانەی کەمتر ئاڵۆزن کە دەبێت سەرەتا لەو کێشانەوە دەستپێبکرێت کە کەمتر ئاڵۆزن، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش، کە بەرژەوەندی هاوبەش دروست بوو، ئەوا هەوڵی پاراستنی دەدرێت، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی کەشێکی ئیجابی، هەر کاتێك گروپەکانی هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لایەنەکانی دیکەیاندا، ئەوا بۆچی ناتوانرێت کێشەکان چارەسەربکرێت، بە ڕای من وایە هۆکارەکە نەبوونی متمانە و ترس و نیگەرانییە لە ئایندە.

**● ئایا ڕاسپاردەت چییە بۆ کوردەکانی عێراق؟**

- بەردەوامبن لە هەوڵەکانتان بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ لەگەڵ تێکڕای لایەنەکانی عێراقدا، من هەمیشە جیاوازی دەکەم لە نێوان دانوستاندن و دیالۆگدا، چونکە یەکەمیان پێویستە بەوە دەکات بگەیتە ڕێککەوتن لەسەر شتێك بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا ئەمە پێویست نییە، لەبەر ئەوەی دیالۆگی خۆتان فراوانبکەن لەگەڵ هەموولایەنەکاندا، تەنانەت ئەوانەی بەرهەڵستی پرۆسە سیاسییەکە دەکەن و هەوڵبدەن پەرە بە بەرژەوەندی هاوبەش بدەن و من پێم وایە کوردەکان دەتوانن لەم ڕووەوە ڕۆڵی ئیجابی ببینن.

**هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانیش بەوەدەبێت بەرژەوەندی گروپە جیاوازەکانی وڵاتەکە لەبەرچاوبگیرێت و کێشەی گروپە ئیتنی و ئاینیەکان چارەسەربکرێت**

**کاتێك من لە بەغدا بووم بۆم دەرکەوت کە لە ناو کوردەکاندا سەرکردەی بە توانا و لێهاتوو هەیە**

# تاران و واشنتۆن: نزیک کەوتنەوە لە هێڵی ئاگر



سامی شۆڕش
تایبەت بۆ گولان دەینووسێ

ئەمەریکاو ئێران زۆر بە گەرمی، هەر یەکەو بە شێوەیەک، خەریکی ئامادەکردنی مەیدانی شەڕن لە دژی یەکتری. ڕاستە، ناوە ناوە، لێرەو لەوێ، هەر دوو لا باس لە دەرفەتی چارەسەری ئاشتییانەو دیپلۆماسیانەی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان دەکەن بە تایبەتی لە بواری فایلی ئەتۆمی و مەسەلەی عێراق و ئەفغانستاندا. ئینجا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمیش بە گەرمی خەریکی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی سیاسین بۆ ڕێگە گرتن لە تەقینەوەی ناکۆکییەکان. بەڵام ئەگەر هەندێك بە وردی ئاوڕ لە هەوڵ و تەقەللای هەر دوو دەوڵەتەکە بدەینەوە، دەبینین تەنانەت هەوڵە دیبلۆماسییەکانیش بەشێکی گرنگی ئەجێندای ئامادەسازی پێك دەهێنن بۆ تەختکردنی مەیدانی شەڕ.

لەلایەک، ئێران خەریکی دنەدانی ئاڵۆزی و پشێویی سیاسی و ئەمنییەکانی ناو عێراق و ئەفغانستانە. مەعلوومە، ئامانجی گەورەی تاران لە دنەدانی ئەو پشێویانە ئەوەیە کە زیان بە پێگەی ئەمەریکا بگەیەنرێت لە عێراق و ئەفغانستان و شکست بە سیاسەتی دەرەوەی بهێنرێت و ڕێگە لەوە بگیرێت ئیتر واشنتۆن بە ڕەهایی، خۆی بۆ شەڕی دەوڵەتێکی دیکەی وەکو ئێران لە هەمان ناوچەدا ئامادە بکات.

لەوە بەولاتر، تاران خەریکی تاوپێدانی بەرنامە عەسکەرییەکانی خۆیەتی بە تایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانی موشەکی دووربوردو پالیستی. بەم دواییە، تاران ڕایگەیاند کە خەریکی تاقی کردنەوەی مووشەکێکە مەوداکەی پتر لە دوو هەزار کیلۆمەترە. ئەمەشی بۆ ئەوەیە لە داوڕۆژێکی نزیکدا بتوانێت مەودای مووشەکەکانی بگەیەنێتە سێ هەزار کیلۆمەتر، هەتا بتوانێت بیانگەیەنێتە ئەورووپای ناوەڕاست. بێجگە لە بەرنامەی مووشەکی، تاران بە گەرمی خەریکی پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەتی. لەم چەند مانگەی ڕابردوودا، ئاشکرای کرد کە خەریکی دانانی بنکەیەکی ئەتۆمییە لە شوێنێکی نهێنی نزیک شاری قوم. ئینجا ڕایشیگەیاند کە بۆ ئەوەی بتوانستە ئەتۆمییەکەی خۆی بگەیەنێتە ڕادەیەکی باش، پێویستیی بە دامەزراندنی ١٥ بنکەی دیکەی ئەتۆمیی هەیە بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم.

نەک هەر ئەوەندە، بگرە لەسەر ئاستی ناوخۆشدا، ئێران لە هەڵبژاردنی ڕابردووەوە، بە گەرمی کەوتۆتە وێزەی تەوژمەکانی چاکسازی و ئۆپۆزیسیۆن و بەوپەڕی توندوتیژی سەرکوتی خۆپیشاندانەکانیان دەکات. مەبەست لەم سەرکوتکردنانەش، زامنکردنی بارودۆخێکی ناوخۆیی هێمن و سەقامگیرە لە پێناو بە هێزکردنی پێگەی خۆی لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەهەر حاڵەتێکدا ئەگەر ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا گەیشتنە ڕادەی تەقینەوە. لەوانەش بەولاتر، تاران ماوەیەکە دەستی داوەتە هەڵمەتێکی دیپلۆماسیی گەورە بە نیازی فراوانکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لە سەر ئاستی جیهانیدا، بە تایبەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی ناکۆکیان هەیە لەگەڵ ئەمەریکا وەك فەنزەوێلاو کۆباو هەندێك دەوڵەتی دیکەی ئەمەریکای لاتین. ئینجا، لە ناوچەکەشدا، خەریکە کێشەی قورس بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا دروست دەکات. شەڕی حوسییەکان و حکومەتی یەمەن، ئینجا تێوەگلانی سەعودی لەو شەڕە. لەوەش زۆرتر تەنگەتاوبوونی دەوڵەتانی کەنداو لەوەی دەسەڵاتی ئێران لە ڕێگەی حوسییەکانەوە بگاتە ناوچەی کەنداو. ئەمانە هەر هەمووی هێمان بۆ ئەوەی دەستو پەنجە لە کاروباری ناوچەی کەنداو وەربدات و ئاگری چەندین کێشەی ناوچەیی لێرەو لەوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبکات. ئامانجی گەورەی ئەوانەیش سەرقاڵ کردنی ئەمەریکایە. بێگومان، هەموو ئەو خۆ ئامادە کردنانەی ئێران، ئەگەرچی بە هەنگاوی زۆر گەرموگوڕ بەرەو پێش دەچن، بەڵام هێشتا زەحمەتە بتوانن خۆ لە قەرەی ئامادەکارییەکانی ئەمەریکا بدەن بە تایبەتی لە بواری دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازی و ئابووریدا. پێ دەچێت ئەمەریکا بە هۆی ئەوەی توانایەکی ئێجگار بەرفراوانی کۆکردنەوەی ئیمکانیاتی سەربازی هەیە لە دەوروبەری ئێران لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، بۆیە، تا ئێستا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی بە دەست پێ کردنی مۆڵدانی هێزی سەربازی نەداوە لە ناوچەکەدا. بگرە، بەشی هەرە زۆری هەوڵە سەرەکییەکەی خۆی لە چەند بوارێکی زۆر گرنگ و ستراتیژیدا تەرکیز پێ کردووە:

یەکەم، کۆکردنەوەی هاوپەیمانییەکی سەربازی و سیاسیی بەهێز لە ناوچەکەدا لە دژی ئێران، بە تایبەتی هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ دەوڵەتانی وەکو پاکستان و هیندو تورکیاو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و دەوڵەتانی ناوەڕاستی ئاسیا.دووەم، کۆکردنەوەی پشتگیری دەوڵەتانی ئەورووپاو هاوپەیمانێتی ناتۆو یەکێتیی ئەورووپی و ئینجا دەوڵەتانی هەمیشە ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فشار بردنە سەر ئێران لە بواری ئابووری و سیاسی و سەربازیدا. دیارە، ئەمەریکا لەماوەی شەش مانگی رابردوودا سەرکەوتوو بوو لەوەی هەڵوێستی رووسیا بۆ لای خۆی رابکشێت بەوەی کە مۆسکۆ ش رایگەیاند ئەگەر ئێران دەست لە بەرنامە ئەتۆمییە سەربازییەکەی هەڵنەگرێت، ئەوا دووچاری سزای نێودەوڵەتی دەبێتەوە. سەرباری رووسیا، ئێستا واشنتۆن خەریکە رووگەی کۆماری چینیش بەرەو هەمان مەبەست وەربگێرێت. ئەم دوو دەوڵەتە تاکە دوو دەوڵەت بوون کە بەرپەرچی هەڵوێستەکانی ئەمەریکیایان دەدایەوە لە مەسەلەی ئێران لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشدا. بە هەر حاڵ، رەنگە ئەمەریکا بە دیققەت لەو راستییە تێبگات کە کارێکی زۆر خراپە ئیسرائیل بێتە ناو بازنەی ئەو هاوپەیمانێتییانەوە لە دژی ئێران، یان دەستپێشخەر بێت لە هێرش کردنە سەر دامودەزگا ئەتۆمییەکانی. هۆیەکەیەش ئەوەیە کە واشنتۆن دەزانێت ئەگەر ئیسرائیل هەر کارێکی لەو بابەتە بکات ئەوا زیانێکی زۆر گەورە بە هەڵوێستە سیاسی و سەربازییەکەی دەگات لە ناوچەکەدا. بۆیە، تاکە زمان واشنتۆن لە بەرامبەر تەل ئەبیب بەکاری دەهێنێت ئەوەیە کە نابێت هەڵبچێت و پێویستە دان بە خۆیدا بگرێت و چاوەڕێ بکات هەتا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خەتەرەکانی ئێران یەکلا دەکاتەوە.ئەوەی راستی بێت، ئیدارەی سەرۆک باراک ئۆباما پێی باش نییە، کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بە شەڕ چارەسەر بکرێت.

بۆ ئەم مەبەستە هەوڵێکی زۆری دا هەتا حکومەتی ئێران قەناعەت پێ بکات بەوەی کە لە رێگەی گفتوگۆو دایەلۆگەوە ناکۆکیەکان یەك لا بکەنەوە. بەڵام تاران تا ئێستا بەو شێوەیەی ئەمەریکا دەیەوێت ملی دا نەداوە بۆ گفتوگۆ. بۆیە، تا دێت ئەگەری سزای نێودەوڵەتی و ئینجا ئەگەری شەڕ دێتە پێشەوە. شایەنی باسە، یەك لە بانگەشە دیارەکانی ئۆباما لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا مەسەلەی دایەلۆگ بوو لەگەڵ ئێران.

ئەوا خەریکە ساڵێك بەسەر گەیشتنی ئۆباما بە کۆشکی سپی تەواو دەبێت. تا ئێستا لە فایلی ئێراندا هیچی ئەوتۆ وەدەست نەهاتووە. دیارە ئۆباما بەر لە هەڵبژاردنی، بەڵێنێکی زۆری بە ئەمریکییەکان و تەواوی جیهان دا کە هەوڵ بدات بە دایەلۆگ کێشەکان لەگەڵ ئێران چارەسەر بکات. بۆیە، لەوەتی گەیشتۆتە کۆشکی سپی، چەندین هێمای نییەت باشی بۆ ئێران رەوان کردووە، کە یەکێکیان پێش چەند مانگێك، گوتارە بەناوبانگەکەی بوو بۆ موسوڵمانان لە قاهیرەی پایتەختی میسر. لەو بەرامبەرەدا، ئێران پێش ماوەیەك، بە بێ شاردنەوەو پێچ و پەنا، رایگەیاند کە زەحمەتە لەگەڵ ئەمەریکا بگاتە هیچ جۆرە رێککەوتنێکی گونجاو. بەهانەی ئێران ئەوەیە گوایە مەبەستە گەورەکەی واشنتۆن، بە قسەی تاران، ئەوەیە کە دەیەوێت رژێمی ئیسلامی بڕووخێنێت و رایماڵێت، نەك ئێران داماڵێت لە بەرنامەی ئەتۆمی.

بەڵام ئەمریکییەکان، لەم چەند هەفتەیەی رابردوو، لە جیاتی باسی دایەلۆگ کەوتوونەتە باسی زەحمەتییەکانی پێکهاتن لەگەڵ ئێران. پێیان وایە، تاران ئامادە نییە بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆمی خۆی رابگرێت. تەنانەت ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك رێگە بدات پیتاندنی یۆرانیۆمەکەی ببرێتە دەرەوەی خاکەکەی یان بگۆڕدرێتەوە بە یۆرانیۆمێکی پلە نزم لە پیتاندندا. ئەمانە، سەرباری ئاشکرا بوونی بنکە نهێنیەکەی قوم و زیادکردنی ئەو راپۆرتانەی باس لە نزیك کەوتنەوەی ئێران لە بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی دەکەن.

هەر لەو بوارەدا، وەك پێشتریش گوتمان، تاران خەریکی چڕ کردنەوەی پشێوییەکانی ناو عێراق و ئەفغانستانە بۆ ئەوەی رێگە بگرێت لەوەی ئەمەریکا لە زۆنگاوی عێراق رزگاری بێت. بەڵام ئیدارەی سەرۆك ئۆباما، لەگەڵ ئەو هەموو پشێویانەی ناو ئەو دوو وڵاتە دراوسێیەی ئێران، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە لە کاتە دیاریکراوەکاندا هێزەکانی خۆی لە خاکی عێراق دەکێشێتەوەو بە پێی بەرنامەیەکی دوورتریش، جەدوەلێکی زەمەنی بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان دادەنێت. چاودێرانی سیاسی پێیان وایە، هۆیە گەورەکەی پێ داگیری واشنتۆن لە سەر مەسەلەی کشاندنەوەی هێزی سەربازی لە عێراق، ئەوەیە کە ئیتر رێگە خۆش بێت بۆ ئەوەی ئەمەریکا خۆی و توانستە سەربازی و سیاسییەکەی بۆ شەڕی ئێران تەرخان بکات. بە پێی پێوانەکانی ئەمڕۆ، زەحمەتە سوپای ئەمەریکا، چ ئاسمانی و چ زەمینی، هێرش بکاتە سەر ئێران لەو کاتەی کە هێشتا بەشێك لە سوپاکەی لە ناو عێراقە، بۆیە پێ داگرتنی واشنتۆن لە سەر کشاندنەوەی هێز لە عێراق پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە هاتنە پێشەوەی ئەگەرەکانی شەڕ هەیە لە دژی ئێران.کورتەی قسە، ئێستا ئەمەریکاو ئێران لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر نزیك کەوتوونەتەوە لە هێڵی ئاگری شەڕ. هەر یەکەشیان هەموو توانستێکی سیاسی و ئابووری و سەربازی و ستراتیژیی خۆی بۆ ئامادەکردنی مەیدانی شەڕ تەرخان کردووە. ئەم حاڵەتە پڕ پشێوییە دەخوازێت کوردیش، وەك میللەتان و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، خەریکی خۆ حازر کردن بێت لە سەر هەموو ئاستەکان بۆ خۆ پاراستن لە پریشکی ئاگرەکە ئەگەر هاتوو بەرپا بوو.

**هەموو ئەو خۆ ئامادە کردنانەی ئێران، ئەگەرچی بە هەنگاوی زۆر گەرموگوڕ بەرەو پێش دەچن، بەڵام هێشتا زەحمەتە بتوانن خۆ لە قەرەی ئامادەکارییەکانی ئەمەریکا بدەن بە تایبەتی لە بواری دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازی و ئابووریدا**

**ئیدارەی سەرۆک باراک ئۆباما پێی باش نییە، کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بە شەڕ چارەسەر بکرێت**




# ڕۆڵی پارت و لایەنە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا

لە تێپەڕاندی یاسای هەڵبژاردنەکانەوە بارودۆخی سیاسیی عێراق بەو ئاستە دەخوێنرێتەوە، کە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو وێڕای ئەوەی مەزندەیەکی زۆر دەکرێت کە پرۆسەیەك بێت ئاستی توندوتیژی کاری تیرۆرستی تیا هەڵبکشێت و لایەنە توندڕەوەکان ئەوە بە فرسەت وەربگرن کە باردۆخەکە تێکبدەن، هەروەها مەزندەی ئەوەش دەکرێت کە لەڕێگەی لایەنە سیاسییەکانی عێراقەوە بە تایبەتی لایەنە عەرەبییەکان دەستی دەوڵەتانی دراوسێی تێبکەوێت، ئەمە بێجگە لەو ململانێ و کێبرکێیەی کە مەزندە دەکرێت هەڵبژاردنەکان هەڵمەتێکی توندیش بە خۆوە بگرێت، بۆ ئەوەی خوێنەرانی گوڵان بەردەوام لە سەر ئاستی ئەزموونە جیاوازەکانی دنیا ئاگادار بن، گوڵان بەپێویستی ئەم مەسەلە گرنگە لەگەڵ چەند پسپۆڕێك تاوتوێ بکات.

پرۆفیسۆر ئیڤا ساند بێرگ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی یەڵ وپسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە بونیادی دیموکراتی و ململانێی و رکابەری پارتە سیاسییەکان




لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەزموونە جیاوازەکان بۆ هەڵسەنگاندنی رۆڵی پارتە سیاسییەکان لەم پرۆسەیەدا خاتوو ئیڤا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

## ئیڤا ساندبیرگ بۆ گوڵان:

# لە ناو کۆنگرێسی ئەمەریکا و بۆ تێپەڕاندنی یاسای چاودێری تەندروستی تەنانەت یەک ئەندامی پارتی کۆماریش دەنگی بە یاساکە نەدا

*** تایبەتمەندی حزبە سیاسییەکان لە هەر وڵاتێکدا سیمای سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتە دیاری دەکات، ئایا پەیوەندی هاوبەشی نێوان حزبە سیاسییەکان و سیستمی سیاسیی وڵات چییە؟**

- ئەگەر بۆ ئەدەبیاتی ئەم بوارە بگەڕێینەوە ئەوا پرسیارەکەی ئێوە پەیوەستە بە ئیرادەی سیاسییەوە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت زۆرینەیەکی بەهێز هەبێت، واتە ڕای گشتی پشتیوانی لە پرۆسەی بەرەوپێشبردن و پتەوکردن و جێگیرکردنی دیموکراسی بکەن، کە بێ بوونی ئەم پاڵپشتییە ڕەنگە نەتوانرێت ئەم ئامانجە بهێنرێتەدی. ئێمە هەمیشە لە تاوتوێکردنی ئەم پرسەدا باس لە بوونی ڕەوت و لایەنە توندڕەو و میانڕەوەکان دەکەین، یاخود هێزە دیموکراتخواز و هێزە دژە دیموکراتەکان، بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو کاتە هێزە دیموکراتخوازەکان توانیان دەستڕۆیشتوی خۆیان بگەڕێینەوە و باڵادەست بن کە توانیان هاوکاری و هەماهەنگییەك بکەن لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتدا، وەك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها ئەو کاتە هەلومەرجی سەرکەوتن و باڵادەستبوونی ئەم هێزانە ڕەخسا کە ڕژێمە دژە دیموکراتییەکان یان نادیموکراتییەکان، کە هەندێ جار ڕژێمێکی سەربازی بوون، دووچاری قەیرانی شەرعیەت دەبوون، سەرچاوە و هۆکاری ئەم قەیرانی شەرعیەتەش زۆرجار خراپی ئەدای ئابووری وڵاتەکە، یاخود بڵێین قەیرانی ئابووری وڵاتەکە بوو، یاخود شکستهێنانیان بوو لە پرۆسەی بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی دیموکراسیدا، یاخود هەندێ جار لە دۆڕان و شکستهێنانیاندا لەو شەڕانەی ئەنجامیان دەدا، وەك شکستهێنانی ئەرجەنتین لە شەڕەکەیدا لەگەڵ بەریتانیادا. لە ڕاستیدا دوای ئەم گۆڕانگارییەش قۆناغی ئینتیقالی دەستپێدەکات کە پێویست بە سازشێکی زۆر دەکات لە نێوان هێزە دیموکرات و هێزە نادیموکراتەکاندا، ئەویش بۆ زامنکردنی شوێن و بەرژەوەندی ئەوەی هێزانە پێشتر نادیموکراتی بوون، لێرەدا سێ خاڵ گرنگە، یەکەم ئەوەیە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین ئەمە پرۆسەیەکی دوورودرێژە، دووەم دەبێت زەمانەتی ئەوەبکرێت ماف و بەرژەوەندی ئەو کەسانە دەپارێزرێت کە پێیان وایە زەرەرمەندبوونە لە هاتنەئارای سیستمە نوێیەکە، بە تایبەتی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، خاڵی سێیەم ئەوەیە دەبێت هێزە دیموکراتەکان هاوپەیمانی و هاوکاریان هەبێت لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵات، وەك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەدای دەسەڵات.

*** بەڵام زۆرێك لە چاودێرە سیاسییەکان پێیان وایە یەکێك لە ئامانجی پارتە سیاسییەکان گەشەپێدانی کۆمەڵگەیە، ئەمە لە کاتێکدا پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات خۆیان بونەتە کۆسپ**

> لێرەدا سێ خاڵ گرنگە، یەکەم ئەوەیە دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین ئەمە پرۆسەیەکی دوورودرێژە، دووەم دەبێت زەمانەتی ئەوەبکرێت ماف و بەرژەوەندی ئەو کەسانە دەپارێزرێت کە پێیان وایە زەرەرمەندبوونە لە هاتنەئارای سیستەمە نوێیەکە، خاڵی سێیەم ئەوەیە دەبێت هێزە دیموکراتەکان هاوپەیمانی و هاوکاریان هەبێت لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵات

**و ئاستەنگ لەبەردەم بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەکانیاندا، بەپێی بیروبۆچوونی ئێوە چییە هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئێمە هەمیشە ئەو بە هەڵەتێگەشتنەمان بیستووە کە هەندێ لە پارتە سیاسییە دیاری کراوەکان، یاخود هەندێ لە کەلتورە سیاسییەکانی چەند وڵاتێکی دیاری کراو دامەزراوە دیموکراتییە هاوچەرخەکان قبوڵ ناکەن، ئێمە پێش ئەوەی باسی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، با بگەڕێینەوە بۆ وڵاتانی ئەمەریکای لاتین کە دەوترا خەڵکی ئەم وڵاتانە لەسەر شێوە دەسەڵاتی هەرەمی ڕاهاتوون و ناتوانن ئاشنابن بە دامەزراوە دیموکراتییەکان، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەمە هەڵەیە، بە هەمان شێوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و وڵاتە ئیسلامییەکاندا ئەگەر لەو ڕاپرسیانە ووردبینەوە کە ئەنجامدراون ئەوا دەکرێت بگەینە دەرئەنجامێکی دیاری کراو، من لێرەدا ئاماژە بە دەرئەنجامەکانی لاری دایەموند ئەکەم، کە دوای ووردبوونەوە لە ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەکان گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ڕاستە خەڵکانی وەڵاتە ئیسلامییەکان لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ نموونە یەکسانی نێوان پیاو ئافرەت، مەسەلەی هاوسەرگیری هاورەگەزەکان کەمتر لیبراڵن بە بەراورد بە وڵاتانی ئەوروپا، بەڵام لە مەسەلەی پشتگیری کردن لە دامەزراوە دیموکراسییەکان هیچ جیاوازیەکیان نییە، بۆ نموونە خەڵکی ئەو وڵاتانەش خوازیاری ئەوەن بەشداری سیاسییان هەبێت، کاربەدەستان و دەسەڵاتداران لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن، هەڵبژاردنی دەوری ئەنجامبدرێت، دەسەڵاتی قەزائی سەربەخۆ بێت، سەروەری یاسا باڵادەست بێت و هتد. کەواتە خەڵکی ئەم وڵاتانەش پشتگیری لە دامەزراوە دیموکراسییەکان و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی دەکەن، ئەگەرچی لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا کەمتر لیبراڵن، کەواتە دەبێت زۆر ووریا بین کاتێک باس لەوە دەکەین کە پارتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە کۆسپ و ئاستەنگن لەبەردەم دیموکراسیدا، ڕەنگە پارتگەلێك هەبن دژی دیموکراسی بن، بەڵام من پێم وایە ئەگەر دامەزراوەی سەربازی و سوپای ئەم وڵاتانە لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی مەدەنیدا بن، ئەگەر دەستیوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان و هێزە نێودەوڵەتیەکان لە کاروباری ئەم وڵاتانەدا کەمبکرێنەوە، ئەوا پارتە سیاسییەکان دەتوانن ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ هێنانەدی و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی. لەلایەکی دیکەوە دەکرێت مەسەلەی ناسیونالیزمیش بخرێتە خزمەتی ئەم ئامانجەوە، بۆ نموونە یەکێك لە تیورزانە سیاسییەکانی جۆرجیا باس لەوە دەکات کە هەندێ جار ناسیونالیزم لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا بۆ ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە بەکارهێنراوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بەو شێوەیە بەکاربهێنرێت-کە پێویستیشە بەم شێوەیە بەکاربهێنرێت- کە هەنگاوهەڵگرتن لەگەڵ مۆدێرنەدا شەرەفێکی نیشتمانییە، ئەوا کاتە خەڵکی لە ئاست ئەم ئەرکەدا دەبن و کار و کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان و نەتەوەکەیان وەك ئەندامێکی یەکسان لە کۆمەڵگەی جیهانی هاوچەرخدا جێی بێتەوە.

*** بەڵام لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە نزیکە دەبێتەوە پارتە سیاسییەکان بە پێی کەلتوری دیموکراسی ململانێی لەگەڵ یەکدا ناکەن، بەڵکو دیموکراسی وەك چەکێك بەکاردەهێنین بۆ ڕەتکردنەوەی یەکتر و پەکستن و شکستپێهێنانی پرۆسە سیاسییەکە، ئایا لە هەلومەرجێکی لەم شێوەیەدا هەڵبژاردن چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- ئەم کێشانە تەنها پەیوەست نییە بە وڵاتێکی وەك عێراقەوە، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا لە مەسەلەی دەنگدان بۆ تێپەڕاندنی یاسای چاودێری تەندروستی تەنانەت یەك ئەندامی پارتی کۆماری دەنگی بۆ بەرژەوەندی ئەم یاسایە نەداوە، لێکدانەوەی خەڵکیش ئەوەیە ئەمە ئامانج و مەرامی سیاسی و هەڵبژاردنی لە پشتە، لەبەر ئەوەی کۆمارییەکان نایانەوێت ئەمە وەك سەرکەوتن بۆ دیموکراتەکان لە

> تاکو ئێستا دیموکراسی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە گەشەکردندایە



قەڵەمبدرێــت لــە کاتێکدا ئێســتا لە دەســەڵاتدان، کەواتــە ئەمــە تەنها لە عێراقدا ڕونادات و دەتوانین بڵێین هێشتا دیموکراســی لە وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریــکادا لە گەشــەکردندایە. دواتر ئــەوەی پەیوەســت بێت بــە بارودۆخی عێراقەوە، من پێم وایە هێشــتا دەرفەت ماوە و هێشتا ماوەیەکمان لەبەردەستدایە تاوەکو هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی لیســت و لایەنە سیاســییەکان بگەنە جۆرێك لە هاوپەیمانی و ڕێککەوتن، کە من پێم وایە ڕەنگە باشترین ڕێگاچارە ئەوەبێت کە ئەو لایەنانە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بگەنــە ڕێککەوتنێــك لە نێــو خۆیاندا لەسەر دابەشکردنی داهاتەکانی وڵاتەکە بە چەشــنێك ببێتەهۆی گەشــەپێدان و بەرەوپێشبردنی وڵاتەکە، کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو لێکدانەوە و باوەڕە لە ئارادایە ئەم پێشکەوتن و گەشەکردنە ئابوورییەش دەبێتەهۆی بەرەوپێشــچوونی لە بواری چەســپاندنی دیموکراســیەتی لیبراڵیدا، هەرچەندە هەندێ کەس تەحەفوزیان هەیە لەسەر ئەمە، من باوەڕم وایە گەیشتن بەم ڕێککەوتنە دەبێتەهۆی ئەوەی لایەنەکان کەمتر ئامادەبن پەنا بۆ توندوتیژی ببەن لە پێناو کاریگەربوون بەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانــەوە، چونکــە لەو کاتەدا بــڕاوەی هەڵبژاردنــەکان ناتوانێت هەمو داهات و دەسەڵاتەکان کۆنترۆڵ بکات.

*** ئێمــە دەزانیــن هەرێمی کوردســتان سەرەڕای ئەوەی بەشێکە لە عێراق، بەڵام بەشــێکی ئارامە، ئەمە لە کاتێکدا پارتە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی عێراق کەمکردنەوەی مافەکانی ئەم هەرێمەیان کردۆتــە بنەمای هەڵمەتــی هەڵبژاردن و هەوڵەکانــی کۆکردنــەوەی دەنــگ و بەدەســتهێنانی متمانــەی دەنگدەر، پرســیارەکە ئەوەیە ئەگەر پێشــێلکردنی مافی نەتەوەیەك ببێتە بابەتی ڕکابەری نێــوان پارتە سیاســییەکانی وڵاتەکە چ ئایندەیەك چاوەڕوانی ئەو وڵاتە دەکات؟**

- ئەمە پەیوەستە بە کێشەی ئیتنیەوە کە لە زۆرێك لــەو وڵاتانەی فرەیی ئیتنیان تێدایە پەنــا براوەتەبەر دیموکراســیەتی تەواوفوقــی، بــۆ نموونە لــە وڵاتانی بەلجیکا و سویسرا و لوبناندا، کە دەوڵەتە نەتەوەییەکــە وەك یەکەیەکی سیاســیی یەکگرتوو دەمێنێتەوە، بــەڵام بڕیارەکان لە سەر ئاستی مەحەلی دەردەکرێن. من دەزانم لە عێراقیشــدا کێشەی لەم جۆرە هەیە، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەســت بێت بە کوردســتانەوە، کە من پێم وایە ئەگەر مافی دەنگدان و بەشداری کردن نەدرێت بە کــوردەکان، ئەمە ســەرەڕای ئەوەی خاوەنی ئۆتۆنۆمیــن، ئەوا ناکرێت بڵێین لە عێراقدا دیموکراسیەتێکی تەواو هەیە یاخود هەنگاوی بۆ دەنرێت.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك دەوڵەتە دراوسێکان دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا دەکــەن، ئایــا تا چ ڕادەیــەك هەوڵی گۆڕینــی ئاراســتەی هەڵبژاردنەکان دەدەن؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاســت و دروستە، دەوڵەتە دراوســێکان هەوڵی دەستێوەردان دەدەن لــە ڕێی ئەو پارت و لایەنانەی کە پشــتگیریان لێدەکەن، بەڵام ئێمە نازانین چەند ســەرچاوەیان بۆ ئەمە مەبەســتە تەرخانکردووە و لەم ڕووەوە چیان کردووە، بەڵام لــە دەوڵەتە دیموکراســیدا نابێت دەســتێوەردانی دەرەکی هەبێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ئەو دەرفەتە بە خەڵك بدرێت بۆ ئەوەی بێ دەستێوەردان و کاریگەری هێــزە دەرەکییەکان بتوانن بڕیار لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی وڵاتەکەی خۆیان بدەن، لە ڕاستیدا یەکێك لە هەلومەرجە پێویستەکان بــۆ تێپەڕاندنی قۆناغــی ئینتیقالی بە شــێوەیەکی ســەرکەوتوو ڕێگە گرتن و سنوردارکردنی دەســتێوەردانی دەرەکییە، کە دەبێت لەم ڕووەوە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریکا بە ئەرکی خۆیان هەڵبســتن بۆ وەستاندنی ئەو دەستێوەردانانە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پرۆسەی بە دیموکراتیکردن پرۆسەیەکی دوورودرێژە و لەم پرۆسەیەشــدا دووچاری پاشەکشەش دەبین، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت کە ئەمە کاتێکی زۆری پێویســتە و لە هەمان کاتدا کار و کۆششێکی زۆریشی دەوێت.

**ڕاستە خەڵکانی وەڵاتە ئیسلامییەکان لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ نموونە یەکسانی نێوان پیاو ئافرەت، مەسەلەی هاوسەرگیری هاوڕەگەزەکان کەمتر لیبراڵن بە بەراورد بە وڵاتانی ئەوروپا، بەڵام لە مەسەلەی پشتگیری کردن لە دامەزراوە دیموکراسیەکان هیچ جیاوازیەکیان نییە**

**دەوڵەتە دراوسێکان هەوڵی دەستێوەردان دەدەن لە ڕێی ئەو پارت و لایەنانەی کە پشتگیریان لێدەکەن، بەڵام ئێمە نازانین چەند سەرچاوەیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە و لەم ڕووەوە چیان کردووە**



پرۆفیسۆر ئەلفرید کۆزان سەرۆکی بەشی حکومەت لە زانکۆی وێست فلۆریدا پسپۆرو تایبەتمەندە لە شێوازی حکومەت لە سیستمی دیموکراتی و ڕۆڵی پارتە



سیاسییەکان لە کارکردنی حکومەت و بونیادی دیموکراتیدا بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر کۆزان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

پارتە سیاسییەکان ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەران دەکەن

## ئەلفرید کۆزان بۆ گوڵان:

# دەبێت پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە گشتییەکان بکەن نەک بەرژەوەندییە تایبەتییەکان

*** یەکێك لە هەلومەرجەکانی ناسینەوەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتە کە تێیدا پارتە سیاسییەکان لە میانەی ململانێیەکانیاندا چوارچێوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان تێناپەڕێنن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن لەم چوارچێوەیەدا ململانێی لە سەر بەدەستهێنانی دەسەڵات بکەن؟**

- پارتە سیاسییەکان ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەران دەکەن، کە دەبێت بۆ ئەم مەبەستە بەرنامە و سیاسەتی خۆیان بۆ دەنگدەران ڕوون بکەنەوە، مەبەستم ئەوەیە بەرنامەی کاری خۆیان بخەنەڕوو بۆ هاوڵاتیان لە کاتی گەیشتنیاندا بە دەسەڵات، لە حاڵەتی وەرگرتنی دەسەڵاتیشدا دەبێت هەموو هەوڵ و توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی. لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو پاڵێوراوانەی دەستنیشانی دەکەن بۆ پۆستە حکومیەکان کەسانێکی بە کەفائەت و خاوەن ئەزموون و شارەزایی بن.

لە حاڵەتی وەرگرتنی دەسەڵاتیشدا دەبێت هەموو هەوڵ و توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پارتە سیاسییە ڕکابەرەکان یەکتر ڕەتدەکەنەوە، هەروەها بە گیانی لێبوردەیی و یەکترقبوڵکردنەوە مامەڵە لەگەڵ یەکدا ناکەن، لە هەمان کاتدا لە کاتی ململانێکاندا چوارچێوەی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان تێدەپەڕێنن، پریسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین کەلتوری لێبوردەیی و قبوڵکردنی جیاوازی و ململانێی ئاشتیانە لەم کۆمەڵگەیانەدا بنیات بنێین بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان؟**

- پارتە سیاسییەکان خاوەنی بنەما و مەرجەعییەتی جیاوازن، هەروەها زۆرجار هەڵوێستەکانیان لە ئاست مەسەلەیەکی دیاریکراودا زۆر لێکدوورە و زۆر لێکجیاوازە، ئەمە لە کاتێکدا بۆ تێپەڕاندنی یاسایەکی دیاریکراو لە دەسەڵاتی یاسادانانا دەبێت لایەنەکان پشت بە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لایەنەکانی دیکە ببەستن، ئەمەش ناچاریان دەکات سازش لەگەڵ یەکدا بکەن و هەوڵبدەن زەمینەیەکی هاوبەش بدۆزنەوە، کە لێرەدا دەبێت دەستوری وڵاتەکەش یارمەتیدەربێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت دەسەڵاتەکان دابەش بکات و ڕێگە نەدات پارتێکی دیاریکراو باڵادەست بێت بەسەر تێکڕای دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، بۆ ئەوەی پێویستیان بەیەکتری هەبێت و ناچاربن سازش لەگەڵ یەکدا بکەن و خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە لە نێو خۆیاندا.

*** چاودێرە سیاسییەکان پێیان وایە یەکێك لە ئامانجی پارتە سیاسییەکان گەشەپێدانی کۆمەڵگەیە، ئەمە لە کاتێکدا پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات خۆیان بونەتە کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەکانیاندا، بە پێی بیروبۆچونی ئێوە هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ڕەنگە ئەمە بۆ هەلو مەرجە تەقلیدییەکەی ئەو کۆمەڵگەیانە بگەڕێتەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە من پێم وانییە ئەرك و وەزیفەی پارتە سیاسییەکان مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگەکان

بێت، بەڵکو پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی و بیروبۆچونە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە فرەیی لە خۆدەگرێت و بیرورِا و بەرژەوەندیی جیاوازی تێدایە و دەبێت نوێنەرایەتی بکرێن، ئەمەش لە رِێی دارِشتن و دەرکردنی چەند یاسا و رِێسایەکەوە دەبێت کە کارلێکی نێوان لایەنەکانی کۆمەڵگە رِێکدەخات، کە دەبێت ئەم یاسایانە بەسەر هەمواندا جێبەجێ بکرێن بە چاوپۆشین لە پێگە و سەروەت و سامانی کەسەکان، کە ئەمەش پێی دەوترێت سەروەری یاسا، کەواتە دەبێت بوار بۆ بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگە برِەخسێنرێت بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن و نوێنەرایەتی بکرێن و نابێت پەنا بۆ پشتگوێخستن و سەرکوتکردنیان ببردرێت.

*** لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە نزیکە دەبێتەوە پارتە سیاسییەکان بە پێی کەلتوری دیموکراسی ململانێی لەگەڵ یەکدا ناکەن، بەڵکو دیموکراسی وەك چەکێك بەکاردەهێنین بۆ رِەتکردنەوەی یەکتر و پەکسختن و شکستپێهێنانی پرۆسە سیاسییەکە، ئایا لە هەلومەرجێکی لەم شێوەیەدا هەڵبژاردن چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- هەڵبژاردن توخمێکی گرنگی دیموکراسییە و لە رِاستیدا ناکرێت بێ بوونی هەڵبژاردن دیموکراسی لە ئارادابێت، لەگەڵ ئەوەشدا پارتە سیاسییەکان رِێکخستنێکن کە لە کۆمەڵە خەڵکێك پێکهاتوون و بەرنامە و بەرژەوەندی خۆیان هەیە و هەوڵدەدەن پەرە بەو بەرنامە و بەرژەوەندیانە بدەن، ئەویش لە رِێی گەیشتن بە دەسەڵاتەوە کە لەم حاڵەتەدا هەوڵدەدەن بەرژەوەندییەکانی خۆیان و لایەنگر و دۆست و خزم و خێزانەکانیان بهێننەدی، ئەگەرچی لە حاڵەتی میسالیدا دەبێت پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە گشتییەکان بکەن نەك بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، بەڵام ئەوە سروشتی ئینسانەکانە کە هەوڵی هێنانەدی و پەرەپێدانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیبدات، کە لێرەدا دەبێت دەسەڵاتەکان دابەشبکرێن و رِێگە لەوەبگیرێت تەنها پارتێکی دیاری کراو باڵادەست بێت بەسەر تێکرِای دامەزراوەکانەوە و هەموو دەسەڵاتەکان بۆ خۆی قۆرغ بکات.

*** هەرێمی کوردستان سەرەرِای ئەوەی بەشێکە لە عێراق، بەڵام بەشێکی ئارامە، ئەمە لە کاتێکدا پارتە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی عێراق کەمکردنەوەی مافەکانی ئەم هەرێمەیان کرۆدتە بنەمای هەڵمەتی هەڵبژاردن و هەوڵەکانی کۆکردنەوەی دەنگ و بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەر، پریسیارەکە ئەوەیە ئەگەر پێشێلکردنی مافی نەتەوەیەك ببێتە بابەتی رِکابەری نێوان پارتە سیاسییەکانی وڵاتەکە چ ئایندەیەك چاوەرِوانی ئەو وڵاتە دەکات؟**

- لە رِاستیدا هەمیشە جۆرێك لە گرژی دروست دەبێت لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمەکاندا، لە حاڵەتی عێراقیشدا ئەوە سیستمێکی نوێ و ئەوە دیموکراسەتێکی نوێیە و چارەسەربوونی ئەم حاڵەتە پێویستی بە کاتە، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا نزیکەی ١٠٠ ساڵی خایاند تاوەکو پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و ویلایەتەکان جێگیر و ئاسایی بوون، کە بە داخەوە یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە شەرِی ناوخۆییشی لێکەوتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە پێویستە بە کاتە بۆ ئەوە هەردوولا بگەنە زەمینەیەکی هاوبەش بە چەشنێك بەشێك لە داواکاری و خواستی هەردوولا بهێنێتەدی.

*** لەگەڵ نزیکبونەوەی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا توندوتیژی بەرەو هەڵکشان چووە، هەروەها پرۆسە سیاسییەکە لە خراپترین بارودۆخدایە، ئەمە لە کاتێکدا چاودێران پێشبینی ئەوە دەکەن رِێژەی توندوتیژی زیاتریش بێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت لە بارودۆخێکی لەم چەشنەدا هەڵبژاردنەکان بە پاکی و بە نەزیهی بەرِێوەبچن، ئایا چۆن ئەم هەڵبژاردنانە دەبنەهۆی دیاری ئایندەی وڵاتەکە؟**

- ئەمە تەنها تایبەتمەندی بارودۆخی عێراق نییە، بەڵکو توندوتیژی لە هەموو ئەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان بەرەو هەڵکشان دەچێت لە کاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکاندا، لەبەر ئەوەی هەموو لایەکان خۆیان پابەندناکەن بە گرتنەبەری رِێ و شوێنە دیموکراسییەکانەوە، بەڵکو پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، من پێم وایە ئاساییبوونەوەی ئەم بارودۆخە پێویستی بە کاتە، هەروەها رِەنگە یەکێك لە رِێگاچارەکان ئەوەیە کە لەبری چوار ساڵ جارێك دوو ساڵ جارێك هەڵبژاردن بکرێت لە عێراقدا، واتە لە ماوەیەکی کەمدا دەرفەت بۆ پارتە شکستخواردووەکان برِەخسێنرێت بۆ ئەوەی کار بۆ بەدەستهێنانەوەی متمانەی دەنگدەران بکەنەوە و خەڵکیش زیاتر مومارەسەی ئەم پرۆسەیە بکەن. ئەوەش رِاستە دەوڵەتە دراوسێکانیش بەرژەوەندیان هەیە لەکاریگەربوون بەسەر ئەم پرۆسەیەوە. لە رِاستیدا لە ئەمەریکاشدا لە سەرەتادا ئەم ترس و نیگەرانیە لای دامەزێنەرانی ئەمەریکا هەبوو لە ئاست فەرەنسا و ئینگلتەرا کە لەو سەردەمەدا زۆر بەهێز وون بە بەراورد بە ئەمەریکا، نیگەرانییەکە ئەوەبوو هەوڵی ئەوە بدەن دەسترۆیشتوی و نفوزی خۆیان درێژبکەنەوە و کاریگەربن لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا.

*** دوا وتەت چییە؟**

من چەند رِاسپاردەیەکم هەیە، یەکەمیان ئەوەیە دەسەڵات دابەش بکەن لە نێوان حکومەتی مەرکەزیی و پارێزگاکاندا، هەروەها لە نێو مەرکەز و پارێزگاکانیشدا بۆ ئەوەی هیچ لایەك تێکرِای دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا کۆنەکاتەوە، دووەم ئەوەیە زوو زوو هەڵبژاردنەکان دووبارە بکەنەوە، سێیەم ئەوەیە لەسەر ئاستی مەحەلی ئۆتۆنۆمی پیادە بکەن، بۆ نموونە لەسەر ئاستی پارێزگاکاندا، بۆ ئەوەی خەڵکی خۆیان کاروباری خۆیان بەرِێوەببەن.

**یەکێک لە رِێگاچارەکان ئەوەیە کە لەبری چوار ساڵ جارێک دوو ساڵ جارێک هەڵبژاردن بکرێت لە عێراقدا، واتە لە ماوەیەکی کەمدا دەرفەت بۆ پارتە شکستخواردووەکان برِەخسێنرێت بۆ ئەوەی کار بۆ بەدەستهێنانەوەی متمانەی دەنگدەران بکەنەوە**

پرۆفیسۆر دان سلاتەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی شیکاگۆ و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەرپرۆسەی دیموکراتیزەکردن و رۆڵی حزبە



سیاسییەکان لەو پرۆسە گرنگەدا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە پرۆفیسۆر سلاتەر بەمجۆرە بۆ گوڵان رای خۆی دەربڕی.

## پرۆفیسۆر دان سلاتەر بۆ گوڵان:

# لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەرژەوەندییان هەیە لە وروژاندن و جۆشدانی گرژی و ئاڵۆزییە ئیتنی، ئاینی و تائیفییەکان لە پێناو بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسیدا

**دەبێت کۆمەڵگەکانی رۆژهەلات هەوڵی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز بدەن، بۆ ئەوەی بتوانێت ئامرازێک بێت بۆ گەیاندنی خواست و ویستەکانی هاوڵاتیان و چاودێر و فشاربەر بێت بۆسەر دەسەڵات**

*** لایەنە سەرەکییەکانی عێراق بریتین لەچەندین حزبی سیاسیی کەنوێنەرایەتی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق دەکەن ئایا چۆن ئەم لایەنانە لەسەر خاڵی هاوبەش رێکدەکەون؟**

- کێشەکە ئەوەیە لە کۆمەڵگەیەکی وەك عێراقدا کە هەمەرەنگ و هەمەچەشنە دەبێت پارتە سیاسییەکان سەرەڕای نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی گروپ یان ناوچەکەیان ئەوا لە هەندێ مەسەلەی دیکەدا بە چەشنێك کاربکەن ببێتەهۆی هێنانەدی زەمینەیەکی هاوبەش لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا، لەبەر ئەوەی هەندێ مەسەلە هەن گەورەترن لە چوارچێوەی تائیفی، وەك ئەدای ئابووری وڵاتەکە، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان.

*** چۆن بتوانین کەلتوری لێبوردەیی و قبوڵکردنی جیاوازی و ململانێی ئاشتیانە لەم کۆمەڵگەیانەدا بنیات بنێین بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان؟**

- ترس و نیگەرانی من لە نەبوونی کەلتوری لێبوردەیی و یەکترقبوڵکردن نییە، مەبەستم ئەوەیە لە وڵاتێکی وەك عێراقدا بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژە خەڵکی سەرەڕای جیاوازییەکانیان لەگەڵ یەکدا ژیاون و مامەڵەیان کردووە، لەم روانگەیەوە من پێم وایە کێشەکە لە پارت و لایەنە سیاسییەکاندایە کە بەرژەوەندییان هەیە لە وروژاندن و جۆشدانی گرژی و ئاڵۆزییە ئیتنی، ئاینی و تائیفییەکان، ئەمەش لە پێناو بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسیدا، کە مەترسییەکە لەوەدایە هەر کاتێك سیاسەتکردن و ململانێکە لە چوارچێوە تائیفی و ئیتنییەکاندا قەتیس بوو ئەوا پاڵنەرەکانی سازش و رێککەوتن کەمدەبنەوە، کەواتە کێشەکە زیاتر لە خودی سیاسییەکان و پارتە سیاسییەکاندایە.

*** چاودێرە سیاسییەکان پێیان وایە یەکێك لە ئامانجی پارتە سیاسییەکان گەشەپێدانی کۆمەڵگەیە، ئەمە لە کاتێکدا پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات خۆیان بونەتە کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەکانیاندا، بە پێی بیروبۆچونی ئێوە چییە هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەرێتەوە؟**

- ئەوەی ئێوە وەسفی دەکەن تەنها پەیوەست نییە بە وڵاتێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەمە لە وڵاتانی رۆژئاواشدا روویداوە، بۆ نموونە زۆرێك لە کەسایەتییەکانی ناو پارتی کۆماری ئەمەریکا کە خاوەنی سەروەرت و سامانێکی زۆرن هێندە بەرژەوەندی گشتی بە هەند هەڵناگرن، هەروەها کۆمپانیاکانی دەستەبەری

تەندروستیش تەنها بایەخ بە قازانجی خۆیان دەدەن، نەك بە ئامانجی بەدەستهێنانی چاودێری تەندروستی لە لایەن هاوڵاتیانی ئەمەریکاوە، کەواتە کێشەی ڕێگرتن لەو گۆڕانکارییانەی لە بەرژەوەندی خەڵکدان لەلایەن کەسە دەسترۆشتووەکانی کۆمەڵگەوە کێشەیەکی ڕۆژهەڵاتی یان ڕۆژئاوایی نییە، بەڵکو کێشەیەکی سیاسییە. هۆکاری ئەوەیی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان توانیان بەرەوپێشبچن، ئەوەیە خەڵکی توانیوانە باشتر خۆیان ڕێکبخەن و فشار لەسەر دەسەڵات دروست بکەن، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدان نەتوانن کۆنترۆڵی هەموو شتێك بکەن لە بەرژەوەندی خۆیان. کە من پێم وایە دەبێت لەم ڕووەوە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات هەوڵی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز بدەن، بۆ ئەوەی بتوانێت ئامرازێك بێت بۆ گەیاندنی خواست و ویستەکانی هاوڵاتیان و چاودێر و فشاربەر بێت بۆسەر دەسەڵات بۆ ئەوەی نەتوانێت داواکاری خەڵك فەرامۆش بکات.

*** لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە نزیکە دەبێتەوە پارتە سیاسییەکان بە پێی کەلتوری دیموکراسی ململانێی لەگەڵ یەکدا ناکەن، بەڵکو دیموکراسی وەك چەکێك بەکاردەهێنین بۆ ڕەتکردنەوەی یەکتر و پەکسختن و شکستپێهێنانی پرۆسە سیاسییەکە، ئایا لە هەل و مەرجێکی لەم شێوەیەدا هەڵبژاردن چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- من هیوادارم ئەم هەڵبژاردنانە ببنە دەرفەت و بۆنەیەك بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ئەو بەرپرس و سیاسیانە لە دەسەڵات دووربخەنەوە کە ئەدایەکی باشیان نەنواند لە ڕابردوودا، هەروەها ئومێدەوارم ببێتەهۆی هێنانەئارای حکومەتێك کە هاوڵاتیان بتوانن خواست و داواکارییەکانی خۆیانی بۆ بەرزبکەنەوە و حکومەتەکەش لە ئاست چاوەڕوانی و ئومێدی خەڵکەکەدا بێت، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی دیموکراسی ئەوەیە حکومەت بترسێت لە نائومێدکردن و پشتگوێخستنی خواستەکانی خەڵك.

*** ئایا تاچەند ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا گرنگە؟**

- ئێمە دەزانین هەرێمی کوردستانیش دەنگدەدات و بەشداری لەم پرۆسەیەدا دەکات، واتە کوردەکانیش نوێنەریان دەبێت لە حکومەتی مەرکەزیدا کە من ئومێدەوارم بە بەشداری کوردەکان لە پێکهێنانی حکومەتی مەرکەزیدا ببنەهۆی ئەوەی دەنگە تونڕەوەکان بەرەو کرانەوە و میانڕەوی زیاتر ببەن، چونکە ئەوەی سیاسییەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق بایەخی پێدەدەن پێشێلکردنی مافەکانی کورد نییە، بەڵکو ئەوان ململانێی و ڕکابەری دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی دەسەڵات. لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکانیش بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە و ئومێدەوارم وەك شەریکێکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت لە حکومەتی عێراقیدا و نوێنەری کوردەکانیش لەو حکومەتەدا بتوانن کارو کۆشش بۆ پاڵپشتی و بەدیهێنانی بەرژەوەندی خەڵکەکەی خۆیان بکەن.

*** ڕاوبۆچونت چییە لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان ؟**

- هەمیشە لە ئەمەریکادا باس لەوە دەکرێت کە جۆرج بۆش شەڕی عێراقی کرد بۆ ئەوەی وڵاتێکی سەرکەوتوو دیموکراسی بنیاتنبێت، بەڵام ئەمە تەنها لە کوردستاندا ڕوویدا، کە ڕەوشێکی ئارامی هەیە و کاروبارەکانی خۆی بە باشی بەڕێوەدەبات، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئاوێتەبکرێتەوە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق، ئەمەش کارێکی سەختە. من پێم وایە ڕێگاچارەکە ئەوەیە هەر لایەنێك نوێنەری خۆی هەبێت و ڕێژی لەم نوێنەرانەش بگیرێت و سیاسەتی حکومەتی وڵاتەکە بەرژەوەندی گشتی بکاتە بنەما، نەك بەرژەوەندی گروپێکی دیاری کراو لەبەرچاوبگیرێت.

*** ئایا دەکرێت لە بارودۆخێکی لەم چەشنەی عێراقدا هەڵبژاردنەکان بە پاکی و بە نەزیهی بەڕێوەبچن، ئایا چۆن ئەم هەڵبژاردنانە دەبنەهۆی دیاری ئایندەی وڵاتەکە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم دەکرێت ئاراستەی هەڵبژاردن بە هەر ئاقارێکیدا بڕوات، مەبەستم ئەوەیە ناکرێت بڵێین لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا سەرهەڵدانی کێشە دەبێتە شتێکی حەتمی، یاخود بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت مەحاڵە کێشە دروست بێت، لەبەر ئەوەی هەندێ جار هەڵبژاردنەکان دەبنەهۆی کەمبونەوەی پەنابردنەبەر توندوتیژی، هەندێ جاریش لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا توندوتیژی بەکار دەهێنرێت. گرنگ ئەوەیە ئیجماعێك دروست بێت لەسەر ئەوەی پەنابردنەبەر توندوتیژی زیان بە هەموولایەك دەگەیەنێت.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك دەوڵەتە دراوسێکان دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا دەکەن، ئایا تا چ ڕادەیەك هەوڵی گۆڕینی ئاراستەی هەڵبژاردنەکان دەدەن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم دەوڵەتانە هەوڵی ئەوەدەدەن کاریگەری و دەسترۆشتوی خۆیان لە عێراقدا درێژپێبدەن و ئەمەش یەکێکە لە لایەنە خراپەکانی شەڕ و داگیرکاری کە سەرەتا ئەمەریکا دەستێوەردانی کرد و دواتر دەوڵەتە دراوسێکان، ئێستاش ئەمە بۆتە تەحەددایەکی گەورە لە بەردەم عێراقییەکاندا کە لە هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان و بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکەدان.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەم هەلومەرجەدا پرۆسەیەکی دژوار و مەترسیدارە، بەڵام ئەنجامنەدانیشی چارەسەرنییە بۆ کێشەکان، ڕەنگە هۆکار و پاڵنەری ئەوەهەبێت کە بەهۆی هەڵکشانی توندوتیژییەوە هەوڵی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکان بدرێت، بەڵام ئەمە نابێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکان.

**لە ئەمەریکادا باس لەوە دەکرێت کە جۆرج بۆش شەڕی عێراقی کرد بۆ ئەوەی وڵاتێکی سەرکەوتوو دیموکراسی بنیاتنبێت، بەڵام ئەمە تەنها لە کوردستاندا ڕوویدا، کە ڕەوشێکی ئارامی هەیە و کاروبارەکانی خۆی بە باشی بەڕێوەدەبات**

**ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەم هەلومەرجەدا پرۆسەیەکی دژوار و مەترسیدارە، بەڵام ئەنجامنەدانیشی چارەسەرنییە بۆ کێشەکان**